# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٣١)- (٢٣)ی ئەیلوولی ٢٠٢٤


خوێندنەوەیەکی ئەرکیۆلۆژیانە بۆ پرۆسەی ڕیفراندۆم

## ڕیفراندۆم شکاندنی ترس و بەهێزکردنی ئیرادەی بڕوابەخۆبوون






# سەردانی لوبنان ١٣ی نیسانی ٢٠١٠

١٣٢

لە درێژەی چالاکییە دیپلۆماسییەکانماندا بۆ سەردانی وڵاتانی ناوچەکە، ڕۆژی ١٣ی نیسانی ٢٠١٠، لە فڕۆکەخانەی بەیرووت، سەعد حەریری، پێشوازیی لێ کردین. کۆبوونەوەیەکی زۆر دۆستانە و خۆیانەمان ساز دا، هەروەها لە ماڵی سەعد حەریری چاومان بە فواد سنیۆرە و ئەمین جومەیل و سەمیر جەعجەع کەوت. لە دانیشتنەکەدا گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا بەتایبەتی و پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی عێراق کرا و، ئاماژەم بەوە کرد کە هەرچەند مافی ئەیاد عەلاوی بوو پۆستەکە وەربگرێت، بەڵام لە ڕێگەی دادگای ئیتحادییەوە بە دۆزینەوەی فێڵێکی شەرعی مافەکەیان لە ئەیاد سەندەوە، بەداخەوە کە ئەمەریکا و ئێران کۆک بوون لەسەر ئەوەی ئەیاد عەلاوی پۆستەکە وەرنەگرێت، ئێستاش هەوڵ دەدەین حکوومەتێکی ئیئتیلافی پێک بهێنرێت.

هەر لە دیدارەکەدا، سەعد حەریری باسی چۆنیەتیی شەهیدبوونی باوکی کرد. دواتر سەردانی گۆڕی ڕەفیق حەریریمان کرد و وەک ڕێزگرتن تاجەگوڵینەمان لەسەر مەزارەگەی دانا.[1] لە درێژەی سەردانەکەماندا بۆ لوبنان چاومان بە نەبیهبری سەرۆکی پەرلەمانی لوبنان کەوت. هەروەها لەلایەن میشل عۆن، سەرۆکی لوبنانیشەوە پێشوازیمان لێ کرا. لە کۆبوونەوەکاندا باس لە بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا و دەرەوە و ژیان و گوزەرانی ئەو لوبنانییانە کرا کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن. لە کۆبوونەوەکاندا دڵنیام کردنەوە کە هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ دەکەین.

لە کۆبوونەکەدا نبیهبری ڕایگەیاند: (ئێمە، لوبنانییەکان، وەک پەرەسێلکە واین، لە هەر شوێنێک دەرفەتی کار هەبێت بە کۆ ڕووی تێ دەکەین و ئەگەر هەستمان بە هەڕەشە و مەترسی کرد، یان دەرفەتی کار نەمێنێت، هەموومان پێکەوە شوێنەکە بەجێ دەهێڵین).

هەموو بەرپرسانی لوبنانی کە لەگەڵیاندا کۆ بووینەوە سوپاسی هەرێمی کوردستانیان کرد بۆ ئەو هاوکاری و ئاسانکارییانەی پێشکەش بە لوبنانییەکانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان کراوە.

---

(١) کورد لە لوبنان لە ناسنامەی لوبنانی بێبەش بوون و چەندان ساڵ بوو هەوڵی بەدەستهێنانی ناسنامەیان دەدا، دوای ئەوەی شەهید ڕەفیق حەریری پۆستی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی وەرگرت. نامەیەکم بۆ نووسی لەم بارەیەوە، دوای ئەوە و بەر لە شەهیدبوونی بڕیاری دا ڕەگەزنامەی لوبنانی بە کوردەکانی دانیشتووی لوبنان بدرێت.



# ریفراندۆم

## شکۆی ئیرادەی گەل

د. ئاگرین عەبدوڵڵا :



**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا (٥٩٤) پرۆژەی ڕێگەوبان بە تێچووی زیاتر لە (٩٥٤,٨١٩,٠٠٠) دینار جێبەجێ کراون**

ئەندازیار ئاری ئەحمەد قادر :



**پرۆژەی ئاوی فریاگوزاریی خێرای شاری هەولێر بڕی (٤٧٩) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە و لە چارەسەرکردنی گرفتی کەمئاویدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت**

ڕێبین زەنگەنە :



**پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی بەم نزیکانە دەگاتە ناو سەنتەری شارەکانیش**

پرۆفیسۆر کریستۆفەر فێتەویس :



**تەقاندنەوەی ئامێری پەیجەرەکان هێرشێکی تەکنەلۆژیی مەزندە بۆنەکراو و تاسێنەر بوو**





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
***Web: www.gulanmedia.com***

سەمیرە حەسەن حەمید هیرانی :



**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کردار گرنگییەکی زۆریان داوە بە پەروەردە و فێرکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەم کەرتە**

جوان ڕەفیق فەتحوڵڵا :



**لە کابینەی نوێیەمدا بنەساڵاوە و سنوورەکەی نزیکەی (٣٠)ملیار دیناری بۆ خەرج کراوە**

دونیا موحەرەم :

**پێویستە لە فیلم و دراما کوردییەکاندا کلتووری کوردی نەبەزێنرێت**



بێریڤان بێخود :

**سەرکەوتن لای من واتا بەردەوامبوون و کۆڵنەدان تا دەگەمە ئامانجەکەم**



**تاقیگەیەکی گەڕۆک لە ناو پەنجەکانتدا**



**زیانە تەندروستییەکانی پاککەرەوەکانی ناوماڵ**



**تۆرباینی گەشتەوزە لە کوردستان دروست دەکرێت**







## خوێندنەوەیەکی ئەرکیۆلۆژیانە بۆ چەمکی ڕیفراندۆم

# شکۆی ئیرادەی گەل لە فیکر و عەقیدەی بارزاندا

### ● ئیرادەی خەڵك
### وەك سەرچاوەی هزر

توێژەرانی مێژوویی فیکر و فەلسەفە، پرسیارێکی زۆر گرنگیان وروژاندووە و دەپرسن: «بۆچی فیکر و فەلسەفە لە یۆنان سەریهەڵدا، بەڵام لە ئاسپارتای دراوسێی سەری هەڵنەدا؟» توێژینەوە تازەکانی سەدەی بیست و یەکەم لە وەڵامی ئەم پرسیارە پێمان دەڵێن: «لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك دەستەبژێر – نەك هەموو تاکەکانی گەل- ئەو پرسیارەیان وروژاند، چۆن ئەم دەوڵەتە شارە (پۆلس) بەڕێوەبەرین؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەو دەستەبژێرە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی پێویستە هاوشاریی «پۆلس پۆلیتیك» هەموویان پێکەوە بەشدار بن و گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی بەرنامەیەك بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتە شار دابنێن و، ئەو بەرنامەیەش دەبێتە کۆی بیروبۆچوونی هاوشارییەکان و پێی دەگوترێت سیاسەت، واتە «پۆلیتیکس».

چەمکی هاوشاری، یان هاووڵاتی لە مێژووی یۆنانی کۆندا ئەم مانایەی ئێستای نەبووە، کە هەموو تاکەکانی گەل، یان نەتەوە بە ژن و پیاوەوە بگرێتەوە، بەڵکو بە مانای ئەو «دەستەبژێرە» هاتووە، کە سیفەتەکانی هاووڵاتی لەو سەردەمەدا لەسەری پراکتیزە دەبوو و، گفتوی ئەو دەستەبژێرانە لە کۆبوونەوەیەکی کراوەدا بووە سەرچاوەی فیکر و فەلسەفە بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

یۆرگن هابرماس، فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانی سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسا گرێ دەداتەوە بەو وەرچەرخانەی لە هەیکەلییەتی فەزای گشتیی بۆرژوازی هاتووەتە ئاراوە. هابرماس، چەمکی «بۆرژواز»ی لەم کتێبە، وەك بزنێسمان و خاوەن سەرمایە بە کار نەهێناوە، بەڵکو وەك «خوێندەوار و ڕۆشنبیر» بە کاری هێناوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە، لەو سەردەمەدا تەنیا بۆرژواز و سەرمایەدارەکان توانای ئەوەیان هەبووە، منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە و ببنە خوێندەوار و ڕۆشنبیر. ئەم بیرمەندە گەورەیە بۆ کاریگەریی گفتوگۆی دەستەبژێری ڕۆشنبیر لە فەزای گشتی، هەوڵیداوە ئەم ئەزموونە سەرکەوتووەی فەزای گشتی بگوازێتەوە بۆ سەدەی بیست و گفتوگۆی ڕاستەقینە و ئازادی، فەزای گشتی بگێڕێتەوە بۆ ناو سیستمی لیبراڵ دیموکراتی و ئەمەشی ناو لێناوە: «دیموکرایەتی ڕاوێژکاری Deliberative Democracy-». ڕاشکاوانەتر هابرماس دەیەوێت بە هەموو جیهان بڵێت: «دیموکراتیەت تەنیا بریتی نییە لە سندوقی دەنگدان، بەڵکو پرۆسەیەکە بەردەوام پێویستی بە گفتوگۆ هەیە، بۆ بەرهەمهێنانی ڕاوێژی گرنگ لە فەزای گشتیدا».

لەسەر ئەم پاشخانە مێژووییەی فیکر و فەلسەفە، ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر تەکیەی تەریقەتی نەقشبەندیی بارزان بکەین، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠ ساڵ پێش ئێستا، هەموو کات ئەم تەکیە سەرچاوەیەك بووە بۆ بەرهەمێنانی هزر بە مانای «عیرفان»، هەروەها بیرمەند بە مانای «عارف».

لە کۆتاییەکانی سەدەی نوزدەهەم ئەم تەکیەیە فەزایەکی گشتیی بۆ «پیاوانی ئایینی، کەسایەتیی دیاری نیشتمانپەروەر» دروست کرد، کە ئەوانیش بۆ ئەو سەردەمە دەستەبژێر و خاوەن هزر بوون لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. ئەم تەکیەیە هەموویانی لە ناو فەزایەکی گشتیدا پێکەوە کۆکردەوە، بۆ ئەوەی وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارانە بدۆزنەوە: «بۆچی گەلی کوردستان بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆی خۆی نییە؟ ئەگەر بووینە خاوەنی دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆی کوردستان، چۆن ئەم نیشتمانە بەڕێوە بەرین؟ لە فیکر و عەقیدەی بارزاندا، بە درێژایی نزیکەی ١٥٠ ساڵی ڕابردوو، وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە مەرجدار کراوە، بەوەی دەبێت «گەلی کوردستان وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە و تەنیا ئیرادەی گەلی کوردستان ئەو مافەی هەیە، بڕیار لەسەر چارەنووس و شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم نیشتمانە بدات».

ئەم هزرە کە لە جوگرافیایەکی بچووکی بەشێکی کوردستان سەریهەڵدا، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەلایەن شیخ عەبدولسەلامەوە هەنگاوی کردەیی بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەڵگیراوە، هەر لەسەر ئەم پرسەش لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە لە سێدارە دراوە.

**ئەگەر هەڵوەستەیەک لەسەر تەکیەی تەریقەتی نەقشبەندیی بارزان بکەین، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠ ساڵ پێش ئێستا، هەموو کات ئەم تەکیەیە سەرچاوەیەک بووە بۆ بەرهەمێنانی هزر بە مانای «عیرفان»، هەروەها بیرمەند بە مانای «عارف»**

**له سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەلایەن شیخ عەبدولسەلامەوە هەنگاوی کردەیی بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەڵگیراوە، هەر لەسەر ئەم پرسەش لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە لە سێدارە دراوە**

**له سەردەمی مستەفا بارزانی و له ساڵی ١٩٤٣ جاری یەکەمین شۆڕشی نەتەوەیی و نیشتمانی به ناوی «شۆڕشی دووەمی بارزان» درا، ئەم شۆڕشە حکومەتی پادشایەتی ئەو سەردەمەی ناچار کرد، دانوستاندنی لەگەڵ بکات**

لە سەردەمی شێخ ئەحمەد بارزانیدا بووەتە نەعرەتەی شۆڕش و بە خەباتی چەکداری بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردستان کراوە و، هێزی ناردووە بۆ پاراستنی مەملەکەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید لە سلێمانی. لە سەردەمی مستەفا بارزانی و لە ساڵی ١٩٤٣ جاری یەکەمین شۆڕشی نەتەوەیی و نیشتمانی بە ناوی «شۆڕشی دووەمی بارزان» درا، ئەم شۆڕشە حکومەتی پادشایەتی ئەو سەردەمەی ناچار کرد، دانوستاندنی لەگەڵ بکات، کە ئەمەیان یەکەم خاڵی دەستپێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانە بۆ ئەوەی بە فەرمی باس لە مافەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ داگیرکارانی کوردستان بکات.

لە دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچرای مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٥ لەلایەن پێشەوا قازی محەمەدەوە، مستەفا بارزانی وەرچەرخانێکی گەورەی لە بیری نەتەوەیی دروست کرد و بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند: «کوردستان یەک کوردستانە و بە سنووری دەستکرد لێکتان جیا کردووەتەوە، بۆیە لەسەر هەر بستێکی خاکی کوردستان دەوڵەت دابمەزرێت، ئەوا هاووڵاتیانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە خوێنی خۆیان بەرگری لەو کۆمارە دەکەن». هەروەک چۆن لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی چوونە کۆماری کوردستان و بوون بە بەشێک لە سوپای پارێزەری کۆماری کوردستان.

ئەم هەڵکۆڵینە مێژووییە گرنگ بوو، بۆ ئەوەی دەروازەیەک بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە بورووژێنین بەوەی «ئایا شکۆی ئیرادەی گەل لە بیرکردنەوەی سەرۆک مەسعود بارزانیدا چ مانایەکی هەیە؟

## ● شکۆی ئیرادەی گەل

### لە بیرکردنەوەی سەرۆک بارزانیدا

پێش ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ و لە کۆنگرەی نۆیەم وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرێت، سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ ئیدرس بارزانیی هەمیشە لەیاد، بۆ ماوەی ١٧ ساڵ قوتابییەکی بەئەمەکی بەردەستی مستەفا بارزانی بووە و لەسەر دەستی ئەو ڕابەرە کاریزمایە فێری کاری سیاسی و دیپلۆماتی و پێشمەرگایەتی بووە و، یەکێک بووە لەو کاراکتەرە سیاسییە دیارانەی کە ڕۆڵی هەبووە لە داڕشتنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و، یەکێک لە بڕگە گرنگەکانی ئەو ڕێککەوتنەش بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسی ناوچە بەعەرەبکراوەکانی دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (دەرەوەی هەرێمی ئێستا) ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بووە و، لە ساڵی ١٩٧١ یەکەمین تاقیکردنەوەی ڕیفراندۆم لە شاری مەندەلی ئەنجام دراوە بۆ سەلماندنی کوردستانییەتی مەندەلی، بەڵام ئاکامی ئەو تاقیکردنەوەیە بە دڵی ڕژێمی بەعس نەبوو، بۆیە ڕێگە نەدرا لە ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەنجام بدرێتەوە.

سەرۆک بارزانی لە یەکەم ئەزموونیدا وەک سەرۆکی شاندی بەرەی کوردستانی بۆ دووبارە درێژپێدانەوە بە دانوستانەکان لەگەڵ ڕژێمی بەعس و سەدام لە ساڵی ١٩٩١، زۆر ڕاشکاوانە بە سەدام حوسێنی سەرۆک کۆماری ئەو کاتی عێراقی گوتبوو: «ئێمە وەک شاندی بەرەی کوردستانی دانوستاندن دەکەین، بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠، لەم دانوستاندنانە ئەگەر گەیشتنە ڕێککەوتنیش، ئەوا ئەو ڕێککەوتنەکە نابێتە فەرمی و کاری پێناکرێت هەتا گەلی کوردستان پێی ڕازی نەبێت و پەسەندی نەکات»، ئەمەش یەکەمجار بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، ڕابەرێک بە نوێنەرایەتیی هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان ڕاشکاوانە بە لایەنی بەرانبەر بڵێت: «شکۆ و ئیرادەی خەڵکی کوردستان» لە سەرووی ئیرادەی هەموو حزبە سیاسییەکانەوەیە.

ئەزموونی دووەمی سەرۆک بارزانی بۆ گەڕانەوەی بۆ «ئیرادەی گەل»، دوای کشانەوەی دامودەزگا کارگێڕییەکانی دەوڵەتی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە ساڵی ١٩٩١ و دوای سەرنەکەوتنی دانوستاندنەکانی بەرەی کوردستانی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠، بەرجەستە دەبێت، کە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کارگێڕییانەی دروست بووبوون، سەرۆک بارزانی پێداگریی لەسەر ئەوە

**لە دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچرای مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٥ لەلایەن پێشەوا قازی محەمەدەوە، مستەفا بارزانی وەرچەرخانێکی گەورەی لە بیری نەتەوەیی دروست کرد و بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند: «کوردستان یەک کوردستانە و بە سنووری دەستکرد لێکتان جیا کردووەتەوە»**

**لە ساڵی ١٩٧١ یەکەمین تاقیکردنەوەی ڕیفراندۆم لە شاری مەندەلی ئەنجام دراوە بۆ سەلماندنی کوردستانییەتی مەندەلی، بەڵام ئاکامی ئەو تاقیکردنەوەیە بە دڵی ڕژێمی بەعس نەبوو، بۆیە ڕێگە نەدرا، لە ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەنجام بدرێتەوە**

**سەرۆک بارزانی پێداگری لەسەر ئەوە کرد، نابێت دەسەڵاتی شۆڕشگێڕیی بەرەی کوردستانی جێگەی «ئیرادەی گەل» بگرێتەوە، بۆیە پێشنیاری بۆ بەرەی کوردستانی کرد، بەوەی پێویستە بە ڕێگەی هەڵبژاردن و لە چوارچێوەی شکۆی ئیرادەی خەڵکی کوردستان دووبارە ئەو دامەزراوانە بونیاد بنرێنەوە**




**ئامانجی سەرۆک بارزانی ئەوە بوو لە ناو دەستووری عێراقدا «ئیرادەی گەلی کوردستان» زیندوو بێت و خاوەنی شکۆی خۆی بێت لە دیاریکردنی چارەنووسی گەل و خاکی کوردستاندا**

کرد، نابێت دەسەڵاتی شۆڕشگێڕیی بەرەی کوردستانی جێگەی «ئیرادەی گەل» بگرێتەوە، بۆیە پێشنیاری بۆ بەرەی کوردستانی کرد، بەوەی پێویستە بە ڕێگەی هەڵبژاردن و لە چوارچێوەی شکۆی ئیرادەی خەڵکی کوردستان دووبارە ئەو دامەزراوانە بونیاد بنرێنەوە، کاتێك بەرەی کوردستانی ئەم پێشنیارەیان پەسەند کرد، سەرۆك بارزانی ڕایگەیاند: «ئەمرۆ خۆشترین ڕۆژی ژیانی منە».

لە بیرکردنەوەی سەرۆك بارزانیدا، ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە دوای ڕاپەرینە شکۆدارەکەی بەهاری ١٩٩١ بریتی نییە لە «ململانێی حزبی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات»، بەڵکو یەکەمین هەڵبژاردنی کوردستان بریتی بوو لە:

یەکەم: بۆ یەکەمین جار بوو خەڵکی کوردستان بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە پێکەوە ڕوو دەکەنە سندوقەکانی دەنگدان و بە ئیرادەی ئازادانەی خۆیان ئەو بۆشاییە کارگێڕییانە پڕ دەکەنەوە، کە ڕژێمی بەعس لە کوردستان دروستی کردبوو.

دووەم: لە ساڵی ١٩٩١ کاتێك هەڵبژاردن لە کوردستان ئەنجام درا، پرۆسەی فراوانبوونی دیموکراتی هێشتا لە قۆناغی «شەپۆلی سێیەم»دا بوو، چەمکی سیستمی دیموکراتی بە تەواوی دەوڵەتانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا « دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست» نامۆ بوو، بە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بە «تورکیا و مالیزیا»شەوە بە کردەیی ئەو



چەمکە بوونی نەبوو، بۆیە ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردن لە کوردستان، ڕیفراندۆمێکی میللیی سەرتاسەری بوو، بۆ ئەوەی جیهان ئیرادەی میللەتێك ببینێت، کە دەیەوێت سەربەخۆ بێت و بە ئازادی بژی.

سێیەم: ئەم هەڵبژاردنە پرەنسیپێکی لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان چەسپاند، بەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان چارەنووسی ئەم نیشتمانە و شێوازی بەڕێوەبردنی حوکمڕانی دیاری دەکات، نەك حزبە سیاسییەکان.

لە چوارچێوەی ئەم بیرکردنەوە قووڵەدا بۆ «شکۆی ئیرادەی گەل» لەگەڵ ئەوەی خۆی کاندید بوو بۆ ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێك بوو لە حزبە سیاسییەکانی بەشداربووی ئەو هەڵبژاردنە، بەڵام سەرۆك بارزانی بێجگە لە بانگەشەکردنی بۆ سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکە کە دووپاتی دەکردەوە «سەرکەوتنی ئەم هەڵبژاردنە سەرکەوتنی ئیرادەی گەلی کوردستانە»، هیچ بانگەشەیەکی بۆ خۆی و بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان نەکرد.

### ● پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری عێراق دووربینیی لۆژیکی سەرۆك بارزانی

پێش ڕووخانی ڕژیمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ بە یەك دوو ساڵ، هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی چڕکرابوونەوە لەسەر یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان، بۆ ئەمەش پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە چوارچێوەی

**ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردن لە کوردستان، ڕیفراندۆمێکی میللی سەرتاسەری بوو، بۆ ئەوەی جیهان ئیرادەی میللەتێک ببینێت، کە دەیەوێت سەربەخۆ بێت و بە ئازادی بژی**

ڕێککەوتنی واشنتۆن بە تەواوەتی ئاسایی کرابوونەوە و پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی یەکێتی گەڕابوونەوە بۆ پەرلەمان، لەگەڵ ئەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی هەتا ٢٠٠٥ یەکیان نەگرتبووەوە، بەڵام پەرلەمان ڕێك خرابووەوە و سەرۆکی پەرلەمان لای یەکێتی بوو، ئەمەش زەمینەیەکی لەباری هێنابووە ئاراوە، بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بتوانێت:

١- لە ناو کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا، کوردستان بە هەڵوێستێکی یەکگرتوو بەشداری بکات و پێش ئەوەی ڕژێمی بەعس بڕووخێت، مافەکانی گەلی کوردستان لە ئەجێندای لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق ددانی پێدا نرابێت و کە گەیشتە دەسەڵات ڕێز لە مافەکانی گەلی کوردستان بگرن.

٢- هەر پرۆسەیەکی سەربازیی نێودەوڵەتی هاتە ئاراوە بۆ ڕووخاندنی بەعس، لایەنی کوردستانی بە یەك هەڵوێست بەشداری تێدا بکەن و بە یەك هەڵوێست گفتوگۆ لەگەڵ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعس بکەن.

ئەم دوو خاڵە بە سەرکەوتوویی پێش ڕووخانی ڕژێم، هەم لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و هەمیش لە پرۆسەی سەربازیی نێودەوڵەتی بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعس جێبەجێ کران و، ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەی نێوماڵی کوردستان پێگەی کوردستانی لە پرۆسەی سیاسیی تازەی عێراقدا زۆر بەهێز کرد.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق و دەستپێکردنەوەی هەوڵەکان بۆ دووبارە بونیادنانەوەی عێراق، ئامانجی سەرۆك بارزانی ئەوە بوو، هەر لە دەستپێکی داڕشتنی «یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت»ی سەردەمی پۆل بریمەری حاکمی مەدەنیی ئەمریکی لە عێراقدا، مافەکانی گەلی کوردستان بچەسپێنرێت، بۆ ئەمەش پێداگری کرا لەسەر دانانی ماددەی ٥٨ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، هەروەها مانەوەی هێزی پێشمەرگە وەك هێزێکی نیشتمانی و پارێزەری کوردستان، ئەمەش وەك زەمینەڕەخساندنێك بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لەو دەستوورەی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن عێراقییەکانەوە پەسەند کرا.

لە پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا کە لە ساڵی ٢٠٠٤ـەوە دەستی پێکرد، سەرۆك بارزانی زۆر دووربینانە سەیری داڕشتنی ماددە و بڕگەکانی ئەو دەستوورەی دەکرد، بۆ ئەمەش چەند هەنگاوێکی گرنگی هەڵگرت:

١- پاراستنی تەبایی و یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان بەگشتی و پاراستنی تەبایی و یەکڕیزیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

٢- دروستکردنی لێژنەیەکی ڕاوێژکاری لە پسپۆڕ و تایبەتمەندانی «یاسایی، دەستووری، زانستی سیاسی» لەسەر ئاستی پسپۆڕانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی هاریکاری و هاوکاریی شاندە سیاسییەکانی کوردستان بکەن، بەوەی چۆن مافەکانی گەلی کوردستان لە دەستوورەکەدا بچەسپێنن.

ئامانجی سەرۆك بارزانی ئەوە بوو لە ناو دەستووری عێراقدا «ئیرادەی گەلی کوردستان» زیندوو بێت و خاوەنی شکۆی خۆی بێت لە دیاریکردنی چارەنووسی گەل و خاکی کوردستاندا، بۆ ئەمەش ئەم چەند خاڵە چەسپێندران کە لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە هیچ دەستوورێکدا بوونیان نەبووە:

یەکەم: یەکپارچەیی خاکی عێراق گرێ دراوەتەوە بە جێبەجێکردنی ئەم دەستوورەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر ئەم دەستووره جێبەجێ نەکرا، ئەوە هیچ گەرەنتییەك بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق نامێنێت.

دووەم: هیچ هەموارێکی ئەم دەستووره قبووڵ نەکرێت، ئەگەر لەلایەن (دوو لەسەر سێی)ی پارێزگاوە ڕەت کرایەوە.

ئەگەر سەرنج لەم دوو خاڵە بدەین، کە بە پێداگریی سەرۆك بارزانی و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی نێوماڵی کوردستان لە دەستوورەکەدا چەسپێنراون، ئەوا جارێکی دیکە ئەوەمان پێدەڵێتەوە، کە لە بیرکردنەوەی سەرۆك بارزانیدا ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی کوردستان دەدات، تەنیا ئیرادەی خەڵکی کوردستانە.

**لە دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق و دەستپێکردنەوەی هەوڵەکان بۆ دووبارە بونیادنانەوەی عێراق، ئامانجی سەرۆك بارزانی ئەوە بوو، هەر لە دەستپێکی داڕشتنی «یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت»ی سەردەمی پۆل بریمەری حاکمی مەدەنیی ئەمریکی لە عێراقدا، مافەکانی گەلی کوردستان بچەسپێنرێت**

**لە پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا کە لە ساڵی ٢٠٠٤ـەوە دەستی پێکرد، سەرۆك بارزانی زۆر دووربینانە سەیری داڕشتنی ماددە و بڕگەکانی ئەو دەستوورەی دەکرد**

**یەکپارچەیی خاکی عێراق گرێ دراوەتەوە بە جێبەجێکردنی ئەم دەستوورەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر ئەم دەستووره جێبەجێ نەکرا، ئەوە هیچ گەرەنتییەك بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق بوونی نامێنێت**

• عێراقی نوێ و
هەوڵەکان بۆ پێشێلکردنی دەستوور

لە دوای ساڵی ٢٠٠٥، کۆبوونەوەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت لە هەردوو کابینەی یەکەم و دووەمی حکومەتی عێراق لە کوردستانەوە ئەنجام دەدران. ئامانج لەو ڕێککەوتنانەی لە کوردستان دەکران و کۆی لایەنە سیاسییەکانی عێراق ئیمزایان لەسەر دەکرد، بۆ دووبارە بونیادنانەوە و تەواوکردنی هەیکەلەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق بوون، وەك دەوڵەتێکی «فیدراڵی و پەرلەمانی و فرەیی و دیموکراتی»، بەڵام ئەم ڕێککەوتنانە تەنیا هێندە ڕێزی لێدەگیرا، هەتا کابینەکەیان پێك دەهێنا، کە دەگەیشتنە دەسەڵات، نە کار بە دەستوور دەکرا، نە بەو ڕێککەوتنەشی کە ئیمزایان لەسەر کردبوو. ئەمە وای کرد کە بەردەوام کێشە و ناکۆکی لە نێوان سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و دەسەڵاتدارانی بەغدا هەبێت.

لە قۆناغی یەکەمدا لە ٢٠٠٥ – ٢٠١١ کە ماوەی پێکهێنانی کابینەی یەکەم و دووەمی حکومەتی عێراقی نوێ بوو، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان پارتی و یەکێتی هەبوو و پێکەوە فراکسیۆنی کوردستانیان هەبوو، لەگەڵ ئەوەی گوشارەکان زۆر بوون، بەڵام بازووی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەهێز بوو و نەدەتوانرا بە ئاشکرا خۆیان فەرز بکەن، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١١ و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و، دواتریش دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق، ئاراستەیەکی زۆر خراپ لە حوکمڕانیی کابینەی دووەمی نوری مالیکی دەرکەوت، کە نەك تەنیا هەنگاوهەڵگرتن بۆ دیکتاتۆریەت و دوورکەوتنەوە لە دەستوور بوو، بەڵکو بە هەموو پێوانەیەك عێراقی بەرەو دەوڵەتێکی شکستخواردووی مەزهەبگەرایی دەبرد، بۆیە لە نەورۆزی ٢٠١٢ سەرۆك بارزانی لە پەیامەکەیدا بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند: «ئێمە نابینە بەشێك لە دیکتاتۆریەت و بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی عێراق دەگەڕێینەوە بۆ گەلی کوردستان بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بڕیار بدات».

ئەم ئاراستەیەی کە نوری مالیکی لە دوای ساڵی ٢٠١٢ عێراقی پێ بەڕێوە دەبرد، تێکڕای هەموو ئەو دامەزراوانەی تووشی ئیفلیجبوون کرد، کە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوو بە ئیمکانیەتی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق بونیاد نرابوونەوە، گەیشتە ئەو ئاستەی کە توێژەران و بیرمەندانی جیهانی دەیانپرسی: «ئایا عێراق وەك دەوڵەتێکی شکستخواردوو لەبەر یەك هەڵوەشاوە، یان نە؟ لە ماوەی ساڵی ٢٠١٣ پاشاگەردانی لە ناو دەوڵەتی عێراقدا گەیشتە ئەو ئاستەی هیچ دامەزراوەیەك کاری نەدەکرد، بەتایبەتیش دامەزراوەی پۆلیس و ئاسایش و سوپا، تیرۆریستانی ئەلقاعیدە و پاشانیش سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش، شێوازی کارە تیرۆریستییەکانی خۆیان لە کاری خۆکوژییەوە گۆڕی بۆ هێرشی چەکداریی بەرفراوان بۆ سەر دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق، هەتا لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ بە یەکجار پێنج فیرقەی سوپا و پۆلیسی فیدراڵی لە پارێزگاکانی عەرەبی سوننە هەڵهاتن و بە بەهای زیاتر لە ٢٥ ملیار دۆلار چەکی پێشکەوتوویان بۆ تیرۆریستانی داعش بەجێ هێشت و هەر لە سنووری پارێزگای نەینەواوە هەتا دەروازەی بەغدا لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە داگیر کرا.

ئەم بارودۆخە ناسەقامگیر و پاشاگەردانییەی پارێزگاکانی عێراق، پاشان هاتنی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان و، دوای ئەوەش هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بوونە ڕێگر لەوەی پرۆژەیەك بۆ ڕیفراندۆم ساز بکرێت و گەلی کوردستان بڕیاری چارەنووسسازی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بدات.

هەر بۆیە کاتێك باس لە بەرواری ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دەکەین، وەك ساڵیادی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و دەنگدان بە «بەڵێ» بۆ سەربەخۆیی کوردستان، یادی ئەوە دەکەینەوە، کە ئەم بڕیارە مێژووییەی کە لە نەورۆزی ٢٠١٢ بە جیهان ڕاگەیەندراوە، ئەوەیە کە تەنیا سەرچاوەی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کوردستان «دەنگ و ئیرادەی» خەڵکی کوردستانە.

**لە نەورۆزی ٢٠١٢ سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیدا بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند: «ئێمە نابینە بەشێک لە دیکتاتۆریەت و بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی عێراق دەگەڕێینەوە بۆ گەلی کوردستان بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بڕیار بدات»**

**ئەم ئاراستەیەی کە نوری مالیکی لە دوای ساڵی ٢٠١٢ عێراقی پێ بەڕێوە دەبرد، تێکڕای هەموو ئەو دامەزراوانەی تووشی ئیفلیجبوون کرد، کە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوو بە ئیمکانیەتی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق بونیاد نرابوونەوە**

**هاتنی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان و، دوای ئەوەش هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بوونە ڕێگر لەوەی پرۆژەیەک بۆ ڕیفراندۆم سازبکرێت و گەلی کوردستان بڕیاری چارەنووسسازی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بدات**

# بانگەشەی هەڵبژاردن بە ئاکاری جوان و ڕێنمایی ژینگەییەوە

دیموکراسی بەهایەکی جیهانییە و پشت بە ئیرادەی گەلان دەبەستێت، بۆ ئەوەی ئازادانە گوزارشت لە ڕای خۆیان بکەن و، سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووریی خۆیان دیاری بکەن و، بەشداریی تەواویش لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا بکەن. نەتەوە یەکگرتووەکانیش حکومەتەکان هان دەدات، بۆ بەهێزکردنی ئەو پرۆگرامانەی کە لە ڕێگەی هاوکاریی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازییە پۆزەتیڤانەی کە دەکرێت وەك داهێنان چاویان لێ بکرێت لە پرۆسە و بواری باشتر بە دیموکراتیزەکردندا دیموکراسی چەسپاوتر دەکەن.

هەموو هاوڵاتییەکیش گرنگە بە ماف و ئەرکەکانی خۆی ئاشنا بێت، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە بە قۆناغێکی گواستراوەییدا تێپەڕ دەبن بەرەو دیموکراسییەکی باشتر، جا بە مەبەستی تێپەڕاندنی ماوەی یاسایی بانگەشەی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ئاسایی، دوو خاڵی سەرەکی پێویستن:

یەکەم: لە ڕووی ئاکاری گشتییەوە:

١- هەڵمەتی خۆناساندن هێمنی و ئارامیی پێویستە، نەك بانگەشەی توند.

٢- دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی موڵکی گشتی، چونکە بەکارهێنانی موڵکی گشتی و ئەو شتانەی کە هی هەمووانن بۆ بەرژەوەندیی تایبەت، جۆرێکە لە گەندەڵی.

١- پێویستە ڕێز لە سیمبولە نەتەوەیی و ئایینیی و سیاسییەکانمان بگرین و، نابێت بیرێزییان بەرانبەر بکرێت لە ژێر پەردەی هیچ پاساوێکدا.

٤- پێویستە ئاکار و ئەخلاقی کوردەوارییی خۆمان لە بەرچاو بێت بە بەردەوامی، چونکە کورد دەڵێت: «لەکاتی شەڕیشدا بەشی ئاشتی بهێڵەوە، یان کێو بە کێو ناگات، بەڵام مرۆڤ بە مرۆڤ دەگات و.. هتد.»

٥- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێویستە ئەوە ڕەچاو بکەین، کە نابێت لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا دەست بۆ نهێنی و ژیانی تایبەتیی یەکدی ببرێت، چونکە ئەوە وەك لە قەدەغەکراوە یاساییەکانە، قەدەغەکراوی کۆمەڵایەتییشە لە عورفی کوردەواریدا.

٦- پاڵێوراوان سوود لە ئەزموونی سەرکەوتووی وڵاتانی جیهان وەربگرن لە بواری بانگەشەی هەڵبژاردندا.

دووەم: لە ڕووی ژینگەییەوە:

بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان دوو مافی دەستووریی هەر هاووڵاتییەکدا کە یەکەمیان مافی خۆپاڵاوتن و دەنگدانە لە هەڵبژاردنێکی پاك و، دووەمیشیان مافی هەموو کەسێکە بۆ ژیان لە ژینگەیەکی سەلامەتدا، هەروەها پاڵپشت بە ماددەی ١٦ لە یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨ی پاراستن و چاککردنی ژینگە، پێویستە کۆمیسیۆن و کاندیدانی تاك و قەوارە



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

سیاسییەکان لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا پابەندی ئەم خاڵانە بن:

١- بە بەردەوامی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، حزبە سیاسییەکان ئاگادار بکانەوە، لەو سزا داراییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لە حاڵەتی سەرپێچیکردنی یاساکانی ژینگە و شارەوانیدا.

٢- پۆستەرەکان بە تێپ جێگیر بکرێن، نەك بە سیکۆتین، هەروەها بزمار بەکار نەهێنن بۆ داکوتینی لافیتە لەسەر درەختەکان و، بە لافیتەش درەختەکان دانەپۆشرێن، چونکە بەم کارە زیان بە درەختەکان دەگات و کرداری ڕۆشنەپێکهاتنیش کێشەی بۆ دروست دەبێت.

٣- جوانبینی و پاراستنی هەستی بینین ڕەچاو بکەن لە هەڵبژاردنی شوێنی هەڵواسینی لافیتەکانیاندا، چونکە بە هەڕەمەکی هەڵواسین، دەبێتە هۆی شێواندنی هەستی بینین.

٤- لافیتە و نووسینەکانیان لەسەر قوماش و کاغەز بن، نەك لەسەر فلیکس و نایلۆن، کە دواجار بە ئاسانی شی نابنەوە و زیان بە زۆرێك لە گیانەوەران و ڕووەك و خاکمان دەگەیەنن.

٥- زیادەڕەویی نەکەن لە بەهەدەردانی کاغەز و کارتۆندا، چونکە بە شێوەی سەرەکی کاغەز و کارتۆن بەرهەمی بڕینەوەی درەختەکانن.

٦- ماددەی پلاستیکی و نایلۆنی نەدرێتە دەنگدەر وەك بانگەشە، لە حاڵەتی گردبوونەوەی جەماوەرییشدا پێویستە هەڵسووڕاوانی هەمان لیست دەبەی ئاو و پاشماوەی شتەکان کۆ بکەنەوە، چونکە خاشاك زیان بە ژینگە و مرۆڤ دەگەیەنێت.

٧- بەکارنەهێنانی پارکە گشتییەکان و باخچەی نێو گەڕەکەکان بۆ بانگەشە.

٨- بەکارهێنانی شاشەی گەورەی ئەلکترۆنی و تەلەفزیۆنی لە شوێنە گونجاوەکاندا.

٩- هاندانی لیستەکان بۆ زیاتر بەکارهێنانی سایتە ئەلکترۆنییەکان و پەیجەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا.

١٠- کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ناوی ئەو لایەن و قەوارە سیاسییانە ئاشکرا بکات، کە پابەندی یاسا و ڕێنماییە ژینگەییەکان نابن.

١١- خۆ بەدوورگرتن لە بەکارهێنانی قافڵەی ئۆتۆمبێل وەك شێوازێکی بانگەشە، چونکە بەکارهێنانی هۆڕن زیان بە هەستی بیستن و باری دەروونیی هاووڵاتیان دەگەیەنێت و، دووکەڵی ئەگزۆزیش زیان بە کۆئەندامی هەناسەی مرۆڤەکان دەگەیەنێت.

١٢-کۆمیسیۆن هاوکار بێت لەگەڵ ڕێکخراوەکان و بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکاندا، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییە ژینگەییەکان بکەن.

٣- کۆمیسیۆن بە هاریکاری لەگەڵ میدیاکاندا هەوڵ بدات بۆ تێهەڵکێشکردنی بابەتەکانی ژینگەپارێزی لەگەڵ هەڵمەتی هەڵبژاردندا.

# بەبێ ئۆپۆزسیۆن دیموکراتییەت مانای نییە
# ماف و ئەرکەکانی ئۆپۆزسیۆن چین؟

**لە دەوڵەتانی دیموکراتیدا ئەو حزبە سیاسییانەی هاوپەیمانی پێک دەهێنن بۆ پێکهێنانی حکومەت، پێش هەموو شتێک لەسەر بەرنامەی حکومەتەکە و دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان ڕێک دەکەون و، هەرگیز پشت لەو حکومەتەی خۆیان ناکەن**

هەرێمی کوردستان دوای چەند هەفتەیەکی دیکە بەرەو بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەنگاو هەڵدەگرێت، کە ئومێدەوارین بە شەفافی و ئازادانە بەڕێوە بچێت، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن گەرەنتیی تەندروستی و شەرعییەتی پرۆسە دیموکراتییەکەیە.

کارێکی سرووشتییە لە هەموو هەڵبژارنێکدا هەندێك لە حزبەکان براوە دەبن و هەندێکیش دەدۆڕێن، سەرەنجامیش زۆرینە حکومەت پێك دەهێنێت و ئەوانەی دیکەش ئۆپۆزسیۆنبوون هەڵدەبژێرن.

ئەوەی لێرەدا بە گرنگی دەزانین، ئەوەیە کە پێویستە پرۆسەی سیاسیی ئەم جارە لەوانەی پێشوو جیاوازتر بێت، کە تیایدا ئەو حزبانەی بەشداریی هاوپەیمانیی پێکهێنانی حکومەتیان دەکرد، هەر کاتێك بەرژەوەندیی حزبییان بیخوازێت، هەر ئەو حزبانە دەبنە ئۆپۆزسیۆن.

ئاشکرایە لە دەوڵەتانی دیموکراتیدا ئەو حزبە سیاسییانەی هاوپەیمانی پێك دەهێنن بۆ پێکهێنانی حکومەت، پێش هەموو شتێك لەسەر بەرنامەی حکومەتەکە و دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان ڕێك دەکەون و، هەرگیز پشت لەو حکومەتەی خۆیان ناکەن، تەنیا لە یەك حاڵەتدا نەبێت، ئەویش ئەوەیە حکومەت پابەندی بەرنامەکەی خۆی نەبێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان زۆر لەدوای پێکهێنانی حکومەتەوە پرۆسە سیاسییەکە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و، حزبە بەشداربووەکانی حکومەت دەبن بە ئۆپۆزسیۆن و پۆستە وەزارییەکانیشیان بەدەستەوەیە، کە ئەمە دەرهاویشتەی زۆر نەرێنیی لەسەر پیادەکردنی دیموکراتی و سەرەنجامیش لاوازبوونی ئەدای حوکمڕانیی بەدوای خۆیدا هێناوە، کاریگەرییشی لەسەر ئاستی متمانەی هاووڵاتیانی بەرانبەر حزب و لایەنە سیاسییەکان لێ کەوتووەتەوە.

بێگومان ئەوەش ڕاستە، لەوانەیە هەندێك جار ئەو حزبانەی لە حکومەتدا بەشدارن، لە هەندێ بڕیار و سیاسەتدا ڕەخنە لە حکومەت بگرن، بەڵام لە هەمان کاتدا پشتگیریی حکومەتەکەی خۆشیان بکەن، کە چەندین بڕیار و یاسا تێپەڕێنێت و پابەند بێت بە هاوپەیمانییە سیاسییەکەوە، لە پێناوی بەرژەوەندیی باڵای گەل و نیشتماندا بەرگری لە پرۆسە سیاسییەکە بکات و، نەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە ببێتە هۆکارێك بۆ شکست و ڕووخاندنی پرۆسە سیاسییەکە، یان ڕێگەیەکی دیکە هەڵدەبژێرێت و لە حکومەت دەکشێتەوە و ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت، ئەوکات زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوی چاودێریی حکومەت دەکات و ڕەخنەی لێ دەگرێت و ئەڵتەرناتیڤی گونجاو بۆ چارەسەری کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو.

دیموکراتی بە بێ ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی نیشتمانی سەرکەوتوو نابێت و، ئۆپۆزسیۆن توخمی



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

سەرەکیی هەر پرۆسەیەکی ساخڵەمی دیموکراتییە، بەڵام ئەوەی لە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا دەیبینین و لە ناویدا دەژین، ئەوەیە هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان حزبەکانی فەرمانڕەوا و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆندا نییە و، ئەو حزبانەی کە فەرمانڕەوان و بەشدارن لە حکومەتدا، هەر دوای پێکهێنانی حکومەت بە ساڵێك، یان داوان دەبینین ڕۆڵێکی دوولایەنە دەگێڕن، لە لایەك بەشدارە لە حکومەت و لەلایەکی دیکەش ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەگێڕێت، بۆیە ناکرێت بڵێین تەنیا حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن بەرپرسیاریەتیی ئەم دەرهاویشتە خراپە لە ئەستۆ دەگرن، بەڵکو هەندێك لەو حزبانەی بەشدارن لە دەسەڵاتدا، هەوڵ دەدەن کە ڕۆڵی حزبە بچووکەکان لە حکومەت و پەرلەماندا پەراوێز بخەن.

خوازیارین ئەو حزبە کوردستانییانەی بەشداریی هەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، دیراسەتی ئەزموونەکانی ڕابردوو بکەن و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن، لە پێناوی یەك دروشمی دیاریکراودا، کە ئەویش «پاراستنی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان»ـە، هاوکات هەر حزبێك زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوی پیادەی ڕۆڵی خۆی بکات، ئەوجا دەبێتە یەکێك لەو حزبانەی کە حکومەت پێك دەهێنێت، یان دەبێتە ئۆپۆزسیۆن بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیانی کوردستان بە شێوەیەکی بێلایەنانە.

**ئۆپۆزسیۆن نابێ کارتۆنی بێت، دەبێت بەشداریی پرسە نیشتمانییەکان بکات**

گرنگە بوونی ئۆپۆزسیۆن لە ناوەوە و دەرەوەی پەرلەمان کارتۆنی نەبێت، بەڵکو دەبێت پیادەی هەموو ئەرکە نیشتمانییەکان بکات، لەوانە:

١- دەبێت بە شێوەیەکی شەفاف و بێلایەنانە چاودێریی ئەدای حکومەت بکات و، بەبێ زیدەڕۆیی و هاشوهوش، کەموکورتییەکان لە سیاسەتی دامەزراوەکانی حکومەتدا بۆ هاووڵاتیان ئاشکرا بکات و بەدیلی واقیعی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بخاتە ڕوو.

٢- بەرگری لە بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان و مافەکانی هاووڵاتیان بکات بەبێ جیاوازی و لایەنگری.

٣- بەشدار بێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی تێکڕای هاووڵاتیاندا و، کار بکات بۆ چەسپاندنی ڕۆشنبیریی گفتوگۆ و قبووڵکردنی ئەوی دی و، ئینتیمای بۆ گەل و نیشتمان هەبێت.

٤- بەشداری بکات لە گفتوگۆکانی یاسادانان لە ناوەوە و دەرەوەی پەرلەماندا و چارەسەری گونجاو بخاتە ڕوو.

٥- دەبێت بەرگری بکات لە فرەیی و دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و، دژی هەر جۆرە گەندەڵییەکی دارایی و کارگێڕی بێت.

**ئۆپۆزسیۆن توخمی سەرەکیی هەر پرۆسەیەکی ساخڵەمی دیموکراتییە، بەڵام ئەوەی لە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا دەیبینین و لە ناویدا دەژین، ئەوەیە هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان حزبەکانی فەرمانڕەوا و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆندا نییە**

**خوازیارین ئەو حزبە کوردستانییانەی بەشداریی هەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، دیراسەتی ئەزموونەکانی ڕابردوو بکەن و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن**

**ئۆپۆزسیۆن دەبێت بە شێوەیەکی شەفاف و بێلایەنانە چاودێریی ئەدای حکومەت بکات و، بەبێ زیدەڕۆیی و هاشوهوش، کەموکورتییەکان لە سیاسەتی دامەزراوەکانی حکومەتدا بۆ هاووڵاتیان ئاشکرا بکات و بەدیلی واقیعی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بخاتە ڕوو**

**ئۆپۆزسیۆن مافی هەیە ستراتیژ و ئامانجەکانی بخاتە ڕوو، بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ و بەربەستی یاسایی ڕەخنەی بابەتییانە لە دامەزراوەکانی حوکمڕانی بگرێت**

### ● مافەکانی حزبی ئۆپۆزسیۆن

زۆر گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی کۆمەڵێك مافی هەیە و پابەندە بە کۆمەڵێك ئەرکیشەوە، گرنگترین مافەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بریتین لە:

١- مافی هەیە ستراتیژ و ئامانجەکانی بخاتە ڕوو، بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ و بەربەستی یاسایی ڕەخنەی بابەتییانە لە دامەزراوەکانی حوکمڕانی بگرێت.

٢- وەك حزبێکی ئۆپۆزسیۆن لە ناو پەرلەماندا، مافی هەیە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت و گفتوگۆ لەسەر پرسە نیشتمانییەکان بکات و، زۆر شەفافانە دید و بۆچوونی خۆی لەسەر ڕەشنووسی پرۆژە یاساکان و بڕیارەکان دەربڕێت.

٣- وەك حزبێکی ئۆپۆزسیۆن دەبێت بە یاسا پارێزراو بێت و پارێزبەندیی پەرلەمانیی هەبێت بەرانبەر هەر دەستدرێژییەك و تەنگ پێهەڵچنینێکی ئاسایشی و میدیایی.

٤- دەبێت حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن مافی دەستڕاگەیشتنیان بە زانیاری و دیکۆمێنتەکان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت وەك پێویست چاودێریی ئەدای حکومەت بکات، هەروەها ئەو حزبە ئۆپۆزسیۆنانەی لە ناو پەرلەمانن، مافی ئەوەیان هەیە دوای بانگهێشتکردنی ئەندامانی کابینەکە، پێن و داوای ڕوونکردنەوەیان لێ بکەن، هەروەها مافیان هەیە داوا بکەن کە لێپرسینەوە لەگەڵ گەندەڵکاران لە هەموو جومگەکانی حکومەتدا بکەن.

٥- حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ناوەوە و دەرەوەی پەرلەمان، مافی خۆیانە خۆپیشاندانی ئاشتییانە ڕێك بخەن و هەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆیان و ئەوانی دیکەش بۆ دەربڕینی هەڵوێست بەکار بهێنن، بەبێ تەنگپێهەڵچنین، یان دروستکردنی بەربەستی نایاسایی.

### ئەرکی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن

لە بەرانبەر ئەو مافانەی کە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی هەیەتی، ئەوا کۆمەڵێك ئەرکیش دەکەوێتە سەرشانی و دەبێت پێوەی پابەند بێت، لەوانە:

١- پابەندبوون بە سیستەم و یاسا لە پیادەکردنی چالاکییەکان لە دەرەوە و ناوەوەی پەرلەمان.

٢- پابەندبوون بە پرانسیپ و بەها بەرزەکان و ئاکاری سیاسی لە پێشکەشکردنی ڕەخنەی دروستکەر و سیاسەتی بەدیل، نەك ئۆپۆزسیۆن بێت تەنیا لەپێناو ئۆپۆزسیۆنبوون و پروپاگەندەی هەڵبژاردن و زمانی زبر.

٣- پێویستە بەشدار بێت لە گفتوگۆی سیاسی و دانوستاندن لە پرسە نیشتمانییە باڵاکاندا.

٤- دەبێت ڕێز لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بگرێت، بە شێوەیەك کار بکات کە ببێتە هاندەر بۆ باشترکردنی ئەدای دامەزراوەکان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، نەك تەنیا کاری ناوزڕاندن بکات و ماسی لە ئاوی لێڵدا ڕاو بکات.

٥- دەبێت بە گیانێکی بەرزەوە بەرپرسیاریەتیی کار و چالاکییەکان لە ئەستۆ بگرێت، پابەند بێت بەوەی بەرگری لە تەنگژە نیشتمانییەکان بکات و بەرژەوەندیی باڵای هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بخاتە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوە و بەرگرییان لێ بکات.

### مامەڵە و ئەرکی حزبەکانی دەسەڵات بەرانبەر بە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی

لێرەدا گرنگە پرسیار لە سرووشت و چۆنیەتیی مامەڵەی حزبەکانی دەسەڵات بکەین بەرانبەر بە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، کە ئەم حزبانە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە ناو دەسەڵاتدان، کۆمەڵێك ئەرك و بەرپرسیاریەتییان لە بەرانبەر ئۆپۆزسیۆن دەکەوێتە سەرشان، بۆ ئەوەی چەسپاندنی دیموکراتی و سەقامگیریی پرۆسەی سیاسی و پەرەپێدانی کۆمەڵگەش بەردەوام بێت، ئەم ئەرکانە دەکەوێتە سەرشانیان:

١- حزبەکانی دەسەڵات دەبێت ڕێز لە مافەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بگرن و بە شێوەیەکی زۆر شەفافانە مامەڵە بکەن و هەوڵ نەدەن ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن پەراوێز بخرێت، هەروەها دەبێت بە سنگێکی فراوانەوە گوێ لە ڕەخنەی بونیادنەر بگرێت و ڕای بەرانبەر قبووڵ بکات و، ڕێز لە دەستاوەدەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات بگرێت.

٢- حزبی دەسەڵات دەبێت پابەند بێت بەوەی کە بە شێوەیەك حوکمڕانی بکات، دەرفەت بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن دەستی بگاتە زانیاری و دیکۆمێنتی پێویست، بۆ ئەوەی بە شێوەی ئەرێنی و نەرێنی هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای حکومەت بکات.

٣- دەبێت بە بێ جیاوازی و جیاکاری یاسا و بڕیارەکان جێ بەجێ بکات.

٤- دەبێت حزبی دەسەڵات هەوڵی ئەوە بدات گفتوگۆی بەردەوامی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا

هەبێت، بۆ گفتوگۆکردنی پرسە نیشتمانییەکان و تێپەڕاندنی تەنگژەکان بە میکانیزمی ئاشتییانە.

٥- ڕێزگرتن لە مافی ئازادیی ڕادەربڕین بەرانبەر بە ئۆپۆزسیوون، وەك خۆپیشاندانی ئاشتییانە و پەناگیری لەگەڵ گەرەنتیکردنی گەیشتنی بۆچوونەکانی بە هۆیەکانی ڕاگەیاندن.

٦- پێویستە حزبی دەسەڵات ژینگەیەکی تەندروست بۆ فرەیی سیاسی و هزری و بەشداریی حزب و ڕێکخراوەکان بخولقێنێت، بۆ ئەوەی ئازادانە دید و بۆچوونی خۆیان لەسەر بەشداریی سیاسی دەربڕن، هەروەها نابێت تاکڕەوی بکات لە وەرگرتنی بڕیارە ستراتیژی و چارەنووسسازەکاندا.

٧- پێویستە حزبی دەسەڵات پەنا نەبات بۆ بەکارهێنانی میکانیزمەکانی دەسەڵات بۆ بەرتەسککردنەوەی چالاکییەکانی ئۆپۆزسێون، هەورەها نابێت ئەو میکانیزمانەی دەسەڵات لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەکار بهێنرێن.

٨- دەبێت حزبەکانی دەسەڵات بانگهێشتی حزبەکانی ئۆپۆزسێون بکەن، بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەو پرۆگرامانەی دەخرێنە ڕوو، ئەوجا ئەوانەی پەیوەندییان بە لایەنی پرۆسەی چاکسازیی سیاسییەوە هەیە، یان پەیوەندییان بە پرۆسەی چاکسازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕییەوە هەیە.

٩- نابێت حزبەکانی دەسەڵات پۆستە هەستیارەکان لە دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا مۆنۆپۆڵ بکەن، بەڵکو دەبێت پابەندبن بە ڕاگرتنی جۆرێك لە هاوسەنگی لە پۆستە حکومییەکاندا.

## دەرهاویشتە نەرێنییەکانی پەراوێزخستنی ئۆپۆزسێون

پێویستە ئاماژە بەو دەرهاوێشتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانە نەرێنییانە بکەین کە لە نەبوون، یان پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئۆپۆزسێونی سیاسی لەسەر یەك کەڵەکە دەبن لەوانە:

١- پەراوێزخستنی ئۆپۆزسیۆن دەبێتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی زیاتری گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی، لەبەر ئەوەی کەس نابێت چاودێریی ئەدای حکومەت بکات.

٢- حزبی فەرمانڕوا دەست بەسەر هەموو جومگەکانی حوکمڕانیدا دەگرێت و سیستمێکی شموولی دەسەپێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری لاوازبوونی ئەدای دامەزاروەکانی حکومەت، ئەمە بێجگە لەوەی دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی متمانەی جەماوەر و حکومەت شەرعییەت لەدەست بدات، سەرەنجامیش سیستمە سیاسییەکە تووشی داخوران دەبێت و توانای کۆنترۆڵکردنی ئارامی و ئاسایش لەدەست دەدات و گوزەرانی هاووڵاتیان تێك دەچێت و تاوان بڵاو دەبێتەوە.

٣- زەمینەیەك دروست دەبێت بۆ زیادبوونی حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئۆپۆزسێونێکی سیاسی نییە، کە بەرهەڵستیی ئەو سیاسەتە سەرکوتکارانەیە بکات و لە پێناوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکاندا خەبات بکات، کەڵەکەبوونی ئەو پێشێلکارییانەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی شکۆی سیاسی لەدەست بدات و لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لەسەر ئەو پێشلکارایانە سەرکۆنە دەکرێت.

٤- تاکڕەویی حزبی فەرەمانڕەوا لە بڕیارە سیاسی و چارەنووسسازەکاندا و پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئۆپۆزسێون، دەبێتە هۆکاری کەمبوونەوەی بایەخی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پێشکەش نەکردنی پشتگیریی مرۆیی و پەرەپێدان بۆ ئەو دەوڵەتە و، پاشانیش ئەو دەوڵەتە لە لیستی ڕەشدا تۆمار دەکرێت، یان گەمارۆی بەسەردا دەسەپێندرێت.

٥- زیادبوونی ناتەبایی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی گرووپی توندئاژۆ و ڕاسیزم، بەهۆی داخرانی هزری و بوار نەدان بە هاووڵاتیان کە لە ڕێگەی حزبە ئۆپۆزسێونەکانەوە نارەزاییەکانی خۆیان دەربڕن و ئەو حزبانە بەرگری لە ماف و بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان بکەن.

لەم خاڵانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئاستی ئەو دەرهاویشتە نەرێنییانەی بەهۆی نەبوون، یان پەراوێزخستی ئۆپۆزسیۆن لە کۆمەڵگەدا دەردەکەون، چەند ترسناکن، هەروەها لەسەر سیستمە سیاسییەکەش زۆر ترسناك دەکەوێتەوە، دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی شەرعییەت و نەمانی سەقامگیریی سیاسی، لەم ژینگەیەشدا زەمینەی خۆپیشاندانی میللی دەڕەخسێت، کە دەگاتە ئەوەی سیستمەکە بە ڕێگەی توندوتیژی بگۆڕدرێت، ئەمەش هێندەی دیکە تەنگژە و کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات و لەوانەیە بگاتە ئەوەی شەڕی ناوخۆ لە وڵاتدا هەڵبگیرسێت.

**دەبێت حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن مافی دەستڕاگەیشتنیان بە زانیاری و دیکۆمێنتەکان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت وەک پێویست چاودێریی ئەدای حکومەت بکات**

**حزبەکانی دەسەڵات دەبێت ڕێز لە مافەکانی ئۆپۆزسێونی سیاسی بگرن و بە شێوەیەکی زۆر شەفافانە مامەڵە بکەن و هەوڵ نەدەن ڕۆڵی ئۆپۆزسێون پەراوێز بخرێت**

**دەبێت حزبی دەسەڵات هەوڵی ئەوە بدات گفتوگۆی بەردەوامی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا هەبێت، بۆ گفتوگۆکردنی پرسە نیشتمانییەکان و تێپەڕاندنی تەنگژەکان بە میکانیزمی ئاشتییانە**

د. ئاگرین عەبدوڵڵا
بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا (٥٩٤) پڕۆژەی ڕێگەوبان بە تێچووی زیاتر لە (٩٥٤,٨١٩,٠٠٠) دینار جێبەجێ کراون

■

**زۆرترین پرد و تونێل و چاککردنەوەی ڕێگەوبانمان ئەنجام داوە و گەورەترین پردمان لەسەر زێی گەورە دروست کردووە**

■

**لەسەر بودجەی وەبەرهێنان ٧٥ پڕۆژەی گەورەی ڕێگەوبان بە درێژایی ١٣٦٣ کیلۆمەتر بە تێچووی ٩١٣,٠٠٠,٠٠٠ دینار جێبەجێ کراون**

■

**لەسەر بودجەی ئاسایی ٣١٠ پڕۆژە بە گوژمەی ٢٧,٨٧٣,٠٠٠ دینار بە درێژایی ١,٣٩٠,١٥٣ کیلۆمەتر ئەنجام دراون**

■

**لەسەر بودجەی وێستگەکانی کێش ٢٠٩ پڕۆژە بە تێچووی ١٣،٣٩١,٠٠٠ دینار بە درێژایی ٥١٥ کیلۆمەتر جێبەجێ کراون**



**دروستکردن و چاککردنەوەی ڕێگەوبانەکان و پاراستنیان و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی پرد و تونێلەکان، بە شادەماری گەشەکردنی ئابووریی هەرێم و پێداویستیی هاووڵاتیان دادەنرێت، لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن کۆمەڵێك پڕۆژەی گرنگ و ستراتیژیی ئەنجام داوە. گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکیدا لەگەڵ دکتۆر ئاگرین عەبدوڵڵا بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چەندین پرسیاری لە بارەی گرنگترینی ئەو پڕۆژە و کارانە کە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٩-٢٠٢٤ ئەنجامیان داوە، ئاراستەی کردن و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

* لەم کابینەیەدا ژمارەیەکی زۆر ڕێگەوبان بە دووسایدکران و نۆژەن کرانەوە، ئایا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن تا چ ڕادەیەك توانیویەتی لە بواری ڕێگەوبانەکاندا کارنامە و پلانەکانی خۆی جێبەجێ بکات؟

- لەگەڵ دەستپێکردنی کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لەسەر ڕاسپاردەکانی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و زانستییانە کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات، هەر لە دروستکردنی ڕێگەوبان و پرد و تونێلەکان و هەموو پاشکۆکانی دیکەیەوە. ئێمە لە وەزارەت لەسەر سێ جۆر بودجە پڕۆژەی ڕێگەوبانمان جێبەجێ کردووە، ئەویش بودجەی (وەبەرهێنان، ئاسایی، داهاتی وێستگەکانی کێش). لەسەر بودجەی وەبەرهێنان ٧٥ پڕۆژەی گەورەی ڕێگەوبان بە درێژایی ١٣٦٣ کیلۆمەتر بە تێچووی ٩١٣,٠٠٠,٠٠٠ دینار جێبەجێ




**لە هەرێمی کوردستان خاوەنی چوار تونێلین کە سێ تونێلی گەورەمان دروست کردووە کە تونێلەکانی (زاخۆ، پیرمام، ئەزمەڕ)ە و چوارەم تونێلییش کە تونێلی (دەربەندیخانە) نۆژەن کراوەتەوە**

کراون، هەروەها لەسەر بودجەی ئاسایی ٣١٠ پڕۆژە بە گوژمەی ٢٧,٨٧٣,٠٠٠ دینار بە درێژایی ١,٣٩٠,١٥٣ کیلۆمەتر ئەنجام دراون، لەسەر بودجەی وێستگەکانی کێش ٢٠٩ پڕۆژە بە تێچووی ١٣,٣٩١,٠٠٠ دینار بە درێژایی ٥١٥ کیلۆمەتر جێبەجێ کراون. بە شێوەیەکی گشتی لەم کابینەیەدا ٥٩٤ پڕۆژەی ڕێگەوبان بە گوژمەی ٩٥٤،٨١٩ ملیۆن دینار جێبەجێ کراون. لەم بوارەدا نموونەمان زۆرە، ئەوەتا ڕێگەی دوو سایدی نێوان هەولێر و دهۆك ئەنجام درا و بە دەیان پڕۆژەی بچووك و مامناوەندی دیکە جێبەجێ کران، لەوانە ڕێگەکانی (هەردوو دیوی تونێلی پیرمام، زاخۆ- باتلیش)، ئەو پڕۆژانەشی دەکەوێتە سنووری پارێزگای سلێمانی قۆناغ و بەشی باشیان بڕیوە و کارەکانیان چوونەتە پێشەوە، لەوانە (دووکان—چوارقوڕنە/قۆناغی سێیەم، هەڵەبجە—سەیدسادق، کەلار—کفری، پێنچوێن-باشماخ، کەلار-دەربەندیخان)، هەروەها چەندین پڕۆژەی دیکە بەردی بناغەی بۆ دانراوە، وەکو دانانی بەردی بناغەی ڕێگەی هەڵەبجە تووەقوت و قلیجە و پردی تووەقوت، کە لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەردی بناغەیان بۆ دانراوە، ئەمەو بەدووسایدکردنی ڕێگەوبانی هەولێر-سلێمانی بە دیوی کۆیە بە تێچووی ٤٦٠ ملیار دینار و بە پێنج قۆناغ جێبەجێ دەکرێن، کە ١٠٠ ملیار دیناری تێدا خەرج کراوە و ٣٦٠ ملیار دیناری پێویستە بۆ تەواوکردنی، لەبەر گەورەیی بودجەکە چاوەڕوانین لە عێراقەوە بەپێی شایستەی بەشە بودجەی هەرێم پارەمان بۆ بێت. ئەمە و دوای جێبەجێکردنی ژمارەیەکی زۆری بەنداو و پۆنت داوامان لێ کراوە پڕۆژەی ڕێگەوبان بۆ هاتووچۆکردن و گرنگیدان بە گەشتیارییان بۆ بکەین، وەکو بەنداوی گۆمەسپان.




*** لە بواری تونێلەکاندا کە بە پڕۆژەی ستراتیژی و گەورە دادەنرێت، چ پڕۆژەیەکتان ئەنجام داوە و لە پلان و بەرنامەی وەزارەتدایە چەند پڕۆژەی تونێلی دیکە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت؟**

- دروستکردنی تونێل دەستکەوتێکی دیکەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە هاووڵاتیان لە ڕووی سەلامەتی و کورتکردنەوەی ماوە و کەمکردنەوەی تێچوونەوە سوودێکی گەورەی لێ وەردەگرن، ئەمە وێڕای ئەوەی دیمەنێکی ناوازە و گەشتیارییش بە ناوچەکە دەدات، بۆ نموونە تونێلی پیرمام بە بەستنەوەکانیشییەوە ڕۆڵێکی گەورەی تەنیا بۆ هاووڵاتیانی هەردوو دیوی سەنتەری شاری هەولێر و شەقڵاوە و قەزا و ناحیەکانی دیکە و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران نەبووە، بەڵکو بۆ هەموو خەڵکی کوردستان ئەم تونێلە گرنگیی خۆی هەبووە. هەر خۆی لەخۆیدا لە هەرێمی کوردستان خاوەنی چوار تونێلین کە سێ تونێلی گەورەمان دروست کردووە کە تونێلەکانی (زاخۆ،پیرمام، ئەزمەڕ)ـە و چوارەم تونێلییش کە تونێلی (دەربەندیخانە) نۆژەن کراوەتەوە، تیمی تایبەتیشمان هەیە کە بەردەوام سەرقاڵی ئیدارەدان و نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوە و چاودێریی هەر چوار تونێلەکە دەکەن. ئەوەی لەم کابینەیەدا جێبەجێ کرا، تونێلی پیرمام بوو، کە بە خۆی و پێداویستی و بەستەرەکانیەوە نزیکەی ١٨٠ ملیار دینار تێچووی هەبوو، تونێلەکانی (مەتین ٤،٧ کیلۆمەتر، کۆڕەك حەوت کیلۆمەتر، پێنچوێن پێنج کیلۆمەتر، دەربەندیخان سێ کیلۆمەتر)ـە کە لە پلانی وەزارەتدایە جێبەجێی بکات. هاوکات لەم کابینەیەدا تونێلی دەربەندیخان کە ٨٠٠ مەتری یەك سایدە و لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ بەنداوەکە دروست

**تونێلەکانی (مەتین ٤،٧ کیلۆمەتر، کۆڕەک حەوت کیلۆمەتر، پێنچوێن پێنج کیلۆمەتر، دەربەندیخان سێ کیلۆمەتر) لە پلانی وەزارەتدایە جێبەجێی بکات**




کراوە، نۆژەنمان کردەوە، وەکو ئاماژەم پێ کرد لە پلاندایە تونێلێکی دوو چاوە بە کوالێتی و دیزاینی بەرز لە بری ئەم تونێلە دروست بکرێت و وارماوە بە دەربەندیخان ببەستێتەوە، کە بودجەی ٣٧٠ ملیار دیناری پێویستە.

*** لە بواری پردەکاندا چ پرۆژە و کارێك ئەنجام دراون، بەتایبەتی کە ڕێگەوبان بە بێ پرد نایێت؟**

- بەو پێیە کوردستان ناوچەی شاخاوییە و چەندین دۆڵ و زێ و ڕووباری لەخۆ گرتووە، بۆیە گرنگیدان بە دروستکردنی پرد لە ئەولەوییەتی کارەمانماندا بووە، بگرە بەشێکی سەرەکیی ڕێگەوبانەکان پردەکانن، لەم پێناوەدا بە دەیان پردی جۆراوجۆر دروست کراوە و چەندینی دیکە لە پلان و بەرنامەدایە، بۆ نموونە پردی سەر زێی گەورە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ١٠٠٠ مەتر درێژە و ٥٩ ملیار دیناری تێچووە، هەروەها پردی دەربەندی ڕانیە بە یەکێك لە پرۆژە گرنگ و گەورەکان دادەنرێت بۆ خەڵکی دەڤەری ڕاپەرین، کە بە تێچووی زیاتر لە ١٢ ملیار دینار جێبەجێ کراوە و دەڤەری بتوێن و بەری مەرگە پێکەوە دەبەستێتەوە و ڕێگەی نێوان ڕانیە و سلێمانی نزیك و ئاسان دەکات، کە تەنیا لە ناحیەی بنگرد ٢٥ گوندی دەوروبەری لێی سوودمەند دەبن، هەروەها ڕێژەی سەرووی ٨٠٪ی پردەکانی سەر ڕێگەی دەربەندیخان- کەلار تەواو بووە و ئومێد زۆرە بۆ کۆتایی ئەمساڵ ئەم پرۆژە ستراتیژییە تەواو ببێت.

بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی لە تەمەنی کابینەی نۆیەمدا لە بواری ڕێگەوبان و پرد و تونێلدا ئەنجام دراوە، زۆر زیاترە لەوەی لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا ئەنجام دراون.

**ڕێژەی لە سەرووی ٨٠٪ی پردەکانی سەر ڕێگەی دەربەندیخان- کەلار تەواو بووە و ئومێد زۆرە بۆ کۆتایی ئەمساڵ ئەم پرۆژە ستراتیژییە تەواو ببێت**

| ژ | پارێزگا | ژمارەی پرۆژە | گۆژمەی گشتی (ملیۆن دینار) | درێژی بە کم |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 50 | 4,357 | 55.872 |
| 2 | ئیدارەی سوران | 31 | 3,312 | 77.175 |
| 3 | سلێمانی | 124 | 14,965 | 90.057 |
| 4 | ئیدارەی گەرمیان | 40 | 2,111 | 8.45 |
| 5 | ئیدارەی ڕاپەڕین | 54 | 1,751 | 77.20 |
| 6 | دهۆك | 7 | 787 | 0 |
| 7 | هەلەبجە | 3 | 292 | 0 |
| 8 | ئیدارەی زاخۆ | 1 | 297 | 2.40 |
|  | **کۆی گشتی ( چاککردنەوەو وقیرتاوکردنی ڕێگا لە خۆ دەگرێت )** | **310** | **27,873** | **311.153** |





رێبین زەنگەنە

بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ گوڵان:

# پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی بەم نزیکانە دەگاتە ناو سەنتەری شارەکانیش

**لەسەر فەرمانی سەرۆك وەزیران مەسرور بارزانی، پێش هاتنی وەرزی زستان دەست بە دابەشكردنی نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتیانی نیشتەجێی ناوچە شاخاوییەكاندا كراوە و بڕیاریشە بەم نزیكانە دابەشكردنەكە بێتە ناو سەنتەری شارە گەورەكانیش، لەلایەكی دیكەوە حكومەتی هەرێمی كوردستان سەركەوتوو بوو لە ڕاگرتن و دابەزینی نرخی بەنزین دوای ئەوەی ڕێگەی بە بازرگانەكاندا بەنزین هاوردە بكەن لە ناوچەكانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیكەی پەیوەندیدار بە كەرتی وزە و سووتەمەنییەكان و غازی ماڵان، چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ ڕێبین زەنگەنە بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەكان سازدا.**

*** دوای ئەوەی سەرۆك وەزیران فەرمانی دا بە دەستپێكردنی پرۆسەی دابەشكردنی نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتیاندا، وەزارەتی سامانە سرووشتییەكان دەستیان بە جێبەجێكردنی فەرمانەكە كرد. ئەم پرۆسەیە چۆن بەردەوام دەبێت و ئایا بۆ ئەمساڵیش دابەشكردنی نەوتی سپی دەگاتە هاووڵاتیانی ناو شارە گەورەكان؟**

- دوابەدوای فەرمانی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە دەستپێكردنی پرۆسەی دابەشكردنی نەوتی سپی، بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتییەكان فەرمانی وەزاریی دەركرد، بە دەستپێكردنی پرۆسەی دابەشكردنی نەوتی سپی بە نرخی پاڵپشتیكراو بۆ یەك ملیۆن و ٣١٦ هەزار خێزان بەسەر تەواویی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكان كە پێویستیان بە زیاتر لە دوو ملیۆن و ٦٢٠ هەزار لیتر نەوت هەیە. سەرەتا بەسەر هاووڵاتییانی ناوچە شاخاوییەكان و ئیدارە سەربەخۆكان بە نرخی پاڵپشتیكراوی ١٠٠ هەزار دینار بۆ هەر ٢٠٠ لیتر نەوت و بڕی چوار هەزار دیناریش وەكو كرێی گواستنەوە، ئەم نەوتەش بە كوالێتی بەرز و بە هەماهەنگی لەگەڵ لێژنەكانی چاودێریی كوالێتی دابەش دەكرێت. پرۆسەكەش لە ناوچە شاخاوییەكانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی دەستی پێكردووە و كۆتایی هەفتەی داهاتووش لە قەڵادزێ لە پارێزگای سلێمانی دەست بە دابەشكردنەكە دەكرێت و پرۆسەكەش بە خێرایی دەڕوات بەڕێوە. بۆ نموونە تەنیا لە ماوەی دوو هەفتەدا واتە تا ڕێكەوتی ٢٠٢٤/٩/١٨ ژمارەی ئەو خێزانانەی سوودمەند بوون لە وەرگرتنی نەوت لە ناوچە شاخاوییەكانی پارێزگای هەولێر بەتایبەتی لە هەریر و پیرمام و شەقڵاوە و كۆیە گەیشتووەتە سەرووی ٤٦٥٣ خێزان و لە پارێزگای دهۆك ٨١٥٠ خێزان و لە سلێمانی٢٤٤٠ خێزان و لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ٦٥٨٠ خێزان سوودمەند بوون، پرۆسەكەش بە شێوەیەكی زۆر خێرا و بە باشی بەڕێوە دەچێت. بۆ ئەمساڵیش بڕی ٢٠٠ لیتر نەوتی سپی بەسەر تەواوی خێزانەكانی كوردستاندا دابەش دەكەین و بڕیارە لە ناوچە شاخاوییەكان دوو بەرمیل نەوت دابەش بكرێت. لە پرۆسەی دابەشكردنی نەوتی سپی بۆ وەرزی زستانی ڕابردوو تاوەكو ٢٠٢٤/٣/١٨ نزیكەی ٢٩٢ ملیۆن لیتر نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش كراوە كە زیاتر لە یەك ملیۆن ٥٦٨ هەزار خێزان لە وەرگرتنی نەوتی سپیی حكومەتی هەرێمی كوردستان سوودمەند بوون، كە دەكاتە ڕێژەی سەرووی ٩٧٪ی كۆی ژمارەی خێزانەكانی هەرێم.

**دەستپێكردنی پرۆسەی دابەشكردنی نەوتی سپی بە نرخی پاڵپشتیكراو بۆ یەك ملیۆن و ٣١٦ هەزار خێزان بەسەر تەواوی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكانە كە پێویستیان بە زیاتر لە دوو ملیۆن و ٦٢٠ هەزار لیتر نەوت هەیە**

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێكی گرنگ بكەم. دابینكردنی ئەم بڕە نەوتە دەبوایە لەسەر ئەركی حكومەتی عێراقی فیدراڵ بێت و بە شایستە و مافێكی هاووڵاتییان و خێزانەكانی هەرێمی كوردستان دادەنرێت، بەڵام حكومەتی عێراقی هیچ كاتێك پابەندی دابینكردنی ئەم بڕە نەوتە سپییە نەبووە. بۆ نموونە حكومەتی عێراق لە ساڵی ڕابردوو لە ٥٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی سپی كە بڕیار بوو

بینێرن، تەنانەت نیوەی ئەو بڕە نەوتەیان نەنارد، لەم پرسەشدا بە هەمان شێوەی زۆر لە ماف و شایستە داراییەکانی دیکەی هەرێم کەمتەرخەم بووە و وەکو پێویست نەوتی سپیی نەناردووە، بۆ ئەمساڵیش چەندین نووسراومان ئاراستەی وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ کردووە، بەداخەوە لەمەدا جیاوازییەکی زۆر دەبینرێت.

بەداخەوە هەندێك حزب و لایەنی سیاسی زۆرجار دەیانەوێت لەم خزمەتگوزارییەی هاووڵاتییان چەواشەکاری بکەن. بۆ نموونە باس لەوە دەکرێت، ئەم نرخە پاڵپشتیکراوەی نەوتی سپی حکومەت هاوکاتە لەگەڵ نرخی بازرگانیی ناو بازاڕ، ئەوەیان لەیاد کردووە، کە یەکێك لە هەرە هۆکارە کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوتی سپی بۆ ئەو پرۆسەیەی دابەشکردنی نەوتی سپی حکومەت دەگەڕێتەوە بە نرخی پاڵپشتیکراو، لە ئێستاشەوە پلانمان هەیە بە زوویی ئەم پرۆسەیە بگاتە ناو سەنتەری شارەکان و لانیکەم لە مانگی ١٢ بتوانین بەرمیلی دووەم دابەش بکەین بەسەر ناوچە شاخاوییەکان و ئومێدەوارین پرۆسەکە بە خێرایی بڕوات بۆ هەموو هەرێمی کوردستان.

بە شێوەیەکی گشتی وێڕای هەموو ئەو ئالنگاری و ئاستەنگانەی کە بۆ کەرتی نەوت و وزە لە هەرێمی کوردستان لەلایەن نەیارانی کوردەوە دروست کراون، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەی نەداوە قەیرانی سووتەمەنییەکان هەر لەدابینکردنی نەوتی سپی و بەنزین و غازی ماڵانەوە دروست بێت. ساڵی ڕابردوو بە سەرکەوتوویی لە زۆربەی شوێنەکان لە بری بەرمیلێك نەوت، دوو بەرمیل نەوتمان بۆ هاووڵاتیان دابین کرد و نرخی بەنزینیشمان لە ١٤٠٠ دینارەوە بۆ ٧٠٠-٨٠٠ دینار دابەزاند.

*** هەر سەبارەت بەم خاڵەی نرخی بەنزین، یەکێك لە بڕیارەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابەزینی نرخی بەنزین بوو، ئایا تا چەند لە هەردوو بواری دابینکردنی بەنزین و کوالێتیی، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کاری لەسەر کردووە؟ ئایا دەتوانن لە ڕووی نرخ و کوالێتییەوە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن؟**

- وەکو ئاشکرایە لە تەواوی وڵاتانی جیهان نرخی بەنزین ڕووی لە هەڵکشان کردووە، بگرە لە پارێزگاکانی عێراقیش ئەم گرفتە هەیە، بەتایبەتی کە تادێت ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان ڕوو لە زیادبوونن، بەداخەوە حکومەتی عێراق تاکو ئێستا پابەند نەبووە بە ناردنی پشکی هەرێمی کوردستان لەم پێداویستییە سەرەکییە، هەرچەندە چەندین جار سەردانی بەغدامان کردووە و ئومێدەوارم بەغدا پابەندی بەڵێنەکان و دابینکردنی ماف و شایستەکانی هەرێمی کوردستان بێت لە دابینکردنی سەرجەم سووتەمەنییەکان. سەبارەت بە دابەزاندنی نرخی بەنزینیش کە وەکو ئاماژەم پێدا، پەیوەندی بە نرخی جیهانیی نەوت و بەرزبوونەوەی ئەم سووتەمەنییە سەرەکییەوە هەیە لە تەواوی جیهان و وڵاتانی دەوروبەر و عێراقیش، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە لە ساڵانی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ ئەزموونی ئەم دابەزینەی نرخمان هەیە و بە نرخی پاڵپشتیکراو بەنزینمان دابین کردووە بۆ هاووڵاتیان، بەتایبەتی بۆ پاس و تەکسییەکان کە ئەو کاتە نرخی هەر لیترێك بۆ ١٢٠٠ دینار بەرز بووەوە و دوای دابینکردنی بەنزین بە نرخی پاڵپشتیکراو، نرخی لیترێك بەنزین بۆ ٧٠٠-٨٠٠ دینار دابەزی، خۆشبەختانە دوای بڕیارەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و جێبەجێکردنی بە هەناردەکردنی بەنزین نرخەکان ڕووی لە داشکان کرد. وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە ڕێگەی پاڵاوتگەکانی هەرێمی کوردستانەوە بە نرخی پاڵپشتیکراو لیترێك بەنزین بە کوالێتی بەرز بە ٧٥٠ دینار دابین دەکات. لە ئێستادا پێویستیی هەرێمی کوردستان بە هەموو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانەوە نزیکەی ٦٥٠٠ ملیۆن لیتر بەنزینە، واتا ئەم بڕە پێداویستیی ناوخۆی هەرێمە و بڕە بەنزینێکی زۆرە. ئێمە ڕۆژانە نزیکەی ٤٥ هەزار بەرمیل نەوتی خاو بۆ پاڵاوتگەکان دابین دەکەین، کە دەتوانین نزیکەی یەك ملیۆن ٥٠٠ هەزار لیتر بەنزین بەرهەم بهێنین. بۆ دابەزینی نرخی بەنزین چەند ڕێگەیەك گیراوەتەبەر، لەوانە ڕێگەپێدان بە هاوردەکردنی بەنزین لە پارێزگاکانی عێراق و خاڵە سنوورییەکانەوە، هەر لە دوای ئەو بڕیارە بۆ هەر لیترێك بەنزین نزیکەی ٥٠-٦٠ دینار

**تا ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/١٨ ژمارەی ئەو خێزانانەی سوودمەند بوون لە وەرگرتنی نەوت لە ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر بەتایبەتی لە هەریر و پیرمام و شەقڵاوە و کۆیە گەیشتووەتە سەرووی ٤،٦٥٣ هەزار خێزان و لە پارێزگای دهۆک ٨،١٥٠ خێزان و لە سلێمانی٢،٤٤٠ خێزان و لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ٦،٥٨٠ خێزان سوودمەند بوون**

**بۆ ئەمساڵیش بڕی ٢٠٠ لیتر نەوتی سپی بەسەر تەواوی خێزانەکانی کوردستان دابەش دەکەین و بڕیارە لە ناوچە شاخاوییەکان دوو بەرمیل نەوت دابەش بکرێت**

**لە پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی بۆ وەرزی زستانی ڕابردوو تاوەکو ٢٠٢٤/٣/١٨ نزیکەی ٢٩٢ ملیۆن لیتر نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتیان دابەش کراوە کە زیاتر لە یەک ملیۆن و ٥٦٨ هەزار ملیۆن خێزان لە وەرگرتنی نەوتی سپیی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودمەند بوون**



هاتە خوارەوە ئەمەش دوای ئەوەی نرخەکان ڕوو لە هەڵکشان بوو، بەمەش سەرکەوتوو بووین بە ڕاگرتنی هەڵکشانی نرخ و بگرە دابەزینیشی، لەلایەکی دیکەوە ئێمە مۆڵەت نادەین بە هیچ کۆمپانیا و بازرگانێك کە بەنزین و غاز و نەوت و هیچ سووتەمەنییەکی دیکە ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم بکات کە کاریگەریی لەسەر پێداویستیی هاووڵاتیان بکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر دابەزینی نرخەکان کرد. ئەوەتا لە بواری غازدا وەزارەتمان ڕێگەی نەدا کۆمپانیاکانی کێڵگە نەوتییەکانی کۆرمۆر غاز ڕەوانەی دەرەوە بکەن، چونکە وێستگەکانی کارەبا پێویستیان بەو بڕە غازەیە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، بەمەش لەگەڵ دابینکردنی ئەو بڕە بەنزینەی کە لە ناوخۆدا بەرهەم دێت و لەگەڵ هاتنی بەنزین لە دەرەوە تاڕاددەیەکی باش کۆنترۆڵی خواست و خستنەڕوو دەکرێت.

*** تاچەند تواناروە کۆنترۆڵی کوالێتیی بەنزین بکرێت لە دوای هەوڵەکانی تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتیی نەوت و کانزاکان، ئایا ئەو ڕێکارانە چین کە لە وەزارەت دەگیرێتە بەر؟**

- تیمەکانی چاودێری و بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتیی نەوت و کانزاکان بەدواداچوون و چاودێریی توندی بەنزینخانەکان دەکەن و سزای توندی سەرپێچیکارانمان داوە. هاوکات لیژنەکانمان بە هەماهەنگی و هاوکاریی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و یەکە ئیدارییەکان، کاری جددییان لەسەر ئەم بابەتە کردووە. لە ماوەکانی ڕابردووشدا چ لە ڕێگەی تیمەکانمانەوە بێت، یان لە ڕێگەی تاقیگەکانمانەوە بێت، کۆنترۆڵی باشی کوالێتیی بەنزین کراوە. ڕاستە لێرە و لەوێ باس لە دەستکاریکردنی کوالێتیی بەنزین دەکەن، بەڵام هەڵمەتەکانی چاودێریکردنی بەنزینخانە و هێنانی بەنزین لە دەروازەکانەوە توندتر دەکەین و هەر بەنزینخانەیەك بە

**حکومەتی عێراق لە ساڵی ڕابردوو لەو ٥٠ ملیۆن بەرمیل نەوتەی سپی کە بڕیار بوو بینێرن، تەنانەت نیوەی ئەو بڕە نەوتەیان نەنارد**

**حکومەتی عێراق لە بابەتی نادنی نەوتی سپی، بە هەمان شێوەی زۆر لە ماف و شایستە داراییەکانی دیکەی هەرێم کەمتەرخەم بووە**



پێچەوانەی ستاندارە ڕێگەپێدراوەکانی وەزارەت بەنزین بفرۆشێت، سزای ماددی و یاسایی دەدرێت.

*** سەبارەت بەدابینکردنی غازی ماڵان کە لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان و بەکارهێنانی بۆ خۆگەرمکردنەوە خواستی بازاڕ و هاووڵاتیان لەسەری زیاتر دەبێت، ئایا لەم ڕووەوە چی بە هاووڵاتیانی کوردستان دەڵێن؟**

- بەڕێز جەنابی وەزیر بەدواداچوون و چاودێرییەکی باشی دۆخەکەی کردووە لە چەند ساڵی ڕابردوو، بەتایبەتی کاتێك کێڵگەی کۆمۆر هێرش کرایە سەری و قوربانیی لێکەوتەوە و کارەکانی ڕاگرت، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وەزیری نەوتی عێراق، بڕی غازی پێویستی بۆ پارێزگاکانی کوردستان دابین کرد و ڕێگەی نەدا قەیرانی غازی شل سەرهەڵبدات، لە ئێستاشدا هیچ گرفت و کێشەیەك بۆ دابینکردنی غاز نییە و بۆ زستانی ئەمساڵیش لە ڕێگەی پلان و بەرنامەیەکی ڕێکوپێکەوە بڕە پێویستی غاز بۆ هاووڵاتیان دابین دەکەین. لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زۆر جار لە ڕێگەی کاری نایاسایی و نادەستووری و هێرشی درۆنی بۆمبڕێژکراو و کاتیوشا و مووشەکەوە هێرش کراوەتە سەر دامەزراوەکانی نەوت و غاز، بەڵام نەتوانراوە کاروانی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان ڕابگرن لە ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣، بۆ ئەمساڵیش پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی و بەنزین و غاز بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەڕێوە دەچێت. ئەمە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن نییە، ئەمە واقیعە و حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی خزمەتگوزاریی خەڵکە و لەلایەن هاووڵاتییانی کوردستانەوە پاڵپشتی دەکرێت، بۆیە هەموو پلان و مەرامەکانی نەیارانی کورد و کوردستان شکست دەهێنێت.

**ساڵی ڕابردوو بە سەرکەوتوویی لە زۆربەی شوێنەکان لە بری بەرمیلێک نەوت، دوو بەرمیل نەوتمان بۆ هاووڵاتیان دابین کرد و نرخی بەنزینیشمان لە ١٤٠٠ دینارەوە بۆ ٧٠٠-٨٠٠ دینار دابەزاند**

**لە تەواوی وڵاتانی جیهان نرخی بەنزین ڕووی لە هەڵکشان کردووە، بگرە لە پارێزگاکانی عێراقیش ئەم گرفتە هەیە، بەتایبەتی کە تادێت ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان ڕوو لە زیادبوون**






## جوان ڕەفیق فەتحوڵڵا

قایمقامی شارۆچکەی بنەسڵاوە بۆ گوڵان:

# لە کابینەی نۆیەمدا بنەسڵاوە و سنوورەکەی نزیکەی (٣٠) ملیار دیناری بۆ خەرج کراوە

# بە دانانی سێ فیدەری نوێ کارەبا بە تێچووی بڕی (٣٠٠) ملیۆن دینار، بارقورسی لەسەر تۆڕی کارەبای بنەسڵاوە کۆتایی پێهات

## تەنیا لە دوو ساڵی ڕابردوو زیاتر لە دوو ملیار دینار بۆ لێدانی(١٥) بیری ئاو و ڕاکێشانی تۆڕی ئاوی خواردنەوە خەرج کراوە

## پۆندی بنەسڵاوە قەبارەی گلدانەوەی ئاوەکەی لە چەمرگەش گەورەترە و بڕی چوار ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە

**سنووری شارۆچکەی بنەسڵاوە، سەنتەری شارۆچکەکە و شارەدێیەکانی (دارەتوو و کەسنەزان و بیستانە) و یەك دوو گوند لەخۆدەگرێت. ئەو سنوورە ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر بەرفراوان دەبێت، بەهۆی ئەوەی لە سەنتەری شاری هەولێر نزیکە و خەڵکێکی زۆری هەژار و کەمداهات بۆ نیشتەجێبوون ڕووی تێدەکەن، بۆیە بەردەوام ئاوەدانی و گەشەکردنێکی زۆرەی بەخۆیەوە بینیوە. ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە (٣٥٠) هەزار کەسن، ژمارەیەك کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونیش وەکو (شاری زەیتوون و لاوان و ئایندە و.. هتد) دەکەونە سنووری ئیدارەی بنەسڵاوە. سەبارەت بەو خزمەتگوزارییانەی لەو سنوورە ئەنجام دراون، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ جوان ڕەفیق فەتحوڵلا قایمقامی قەزای بنەسڵاوە ساز دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

* ئەو کار و پرۆژە گرنگ و ستراتیژییانە چین کە لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سنووری شارۆچکەی بنەسڵاوە ئەنجام دراون؟

- سەنتەری قەزای بنەسڵاوە و سنوورەکەی بە هۆی ئەوەی کە لە سەنتەری شاری هەولێر نزیکە، بۆیە بووەتە شوێنێکی گرنگ بۆ نیشتەجێبوون و بەردەوام خەڵك ڕووی تێدەکەن. هەر گەڕەك و شوێنێك لە سەنتەری شاری هەولێر نزیك بێت، کە کەوتووەتە ناو پەرەپێدان و پرۆژەکانەوە، بە پارچە زەوییەکی نیشتەجێبوون لە سنووری بنەسڵاوە قەرەبوو کرانەوەتەوە. ئەمانە وای کردووە، ئەو سنوورە بەرفراوان بێت و پێویستی بە کار و پرۆژەی خزمەتگوزاریی زۆر و سەرەتاییەکانی ژیان هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە تایبەتمەندییەکی زۆر بە قەزای بنەسڵاوە دراوە و لە هەموو سێکتەرەکانی خزمەتگوزاریدا کاری زۆر و پێویست جێبەجێ کراون. سەرەتا ئەوەتا بڕیارە



**بڕیارە زیاتر لە (٢٠) پۆند لە سنووری پارێزگای هەولێر دروست بکرێت، لەو ژمارەیە هەشت پۆندیان لە سنووری قەزای بنەسڵاوەیە، کە کاریگەرییان لەسەر دەوڵەمەندکردنی ئاوی ژێرزەوی و کەمکردنەوەی لافاو لە وەرزی زستان هەیە و بۆ سامانی ماسی و کشتوکاڵی و گەشتیارییش گرنگن**

زیاتر لە (٢٠) پۆند لە سنووری پارێزگای هەولێر دروست بکرێت، لەو ژمارەیە هەشت پۆندیان لە سنووری قەزای بنەسڵاوەیە، کە کاریگەرییان لەسەر دەوڵەمەندکردنی ئاوی ژێرزەوی و کەمکردنەوەی لافاو لە وەرزی زستان هەیە و بۆ سامانی ماسی و کشتوکاڵی و گەشتیارییش گرنگن. بۆ نموونە بەنداوی چەمرگە کە پڕۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژییە و دەکەوێتە سنووری بنەسڵاوە، لەو چوار ساڵەی ڕابردوو بە بڕی چوار ملیار دینار دروست کراوە کە بڕی (یەك ملیۆن و سێ سەد هەزار) مەتر سێجا ئاو گل دەداتەوە و لە ماوەی ڕابردوو لە ڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو نزیکەی (٤٠) هەزار پەنجە ماسیمان تێکرد. هەروەها پۆندی بنەسڵاوە کە لەسەر چەمی بنەسڵاوە دروست دەکرێت، کە قەبارەی گلدانەوەی ئاوەکەی زیاتر لە سێ ملیۆن مەتر سێجایە ئەم پۆندە لە بەنداوی چەمرگەش گەورەترە کە بودجەکەی چوار ملیار دینارە، پڕۆژەیەکی دیکەی پۆندمان هەیە لەلای مۆنۆمێنتی شەهیدان کە کارکردن تێیدا دەستی پێکردووە، چەند پۆندێکی دیکەش لە بەرنامەدایە لە سنوورەکە دروست بکرێن. بە شێوەیەکی گشتی لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا بۆ کار و پڕۆژەکانی بنەسڵاوە و سنوورەکەی، زیاتر لە (٣٠)ملیار دینار خەرج کراوە.

*** لە بنەسڵاوە و سنوورەکەیدا کێشەی ئاوی خواردنەوەتان هەبوو، چۆن چارەسەرتان کردووە، بەتایبەتی لەو پێنج ساڵەی ڕابردوودا؟**

- قەزای بنەسڵاوە و سنوورەکەی بە ناحییەکانەوە لە هێڵی مەترسیدایە لە ڕووی وشکەساڵی و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی. بیر هەیە بە قووڵی(٧٠٠) مەتر ئێنجا گەیشتووەتە ئاو، ساڵانەش بیری تازە بۆ سەنتەری قەزا و سنوورەکە لە هەر گەڕەك و شوێنێك پێویست بێت لێدەدرێت. لە هەر گەڕەك و کۆڵانێك بەتایبەتی گەڕەکە تازەکان تۆڕی ئاو دادەنرێت و نوێ دەکرێتەوە، لە خراپترین حاڵەتیشدا ئەگەر لە گەڕەکێك چەند ماڵێك یان،



دوو کۆڵان ئاویان نەبێت، ئەوە بە تانکەری ئاوی خواردنەوە ئاویان بۆ دابین دەکەین. بەگشتی بۆ کێشە و چارەسەری کەمئاوی و کارو پرۆژەکان دەستکراوین و لایەنی پێوەندیداریش لەگەڵ ئێمە وەکو یەك تیم دەستبەجێ کار دەکەن. لەو کابینەیەدا بەتایبەتی لە دوو ساڵی (٢٠٢٣ و ٢٠٢٤)، (١٥)بیری ئاوی خواردنەوەی تازە لێدراون و تۆڕی کارەباشیان بۆ ڕاکێشراوە و نزیکەی یەك ملیار دینار بۆ ئەو بیرە تازانە خرج کراون. بۆ گەڕەك و کۆڵانە نوێیەکانیش تۆڕی ئاوی خواردنەوەو بیری نوێ و کارەبایان بۆ دابین دەکرێت. لە ناحییەی دارەتوو لە ماوەی هەفتەیەکدا لەم هاوینەدا (١١) بیری ئاوی خواردنەوە وشکی کرد، کە بۆ ئەو شوێن و گەڕەکانەش بە پلان و بەرنامە دەستبەجێ بیری تازەیان بۆ لێدرا و چارەسەری پێویستیان بۆ کرا. لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا بە شێوەیەکی گشتی بۆ سێکتەری ئاو لە قەزای بنەسڵاوە و سنوورەکەی دوو ملیار دینار خرج کراوە. بەڵام ئەمساڵ کێشە و گرفتی ئاوی خوادرنەوەمان بەراورد بە ساڵانی پێشوو باشتر بوو. بە هۆی ئەو پرۆژە ستراتیژییەی فریاگوزاریی ئاو کە بۆ شاری هەولێر لە لایەن ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەر درا و بەردی بناغەشی بۆ دانرا، ئێمەش وەکو قەزا و سنوورەکە کێشەی ئاوی خواردنەوەمان نامێنێت.

*** لە بواری ڕێگەوبان و دروستکردنی شەقام و قیرتاوکردن و کۆنکرێتکردنی کۆڵان و گەڕەکەکانی سنووری بنەسڵاوە لە کابینەی نۆیەمدا چ پرۆژەیەکتان بۆ ئەنجام دراوە؟**

- لە ساڵی ٢٠١٩ تا ساڵی ٢٠٢٤ چەندین کار و پرۆژە ئەنجام دراون کە زۆربەیان ستراتیژی و پێویست بوون. چ بۆ سەنتەری قەزاکە و چ بۆ سنوورەکەی، کە (١٧) پرۆژەی جۆراوجۆر بوون. بۆ نموونە وەکو (پرۆژەی تەواوکردنی جووت سایدی گەڕەکی گوڵان و قیرتاوکردنی شەقامی ناوچەی پیشەسازی و دروستکردنی شەقام لە

**بەنداوی چەمرگە بڕی (یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار) مەتر سێجایە ئاو گل دەداتەوە و لە ماوەی ڕابردوو لە ڕێگای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو نزیکەی (٤٠) هەزار پەنجە ماسیمان تێکرد**

**بنەسڵاوە و سنوورەکەی بە ناحیەکانەوە لە هێڵی مەترسیدایە لە رووی وشکەساڵی و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی. بیر هەیە بە قووڵی(٧٠٠) مەتر ئینجا گەیشتووەتە ئاو**

**بەگشتی بۆ کێشە و چارەسەری کەمئاوی و کارو پرۆژەکان دەستکراوین و لایەنی پێوەندیداریش لەگەڵ ئێمە وەکو یەک تیم دەستبەجێ کار دەکەن**

**لە ناحیییەی دارەتوو لە ماوەی هەفتەیەک لەم هاوینەدا (١١) بیری ئاوی خواردنەوە وشکی کرد، کە بۆ ئەو شوێن و گەڕەکانەش بە پلان و بەرنامە دەستبەجێ بیری تازەیان بۆ لێدرا و چارەسەری پێویستیان بۆ کرا**

**لە ماوەی کابینەی نوێیەمدا بە شێوەیەکی گشتی بۆ سێکتەری ئاو لە قەزای بنەسڵاوە و سنوورەکەی دوو ملیار دینار خەرج کراوە**

گەڕەکی گەرەسۆر و قیرتاوکردنی شەقام لە نزیک مزگەوتی مەلا ڕەئوف و دروستکردنی ئاوەڕۆی لوولەیی لە چەند شوێنێك و ...هتد). ئەو (١٧) پرۆژەیە بری (٦) ملیار و (١٤١) ملیۆن دیناریان بۆ خەرج کراوە، هەروەها چەند پرۆژەی دیکە لە ژێر جێبەجێکردندان، وەکو پرۆژەی دروستکردنی شەقام و ئاوەڕۆی لوولەیی بە گوژمەی سێ ملیار دینار و دروستکردنی سایدی دووەمی دەروازەی بنەسڵاوە بە گوژمەی یەك ملیار و (٦٠٠) ملیۆن دینار، بە شێوەیەکی گشتی ئەو پرۆژانەی بۆ بنەسڵاوە و سنوورەکەی لەو چەند ساڵەی دواییدا تەواو کراون، بە بری (١٤) ملیار و (٧٨٩) ملیۆن دینارە، هەروەها بەرنامە و پلان هەیە هەر لە ئەمساڵەدا چەندین پرۆژەی دیکە لەو سێکتەرەدا بە گوژمەی هەشت ملیار دینار جێبەجێ بکرێن. وەکو دروستکردنی شەقام لە نێوان گەڕەکی ئاڵتون و گەڕەکی چوارچرا و دروستکردنی شەقام و ئاوەڕۆی لوولەیی لە گەڕەکی نۆهەزاری و قیرتاوکردنی شەقامەکانی گەڕەکی گوڵان و تەعجیل و چەندین پرۆژەی دیکەی ستراتیژی .

*** وەکو ئاماژەت پێدا، سنووری بنەسڵاوە ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی تێدایە و بە خێرایی سنوورەکەتان قەڵەباڵغ بووە. ئایا ئەمە کێشەی کەرتی پەروەردەی بۆ دروست نەکردوون؟**

- هەرچەندە لە ڕووی بینایەی قوتابخانەوە کێشە و کەموکووڕی هەیە، بەتایبەتی بەهۆی نەهاتنی بوودجەی گشتیی هەرێم و بوودجەی پەرەپێدانی پارێزگا لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە، بەڵام کەرتی پەروەردە لە بنەسڵاوە زۆر پێشکەوتووە و ساڵانە نمرەی بەرزی تێدایە، هەر بۆیەش بە هۆی نەبوونی پارەی پێویست دروستکردنی چەند بینایەی قوتابخانە دەستیان پێکردووە، بەڵام لە قۆناغێك لە قۆناغەکان ڕاوەستاون. هەر بۆ نموونە بینایەی قوتابخانەیەك لە گەڕەکی گەرەسۆر هەیە کە قۆناغی باشی بڕیوە، بەڵام بەڵێندەرەکە کاری تێدا ناکات، چونکە بوودجەی پێویست لە بەردەست نییە، کە تێچووی ئەو قوتابخانەیە نزیکەی یەك ملیار دینار دەبێت و چەند قوتابخانەیەکیش کە پێشتر دروست کراون، پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە، ئەوانەش لەبەر نەبوونی پارەی پێویست کارکردن تێیاندا ڕاوەستاوە.

ئەگەرچی وەزارەتی پەروەردە بەپێی ئیمکانیاتی خۆی توانیویەتی لە هەندێ قوتابخانەدا هەندێ کێشە و گرفتمان بۆ چارەسەر بکەن، بەڵام ئەوە لە تمووحی ئێمە و قەبارە و ئاستی پێویست نییە. بەڵام ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و دەزگای خێرخوازیی بارزانی، کاری باشیان لە کەرتی پەروەردە بۆ کردووین و هەندێ لە کێشەو گرفتەکانیان چارەسەرکردووە.

لە ڕووی کەرتی تەندروستییشەوە لە گفتوگۆداین لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی هەولێر کە بنکەی تەندروستیی (٢٤) کاتژمێری لە بنەسڵاوە بکەنەوە، کە پێشتر هەمانبووە و داوامان کردووە نەخۆشخانە، یان هۆڵی فەرەوێڵەیی لەدایکبوون لە سەنتەری قەزاکە بکرێتەوە، کە زۆر پێویستە کە پێشتر لە ناحیەی دارەتوو هەبوو، بەڵام لەپاشان داخرا.

*** ئایا لە پاش لافاوە کارەساتبارەکە، کە لەو سنوورە ڕوویدا، چ پلانێکتان بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانە داناوە؟**

- لەدوای لافاوە کارەساتبارەکە کە زیاتر ناحیەی دارەتوو و قوشتەپەی گرتەوە و بەداخەوە قوربانی لێکەوتەوە، لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەست کرا بە پاککردنەوەی ئەو چەم و ڕێڕەوە سرووشتییانەی لە سنوورەکە هەن و لادانی ئەو شوێن و بەربەستانەی کە ببوونە هۆکاری ئاوگلدانەوە. ئەو کەندەی کە بە دەوری بنەسڵاوەیە و لە کاتی خۆی وەکو پشتێنەی ئەمنی دروست کراوە، بە باشترین و جوانترین شێوە پاك کرایەوە.

*** سەبارەت بە کەرتی کارەبا و کەمکردنەوەی بارزۆری کە پێشتر لە ناوچەکەتان هەبووە، لەم کابینەیەدا چی کراوە؟**

- لە ناو بنەسڵاوە کێشەی بارقورسی لەسەر تۆڕی کارەباکەی هەبوو، بۆ ئەو مەبەستەش کەمکردنەوەی بارقورسییەکە سێ فیدەری تازە دانران کە (٣٠٠)ملیۆن دیناری بۆ دانراوە، بەمەش ئەمساڵ تووشی کوژاندنەوەی کارەبا نەهاتووین و بڕیارە لە لای وێستگەی کارەبای ڕۆژهەڵاتیش وێستگەیەکی مۆبایلمان بۆ دابنرێت، کە ئەمەش چەند فیدەرێکی لێدەردەچێت، کە ناحییەی دارەتووش سوودی لێوەردەگرن.






**ئەندازیار ئاری ئەحمەد قادر**

**بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان:**

# پڕۆژەی ئاوی فریاگوزاریی خێرای شاری هەولێر بڕی (٤٧٩) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە و لە چارەسەرکردنی گرفتی کەمئاویدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت

# پرۆژەی ستراتیژیی ئاوی قوشتەپە بڕی (١٩٠)ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە

## ساڵانە لە خەرجیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بڕی (٥٠٠) ملیار دینار لە بەرهەمهێنانی ئاو و گەیاندنی بە هاووڵاتیان خەرج دەکرێت

## پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوەی (ئاکرێ و ٥١ گوندی بارزان و دەربەندیخان و دەربەندی ڕانیە) لە ماوەیەکی کورتدا جێبەجێ دەکرێن

**لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کاری زۆر لەسەر چارەسەرکردنی گرفتی کەمئاوی کراوە، بەتایبەتی لەگەڵ گۆڕانکاریی کەشوهەوا و وشکەساڵی و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و زۆربوونی خواستی هاووڵاتیان. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەندازیار ئاری ئەحمەد قادر بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دا .**

*** تا چەند کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیی بە دابینکردنی ئاوی خواردنە لە هەموو شار و شارۆچکە و وگوندەکانی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان داوە؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مسرور بارزانی هەر لە ڕاگەیاندنی بەرنامە و کارنامەکەیدا، جەختی لەسەر هەموو ئەو کار و خزمەتگوزارییانە کردووەتەوە کە زۆر پەیویستن بە ژیانی ڕۆژانە و ڕاستەوخۆی هاووڵاتیانەوە، ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆش سێکتەرێکی گرنگن و ڕیزبەندی دراوەتە چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی ئەم سێکتەرە، لەم تێڕوانینەوە پێویستە ئاماژە بە پرۆژە ستراتیژییەکان بکەین، کە هەندێ پرۆژە لە پێشترە و لە کابینەکانی دیکەدا دەستی پێ کردبوو، بەڵام بە هۆی بابەتی تەکنیکی و دارایی و یاساییەوە ڕاگیرابوون، وەکو پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوەی (ئاکرێ و ٥١ گوندی بارزان و دەربەندیخان و دەربەندی ڕانیە) ئەو پرۆژانە هەر یەکەی بە هۆکارێك ڕاگیرابوون، لە پاش دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی هەرێمی کوردستانەوە هەموو ئەو پرۆژانە بوودجەیان




**لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانراوە بە ڕێژەی ٥٠٪ سوود لە ئاوی سەر زەوی وەربگرین و بە ڕێژەی ٥٠٪ بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەویمان کەم کردووەتەوە**

بۆ دابین کرا و ئێستا لەژێر ئەنجامدانن و لە ماوەیەکی کورتدا دەکەونە خزمەتی هاووڵاتیانەوە. تێچووی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی ٥١ گوندی بارزان زیاتر لە (١٤٠) ملیار دینارە و دەربەندی ڕانیە (٣٧)ملیار دینارە و دەربەندیخان (٢٥)ملیار دینارە و ئاکرێ (١٠٩) ملیار دینارە، هەروەها ئەو پرۆژانەی لە تەمەنی کابینەی نۆیەمدا گرێبەستیان بۆ کراوە و لەژێر جێبەجێکردندان وەکو پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی دەوروبەری پیرمام کە بودجەکەی (١٤) ملیۆن دۆلارە و کەشفێکی زیادکراویشی ئێستا بۆ کراوە، ئەوە بودجەکەی دەبێتە (١٧) ملیۆن دۆلار، کە دانانی تۆڕی ئاوی پیرمام و سەری بڵندی لەگەڵ ئەنجام دەدرێت، دووەمیش پرۆژەی ئاوی (گۆپتەپە—چەمچەماڵ)ـە، کە ستراتیژییە و بە گوژمەی (٧٨) ملیۆن دۆلار کە دەکاتە (١٠٢) ملیار دینار لە زێی بچووك لە گوندی گۆپتەپەوە بە چوار قۆناغ ئاو دەگوازێتەوە بۆ چەمچەماڵ، ئەم پرۆژەیەش لە ژێر جێبەجێکردندایە کە ماوەی (٧٢٠) ڕۆژی بۆ دانراوە تەواو بکرێت، هەروەها پرۆژەی ستراتیژیی فریاگوزاریی خێرای شاری هەولێرمان هەیە کە توانای (٢٠) هەزار مەتر سێجای هەیە لە کاتژمێرێکدا، بە تەواوبوونی ئەو پرۆژەیە ئەو کێشە و گرفتانەی لە شاری هەولێر هەیە لە ڕووی کەمیی و نەبوونی ئاوی خواردنەوەوە، کە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، ئەوە بۆ ماوەی (٣٠) ساڵ بە یەکجاری چارەسەر دەبێت، کە بڕی (٤٧٩) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە.

هاوکات لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی ستراتیژیی قەزای قوشتەپە بەردی بناغەی بۆ دانرا کە ئاو لە گوندی قەشقەوە دەگوازیتەوە بۆ بیستانە و قوشتەپە،




ئەو گوندانەی لەسەر ئاراستەی ئەو پڕۆژەیەن کە زیاتر لە (٦٠) گوند، دەبێت هەر هەمووی سوودمەند ببن، کە درێژیی بۆڕییەکەی (٣٨) کیلۆمەترە و بە دوو قۆناغ ئاو بەرز دەکاتەوە، لە قۆناغی سێیەمدا گوندەکان لێی سوودمەند دەبن کە نزیکەی (١٩٠) ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، هاوکات پڕۆژەی ئاوی فایدە هەیە کە بڕی (٣٠) ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، هاوکات لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانراوە بە ڕێژەی ٥٠٪ سوود لە ئاوی سەر زەوی وەربگرین و بە ڕێژەی ٥٠٪ بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەویمان کەم کردووەتەوە. لە داهاتوویەکی نزیکدا زۆربەی بیرەکان بۆ نموونە لە شارێکی وەکو هەولێر دادەخرێن، تەنیا ئاوی سەر زەوی بەکاردێت، لە ڕێگەی پڕۆژە ستراتیژییەکانەوە و بەو پلانەی دانراوە کە ئەو (١١) پڕۆژە ستراتیژییەی ئاوی خواردنەوە لە هەموو و کوردستان تەواو ببێت، ئەوە سوودوەرگرتن لە ئاوی سەر زەوی دەگاتە ٨٠٪ و ئاوی ژێر زەوی کە بەکار دێت دەگاتە ٢٠٪ کە ئەو چەند پڕۆژەیەش وەکو پڕۆژەی ئاوی فریاگوزاریی هەولێر و گۆپتەپە—چەمچەماڵ و دەربەندیخان و دەربەندی ڕانیە و ئاوی سلێمانی و بەردەڕەش و سۆران و هەریر و ئاوی گەرمیان کە بەرفرەوان دەکرێت و پڕۆژەی ئاوی خەبات و کەوروگۆسك لە پارێزگای هەولێر، هاوکات لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران دوو پڕۆژەی ئاوی ستراتیژی هەیە، کە یەکێکیان لە ئاوی بێخاڵ—سۆرانە و پڕۆژەی دووەم زارگەلی—سۆرانە، کە لە ئێستادا بە هۆی بەرفرەوانبوونی شارەکەوە داوای پڕۆژەیەکی دیکەی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوە دەکەن، کە پێویستی بە (٢٠٠) ملیار دینار

**لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا بە سەدان بەند او پۆند لە هەموو کوردستان دروست کراون، کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەوەی لافاو لە کوردستان مەترسی بۆ هاووڵاتیان دروست نەکات**

**ئەو پارەی تا ئێستا لە کۆکردنەوەی ئاو لە هەرێمی کوردستان بەگشتی وەری دەگرێن، دەگاتە ٤٠٪ی ئەو پارەیەی کە لە بەرهەمهێنانی ئاو و گەیاندنی بۆ ناو ماڵان خەرجی دەکەین**

دەبێت، ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆش دوو پڕۆژەی ئاویان هەیە کە یەکێکیان پڕۆژەی ئاوی زاخۆی کۆنە و دووەمیان ئاوی زاخۆی نوێیە، کە هەر دوو پڕۆژەکە بەبێ کێشە کار دەکەن و پێویستیان بە پڕۆژەی دیکەی ئاو نییە.

*** ئایا پڕۆژە کورتخایەن و ساڵانەتان لە سێکتەری ئاوی خواردنەوە لەو کابینەیەدا چییە؟**

- بەرنامە و پلانانەکانمان بریتین لە لێدانی بیری تازە و لێدانی بیری بەدیل و دانانی تۆڕی دابەشکردنی ئاو لە گەڕەك و کۆڵانە تازەکان و چاککردن و نۆژەنکردنەوەی تۆڕی کۆنەکان و، ئیداردانی بیرە ئاوەکان و پڕۆژە ستراتیژەییەکانی ئاوی خواردنەوە و دابینکردنی کەلوپەل بۆ بیر



و پڕۆژەکان و کڕین و دابینکردنی کەرەستەی پاککردنەوەی ئاو و چاککردنەوەی وێستگەکانی ئاو، کە هەموو ئەو کارانە دەچنە چوارچێوەی پلانە کورتخایەنەکان، کە وەرزین یان ساڵانەن، چاککردنی بیر و تۆڕەکانیش کە پلانی ڕۆژانە و هەفتانەن، ئەو کار و پڕۆژانەی لەو پلان و بەرنامەیەدان دوو جۆر خەرجی هەیە، بەگشتی تێچوە ڕاستەوخۆکان ساڵانە لە نێوان (١٣٠ بۆ ١٦٠) ملیار دینارە و خەرجی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە خەرجی کارەباشەوە بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە لە هەموو هەرێمی کوردستاندا ساڵانە دەگاتە (٥٠٠) ملیار دینار.

**لە شاری هەولێر لە سەرووی٩٠٪ی هاوبەشەکانی ئاو پێوەریان بەستووە و لە دهۆک لەسەرووی ٨٨٪ی بەستوویانە و لە سلێمانی نزیکەی ٨٣٪ی پێوەری ئاویان بەستووە**

*** ئایا ئەو پڕۆژەیە بەکوێ گەیشت کە سەرۆکی حکومەتی کوردستان بڕیاری دا بە زووترین کات بۆڕیی ئیفراز سێ بگۆڕدرێت، کە ماوە ماوە دەشکا و دەبووە هۆکاری بێئاوی، یان کەمئای لە شاری هەولێر؟**

- پاش ئەوەی چەندین جار بۆڕیی ئاوی ئیفراز سێ لە نێوان مەرعۆدا و کۆگای سەرەکیی ئاوی خواردنەوە لە نزیك گەڕەکی هەولێری نوێ کە درێژییەکەی (١١) کلیۆمەتر بوو، دەشکا، ڕێزدار مسرور بارزانی بڕیاری دا، بە زووترین کات ئەو بۆڕییە لەو نێوانەدا بگۆڕدرێت و بە شێوەیەکی باش بۆڕیی ستانداردی هاوچەرخی بۆ دابین بکرێت، کە زیاتر لە (٢١) ملیار دیناری بۆ تەرخان کرد، بەڵام ئەو درێژییەی کە (٢٧٥٠) مەتر بوو گۆڕدرا، تەنیا (٤) ملیار و (٣٠٠) ملیۆن دیناری بۆ خەرج کرا، پاش گۆڕینی ئەو بۆڕییە کە زیاتر لەو شوێنە بوو کە گۆڕیمان تا ئێستا هیچ شکانێکی دیکە ڕووی نەداوە .

*** ئایا کارو پلانتان بۆ ئاوەڕۆی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان چۆنە و لەو کابینەیەدا چی کراوە؟**

- لە هەموو شارەکانی کوردستان چەندین پڕۆژەی ئاوەڕۆ و تۆڕی بەستنەوەی ئاوەڕۆیەکان بەیەکترەوە و بەستنەوەیان بە ئاوەڕۆ سەرەکییەکانەوە هەیە، بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانکارییەی کەشوهەوا و دروستبوونی لافاو لە چەندین شوێنی کوردستاندا، دوای ئەوەی ڕاسپارەکانی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم زۆر دیار بوو لەسەر ئەو کار و پڕۆژانەی کە دەبنە هۆکاری کەمکردنەوە، یان نەهێشتنی کۆبوونەوەی ئاو و دروستبوونی لافاو، بەتایبەتی لە ناو شار و شارۆچکەکان، بەگشتی هەر لەو پڕۆژەی ئاوەڕۆیانەی لە شاری هەولێر بۆ نەهێشتنی لافاو دروست کران، پڕۆژەی ئاوەڕۆی ڕێگەی مەسیف سەلاحەدین—هەولێرە، لەوێشەوە بۆ ناو گەڕەکی زێڕین کە ئەو پڕۆژەیە بەتەواوی جێبەجێ کراوە و ساڵی پار دیتمان کە کاریگەریی تەواوی لەسەر ئەوە هەبوو کە ئاو لەو ڕێگە سەرەکی و گەڕەك و شوێنانەدا کۆ نەبێتەوە، کە ئەم پڕۆژەیە نۆ ملیار دیناری بۆ خەرج کراوە، لەو پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییانەی کە لە قۆناغی جێبەجێکردنایە پڕۆژەی ئاوەڕۆی قورسی شاری هەولێرە، کە وێستگەیەکی پاڵاوتنی ئاوی قورسی لەگەڵدایە،



دەکەوێتە خوارووی هەولێر، وەکو قۆناغی یەکەم وێستگەکە لەگەڵ ئاوەڕۆ قورسەکەی ئەو سێ گەڕەکە (٥٠٠) ملیۆن دۆلاری پێویستە، کە لە ئێستادا لە ڕێگەی ڕێکخراوی جایکای یابانییەوە (٢٣٠) ملیۆن دۆلاری بۆ دابین کراوە و هەموو پرۆژەی ئاوەڕۆیەکەی هەولێر کە بە چەند قۆناغێك تەواو دەبێت، پێویستی بە زیاتر لە چوار ملیار دۆلارە. لەلایەکی دیکەوە لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا بە سەدان بەند او پۆند لە هەموو کوردستان دروست کراون، کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەوەی لافاو لە کوردستان مەترسی بۆ هاووڵاتیان دروست نەکات. هەروەها لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆك وەزیرانی کوردستان دیزاین و وردەکاری ئامادەکراو بۆ ئاوەڕۆی قورسی شاری سلێمانی کراوە، لە ئێستادا لە هەوڵداین بۆ شاری دهۆکیش لە بواری ئاوەڕۆی قورسدا دەست بە پرۆژە بکەین.

*** ئایا تا ئێستا ڕێژەی دانانی پێوەری ئاو چۆنە لەلایەن هاوبەشانی ئاوەوە؟**

- ئەو پارەی تا ئێستا لە کۆکردنەوەی ئاو لە هەرێمی کوردستان بەگشتی وەری دەگرین، دەگاتە ٤٠٪ی ئەو پارەیەی کە لە بەرهەمهێنانی ئاو و گەیاندنی بۆ ناو ماڵان خەرجی دەکەین، چونکە ساڵانە بەرهەمێنانی ئاو وگەیاندنی بۆ هاووڵاتیان (١٤٠ تا ١٥٠) ملیار دنیار تێچوویەتی، ئەگەرچی تەنیا لە هاوبەشەکانمان ساڵانە (٤٠ تا ٦٠) ملیار دینارمان دەست کەوتووەتەوە و لە باشترین حاڵەتدا وەکو ساڵی ڕابردوو کە توانرا (٦٣) ملیار دینار کرێی ئاو لە هاوبەشەکانمان بەگشتی لە هەرێمی کوردستان وەربگرین، بەڵام لە پرۆسەی بەستنی پێوەری ئاو بەگشتی بۆ هەموو هەرێمی کوردستان گەیشتووینەتە ٨٢٪ کە لە شاری هەولێر لە سەرووی ٩٠٪ی هاوبەشەکانی ئاو پێوەریان بەستووە و لە دهۆك لەسەرووی ٨٨٪ی بەستوویانە و لە سلێمانی نزیکەی ٨٣٪ی پێوەری ئاویان بەستووە، لە ساڵی ٢٠٢١ تا ئێستا شەش جار لێخۆشبوون بۆ پارەی ئاو بۆ هاوبەشان دەرچووە، کە کارێکی زۆر گرنگ و باشی بووە و یارمەتی و پاڵپشتییەکی گەورەش بووە بۆ هاوبەشەکانی ئاو.

سەمیرە حەسەن حەمید هیرانی
پسپۆڕی پەروەردەیی بۆ گوڵان:

# سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کردار گرنگییەکی زۆریان داوە بە پەروەردە و فێرکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەم کەرتە



# گرنگیدان بە باروبژێویی ژیانی مامۆستایان و فەرمانبەران لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانم دەبێت

**هەفتەی ڕابردوو مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی ١٥ قوتابخانەی دانا، ئەمەش لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەو هەوڵانە دێت، کە لە کابینەی نۆیەمی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرتی پەروەردە و فێرکردن هەوڵی جدیی بۆ دراوە، وێڕای بوونی قەیرانەکانی پەتای کۆرۆنا و هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی لە بەردەم کەرتی پەروەردە و کاروانی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی نرا. گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکیدا لەگەڵ سەمیرە حەسەن حەمید هیرانی پسپۆڕ و شارەزای بواری پەروەردە، چەندین پرسیاری تایبەت بە کەرتی پەروەردە ئاراستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** پەروەردە و فێرکردن بناغەی سەرەکیی پەرەپێدانی هەموو کەرت و سێکتەرەکانە، تەنانەت نیشتمانپەروەری و ڕۆحی نەتەوەیی لەم کەرتەوە بونیاد دەنرێت، ئەمە وێڕای ئەوەی خەم و خواستی هەموو دایك و باوکێکە کە منداڵەکەی پەروەردەیەکی دروست و فێرکردنێکی باشی بۆ زامن بکرێت. وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی کەرتی پەروەردە کە زیاتر لە ٣٨ ساڵە لەم بوارەدا کارت کردووە، ئایا چۆن دەڕوانیتە هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا؟**

- ڕێبەر و مەرجەعی نیشتمانی و نەتەوەیی کورد و کوردستان مسعود بارزانی لە چەندین بۆنەدا جەختی لەسەر گرنگیی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی منداڵەکانی کورد و کوردستانییان کردووەتەوە، لەسەر ئەم فەرمان و ڕاسپاردانە جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگییەکی زۆریان داوە بە کەرتی پەروەردە و فێرکردن، ئەوان دوور لە موزایەدە و دروشمی قەبە و بریقەدار، بە کردار کاریان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی کەرتی پەروەردە کردووە، ئەوەتا تەنیا لە ماوەی یەك مانگدا (٣٨) هەزار وانەبێژ کرانە مامۆستای گرێبەست و پێشتریش ٥٠٠٠ مامۆستای گرێبەست کرانە هەمیشەیی. هەر لە هەفتەی ڕابردوودا بوو کە ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی ١٥ قوتابخانەی پێشکەوتووی دانا. ئەوەی لەسەر ڕێبازی بارزانیی باوك و سیمبولی نەتەوەیی مەلا مستەفا بارزانی و عەقیدەی بارزان بێت، بە کردار خەمخۆرە و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەم کەرتی پەروەردە دەدات. کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگ و بەربەستەکانی بڕینی بودجە و مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی پەروەردە و هەموو مووچەخۆران بووەوە. هەر چەند ساڵێك لەمەوبەر بوو، پەتای کۆرۆنا نەیتوانی ڕێگە بەوەستانی خوێندن بگرێت و لەڕۆژە سەختەکاندا بە شێوەی ئۆنلاین و ئەلەکترۆنی بەردەوامی بە خوێندن درا. جێگای فەخر و شانازییە من وەکو کاندیدی ژمارە ٣١ی لیستی ١٩٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان کاندید کراوم بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە زیاتر خزمەتی هەموو ئەو یاسا و بڕیارانە بکەم، کە لە خزمەتی هاووڵاتیانی

**ڕێبەر و مەرجەعی نیشتمانی و نەتەوەیی کورد و کوردستان مسعود بارزانی لە چەندین بۆنەدا جەختی لەسەر گرنگیی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی منداڵەکانی کورد و کوردستانییان کردووەتەوە**

**تەنیا لە ماوەی یەک مانگدا (٣٨) هەزار وانەبێژ کرانە مامۆستای گرێبەست و پێشتریش ٥٠٠٠ مامۆستای گرێبەست کرانە هەمیشەیی**



خۆشەویست و کەرتی پەروەردە و فێرکردندایە. هەوڵ دەدەم و پاڵپشتیی ئەوە دەکەم، زیاتر گرنگی بەو وانە و کارانە بدرێت کە خولیای قوتابییە و وا دەکات هاوڕێیەتی و خۆشەویستی لە نێوان قوتابی و قوتابخانە دروست بێت.

*** باسی کێشە و گرفتەکانت کرد و ئاماژەت بەوە دا، بە کردار پارتی دیموکراتی کوردستان کاری بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو ئالنگاری و کێشانە کردووە. ئایا لایەنەکانی دیکە و ئەو حزبانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دادەنێن، یان بەشدار بوون لەم کابینەیەدا، کە تا ئێستا تەنیا باسی کێشە و گرفتەکان دەکەن، چییان لەم پێناوەدا کردووە، بۆ ئەوەی گرنگترین کەرتی پەروەردەیی کە پەیوەندی بە چارەنووسی منداڵەکان و گەنجەکانەوە هەیە، کێشەکانی چارەسەر بکەن؟ بۆچی ئەو پرسە تەنیا وەك ماددەیەکی ئیعلامی و پڕوپاگەندە بەکار دەهێنن؟**

- لە ڕۆژە سەختەکان و لە بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی مامۆستایانی بەڕێز و فەرمانبەرانی پەروەردە، زۆر بوون ئەوانەی هانی بەغدایان دەدا بۆ بڕینی قووتی خەڵك و لە کوردستانیش فرمێسکی تیمساحانەیان دەڕشت، بەڵام ژمارەیان زۆر کەم بوو، ئەوانەی وەکو ڕێزداران سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆڵیان نەدا و بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانیان زامن کرد. خۆ ئەگەر مەرجەعی کورد مسعود بارزانی نەبووایە کە لە ناو لایەنەکانی هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کاری جددی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە کرد، هەرگیز مووچە و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان نەدەهات. بایکۆت و دەوام نەکردن چارەسەر نەبوو، تەنیا بۆ وێرانکردن و بەفیڕۆدانی ڕەنج و خەونی دایك و باوکان بوو بۆ جگەرگۆشەکانیان و

**ئەوەی لەسەر ڕێبازی بارزانیی باوک و سیمبولی نەتەوەیی مەلا مستەفا بارزانی و عەقیدەی بارزان بێت، بە کردار خەمخۆرە و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەم کەرتی پەروەردە دەدات**



لە دەستدانی ساڵێکی خوێندن، لە بەرانبەردا هەڵمەتەکانی دروستکردنی بینایەی خوێندن و گۆڕین و چاککردنی پرۆگرامەکان و دانانی بەشی ئۆنلاین و تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و ڕێگرتن لە بەکارهێنانی پۆلەکانی خوێندن بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی و کەمبوونەوەی توندوتیژییەکان، دەستکەوتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، چەواشەکردنی ڕای گشتی وەکو بەڕێز مەسرور بارزانی لە دانانی بەردی بناغەی ١٥ قوتابخانەدا ئاماژەی پێدا کە «گوێ نادەینە ئەو چەواشەکارییانە و ئەوەی لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بێت، ئەنجامی دەدەین..»، ئەوەتا نەک تەنیا چارەسەری زۆربەی کێشەکانی ئەم کەرتە کراوە، بەڵکو تا کۆتایی ئەمساڵ ١٩٤ قوتابخانە دروست دەکرێن و ١٦٧٠ قوتابخانەش نۆژەن دەکرێنەوە. من کار بۆ ئەوە دەکەم لە ناو هەموو قوتابخانەکاندا یاریگە و کافتریا و مەلەوانگە و پەرتووکخانە و فێرگەی کاری دەستی دابنرێت. وەکو کەسێکی پسپۆڕی کەرتی پەروەردە و فێرکردن لەسەر ئەم ڕێبازەی خزمەتکردنی هاوولاتیان و منداڵ و قوتابیان کار دەکەم و پشت ئەستوورم بە ڕێباز و عەقیدە و بەرنامەیەك کە خزمەتکردنی خەڵکی کوردستانە، لەکاتی بەدەستهێنانی دەنگی پێویستیش لە ناو پەرلەمان بەرگریکار و پارێزەرێکی پێشخستنی کەرتی پەروەردە دەبم.

**تا کۆتایی ئەمساڵ ١٩٤ قوتابخانە دروست دەکرێن و ١٦٧٠ قوتابخانەش نۆژەن دەکرێنەوە**

*** لە چەندین بۆنەدا ئاماژەت بەوە داوە، کە پێگەیاندن و خزمەتکردنی منداڵان پێویستە لە باخچە و قوتابخانە حکومییەکانەوە دەست پێ بکات، لەم بارەوە چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی قوتابخانە حکومییەکانیش هاوشێوەی قوتابخانە ئەهلییەکان بن؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە و لە هەموو دنیاش قوتابخانەی حکومی و قوتابخانەی ئەهلی هەیە، بەڵام دەبێت خزمەتگوزارییەکان و




پڕۆگرام و گرنگیدانەکان ئەگەر وەکو یەکیش نەبن، لە یەك نزیك بن. بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانی ڕێژەی نەخوێندەواری لە ٢٤٪ بۆ ١٦٪ دابەزێنێت و هاوشێوەی کەرتەکانی دیکە ژێرخانی کەرتی پەروەردە ببووژێنێتەوە. بەڕێز وەزیری پەروەردە ئاماژەی بەوە دا کە لە ساڵی ٢٠١٩ تاکو ٢٠٢٢ زیاتر لە ٣٠٠ پرۆژەی خزمەتگوزاری لە کەرتی پەروەردە پێشکەش بە شار و شارۆچکەکان کراون. پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی بۆ ئێمەی کاندیدەکانی پارتی بەتایبەتی ئەوانەی وەکو من پسپۆڕایەتییان لە کەرتی پەروەردە و فێرکردن هەیە، ئەوە بووە کە گرنگیی زیاتر بە ناوەندەکانی خوێندن بدەین، بەتایبەتی لە قوتابخانە حکومییەکان. من سوپاس و ڕێزم بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی پەروەردە هەیە، کە پشوودرێژ بوون و دڵسۆزانە ڕێگەیان نەدا لە ڕۆژە سەختەکانی کۆرۆنا و دواتر هاندانی حزبەکان بۆ دەوام نەکردن، زیان بەر پرۆسەی خوێندن بکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدام بە هەر شێوەیەك بێت، مافەکانیان زامن بکرێن، تاوەکو بە دەروون و حەزێکی زیاترەوە لە پۆلەکانی خوێندن وانە بە قوتابییە بەڕێزەکانمان بڵێنەوە.

من لە ناو پارتێکی نیشتمانپەروەر و نەتەوەیی ئەندامم، کە سیمبولی نەتەوەیی مەلا مستەفا بارزانییە، گرنگیی زۆری بە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان داوە و مامۆستای زۆر لا پیرۆز بووە، لەسەر ئەو ڕێبازەش کار دەکەم کە هاوسەنگی لە گرنگیدان بە قوتابی و لاوان و مامۆستایان و تەنانەت فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بدرێت. زیادکردنی ژمارەی قوتابخانەکان و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە

**لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانی ڕێژەی نەخوێندەواری لە ٢٤٪ بۆ ١٦٪ دابەزێنێت و هاوشێوەی کەرتەکانی دیکە ژێرخانی کەرتی پەروەردە بووژێنێتەوە**




کۆنەکان و دامەزراندنی مامۆستایان و گرنگیدان بە خوێندنەکانی ئابووری و ژینگەپارێزی و ماف و نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و پێکەوەژیان و زیادکردنی وانەکانی وەرزش و وێنە و مۆسیقا و کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکان و پەیڕەوکردنی ئەو پڕۆگرامانەی لەگەڵ دابونەریت و کەلتووری کوردستانی بگونجێت، بەرنامە و کاری من و پارتی دیموکراتی کوردستانە.

*** زۆر باس لە پڕۆگرامەکانی خوێندن دەکرێت و ئەمە کێشەیەکی گەورەیە. تا چەند پێویستە پێداچوونەوە بەم پڕۆگرامانەدا بکرێت؟**

- کۆمەڵگەکان و دنیا بەگشتی لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە، بۆیە چ لە ڕووی زانستی و چ لە ڕووی زمانەوانی پێویستە چاوخشاندنەوە بە پڕۆگرامەکاندا بکرێت، بە شێوەیەك ڕەچاوی هەست و ویستی قوتابیان و زانستیش بکرێت، کە لەگەڵ ستاندارده نوێیەکان بگونجێن، ڕاهێنانەکانیش بە شێوەیەك بێت، مامۆستایان بتوانن تەکنیك و شێوازی هاوچەرخ بەکار بهێنن. بە شێوەیەکی گشتی وانەوتنەوە و ئیدارەدانی پۆلەکان و خوێندن پێویستی بە گۆڕانکاریی و چاکسازیی هەیە. هەرچەندە خۆشبەختانە لەم کابینەیەدا هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ بونیادنانی ئەم گۆڕانکارییە گرنگانە نراوە. بەڵام دەبێت بە چەند قۆناغێك گرنگی بە شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی و هەموو ئەو قوربانییانە بدرێت کە وادەکات ئینتیما و هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستیی خاك و نیشتمان بزانرێت.

بە شێوەیەکی گشتی دەنگدان بە لیستی ژمارە ١٩٠ دەنگدانە بۆ خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بونیادنانی سەرجەم کایەکان و لە ڕیزبەندی پێشەوەی کەرتی پەروەردە و خوێندنە.

**لە ساڵی ٢٠١٩ تاکو ٢٠٢٢ زیاتر لە ٣٠٠ پرۆژەی خزمەتگوزاریی لە کەرتی پەروەردە پێشکەش بە شار و شارۆچکەکان کراون**

جێفری ڤان دێن بێرگ، پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە بەشی زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی دروری، بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ. بۆ بەدواداچوون و شرۆڤەکردنی ئەو پەرەسەندنانەی کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتوونەتە ئاراوە و ئاقاری شەڕی غەززە لە نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماس و بارگرژی و هێرشەکانی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنان و، ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی بەربڵاوی ناوچەیی لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا، هەروەها چەند پرس و بابەتی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

## پرۆفیسۆر جێفری ڤان دێن بێرگ بۆ گوڵان:

# هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەستیارە و ئەگەری ئەوە هەیە دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت

# دیمانەی تایبەت



**ئەوەی حاڵی حازر ڕوو دەدات شەڕێکی هەرێمایەتییە، بەڵام لە ئاست و مەودایەکی بچووکتردا**

*** ئاشکرایە کە لە دوای هێرشەکانی بزوتنەوەی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو بۆ سەر ئیسرائیل و کوشتن و بەبارمتەگرتنی چەندان هاووڵاتیی ئەو وڵاتە، شەڕێکی سەخت و خوێناوی لە کەرتی غەززە هاتووەتە ئاراوە، دانیشتووانی غەززەش تووشی کوشتار و کاولکاری بوونەتەوە، لە ئێستاشدا ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی بەربڵاو لە نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا لە ئارادایە، ئێوە چۆن لە ڕەوتی ڕووداو و پەرەسەندنەکانی ئەم ناوچەیە دەڕوانن و ئایا دۆخەکە بەرەو کوێمان دەبات؟**

- لە ڕاستیدا وەسفی من بۆ بارودۆخی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە ئەوەی حاڵی حازر ڕوو دەدات شەڕێکی هەرێمایەتییە، بەڵام لە ئاست و مەودایەکی بچووکتردا، ئەمەش لەبەر ئەوە دەڵێم، کە زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە دۆخەکە سەر دەکێشێت بۆ شەڕێکی هەرێمایەتی، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، ئەوەی ڕوو دەدات، شەڕێکی لەم چەشنەیە، بەڵام لە ئاستێکی کەمتردا. هەر چۆنێك بێت، دەکرێت ئەم شەڕە مەودایەکی بەرفراوانتر و توندوتیژتر بە خۆیەوە بگرێت، بگرە دەکرێت سەربکێشێت بۆ پێکدادان و ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستەوخۆش، لە ئەمساڵیشدا چەندین کار و کاردانەوە و هەڵکشانی بارگرژییەکانمان بینیوە کە لەم ناوچەیەدا ڕوویان داوە.

*** لە هەفتەی ڕابردودا هەندێ پەرەسەندنی سەیر و سەرنجڕاکێش ڕوویان دا، بەتایبەتی تەقاندنەوەی ئامێرەکانی پەیجەر، کە ئەندام و کادرەکانی حزبوڵڵای لوبنانی بەکاریان دەهێنن، ئۆباڵەکەشی دەخرێتە ئەستۆی ئیسرائیل، ئایا ئەم جۆرە ڕووداوانە نابنە هۆی ئەوەی دۆخەکە**

**پتر ئاڵۆز ببێت و زیاتر لە ئەگەری شەڕێکی سەرتاسەری نزیک ببینەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە هێرشی پەیجەرەکان (تەقاندنەوەی ئەم ئامێرانە) دەبنە هۆی ئەوەی حزبوڵڵا و دەوڵەتی ئێران بیر لە تۆڵەکردنەوە بکەنەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکانیش ئەم تۆڵەکردنەوەیە ئەنجام دەدەن، هەرچۆنێک بێت مەترسییەکە ئەوەیە کە بارودۆخەکە بە شێوەیەکی نەخوازراو بەرەو هەڵکشان بچێت، کە لایەنە ڕکابەرەکان ناچار بکات، بە چەشنێک پەرچەکردار و کاردانەوەیان هەبێت، کە ئاست و مەودای شەڕەکە بەرفراوانتر و گەورەتر بکات و ڕادەی توندوتیژییەکە زیاتر بکات، کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا لە ئێستادا ناوچەکە بە هەلومەرجێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت و ئەگەری ئەوەش هەیە دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نزیکەی ساڵێك بەر لە ئێستا و پێش هێرشەکانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، ئەوە بەدی دەکرا کە دۆخەکە جۆرێك لە ئارامی و سەقامگیریی تێدا بەدی هاتبوو، بەتایبەتی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش ئاماژەیەکی بەم چەشنە دا، کەچی دواتر نەك هەر بارودۆخەکە تەقییەوە، بەڵکو ئەوەتا ئەگەری تەشەنەکردنی زیاتری ئاگری شەڕەکەش لە ئارادایە. چ شتێك لە ئارادا بوو، کە بە ئاسانی بەدی نەدەکرا و بووە هۆی ئەوەی دۆخەکە بەم حاڵەی ئێستا بگات؟**

- ئەوەی مایەی کارەساتە ئەوەیە کە دەتوانین ئەو سەقامگیرییەی لەو کاتەدا لە ئارادا بوو، بیکەینە خاڵی دەستپێکی شرۆڤەکردنەکە و داڕووخانی بارودۆخەکەی پێ لێك بدەینەوە، با مەبەستەکەم زیاتر ڕوون بکەمەوە، پێش هێرشەکانی بزووتنەوەی حەماس، ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە کاریان لەسەر گەیشتن بە ڕێککەوتنێك دەکرد، کە ئەنجامدانی ئەم ڕێککەوتنەش مایەی مەترسی و هەڕەشە بوو بۆ سەر پێگەی بزوتنەوەی حەماس، لە هەمان کاتدا ئالنگارییەکی هەرێمایەتییش دەبوو بۆ ئێران، کە خۆی لە بنەڕەتدا ئامانجی ڕێککەوتنی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئیسرائیل (ئەگەر بێتەئاراوە) بۆ ئەوەیە بەرپەرچدانەوەیەك لە بەرانبەر ئێراندا دروست بکرێت، کەواتە دەکرێت بڵێین سەقامگیری و ئەگەری ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئیسرائیل بوونە هۆکارێك کە حەماس بە باشی بزانێت لەو کاتەدا هێرشێکی لەو چەشنە ئەنجام بدات، چونکە بۆ گرووپێکی وەك بزووتنەوەی حەماس خراپترین شتێك کە ڕوو بدات، بەرەوپێشچوونێکی ئاشتییانە و سەرچاوەگرتوو لە گفتوگۆ بووە، واتە لەبەر ئەوەی حەماس خۆی وەك گرووپێکی بەرگریکار و بەرهەڵستکار وێنا دەکات، ئەوا هەر بەرەوپێشچوونێك کە ببێتە هۆی نەهێشتنی پاساوی بەرگریکردن و موقاوەمەکردن، دەبێتەهۆی ئەوەی ئەم گرووپە هێرشێکی لەو شێوەیە ئەنجام بدات، کە بەدیمان کرد. کەواتە ئەگەر دووبارە بگەڕێمەوە بۆ پرسی بوونی سەقامگیریی پێش هێرشەکانی حەماس، ئەوا نکۆڵی لەوە ناکرێت کە لەو کاتەشدا هێشتا هەڕەشەی جددی هەبوون لەم ناوچەیەدا، چونکە گرووپەکانی نزیك لە ئێران دەیان هێرشیان ئەنجام دەدا، هەروەها لە عێراقدا جموجووڵ و چالاکییەکانی داعش زیاتر بوون، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە، ئەوەیە کە گفتوگۆیەك لە نێوان لایەنە گەورە و بەهێزەکاندا لە ئارادا بوو (ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە)، بە بێ ئەوەی کێشەی فەلەستین لەبەرچاو بگیرێت، کە ئەمەش ئەوەمان بۆ لێك دەداتەوە کە بۆچی حەماس ئەو کاتەی هەڵبژارد بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانی.

*** ئاماژەتان بە شەڕێك، یان ئەگەری شەڕێکی سەرتاسەری کرد، کە ئاشکرایە لە ئێستادا شەڕەکە تەنیا لە نێوان ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماسدا قەتیس نەبووە، ئەوە حوسییەکانی یەمەن و چەندین گرووپی چەکداری لە عێراق و حزبوڵڵای لوبنانییش بە جۆرێك لە جۆرەکان لەم شەڕەوە تێوەگلاون. ئایا هەموو ئەمانە نەبوونەتە هۆی ڕوودانی شەڕێکی گەورەتر و ئەگەرێکی زیاتر و گەورەتر، بەتایبەتی لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا؟**

- من پێم وایە هێشتا ئەگەرێکی گەورەی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا لە ئارادا نییە، بە دڵنیاییەوە بەرپابوونی شەڕێکی لەم چەشنەش لە بەرژەوەندیی ئێراندا نییە، چونکە ئاشکرایە ئێران پیوانە و کێشانە بۆ هێرش و کاردانەوەکانی ئەنجام دەدات، هێرشی ڕاستەوخۆی ئێرانیش بۆ سەر ئیسرائیل (کە لە ماوەی ڕابردوودا و لە شێوەی موشەك و

**هێرشی پەیجەرەکان (تەقاندنەوەی ئەم ئامێرانە) دەبنە هۆی ئەوەی حزبوڵڵا و دەوڵەتی ئێران بیر لە تۆڵەکردنەوە بکەنەوە**

**پێش هێرشەکانی بزووتنەوەی حەماس، ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە کاریان لەسەر گەیشتن بە ڕێککەوتنێک دەکرد، کە ئەنجامدانی ئەم ڕێککەوتنەش مایەی مەترسی و هەڕەشە بوو بۆ سەر پێگەی بزوتنەوەی حەماس، لە هەمان کاتدا ئالنگارییەکی هەرێمایەتییش دەبوو بۆ ئێران**

**لە بنەڕەتدا ئامانجی ڕێککەوتنی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئیسرائیل (ئەگەر بێتەئاراوە) بۆ ئەوەیە بەرپەرچدانەوەیەک لە بەرانبەر ئێراندا دروست بکرێت**

**سەقامگیری و ئەگەری ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئیسرائیل بوونە هۆکارێک کە حەماس بە باشی بزانێت لەو کاتەدا هێرشێکی لەو چەشنە ئەنجام بدات**



فرۆکەی بیفرۆکەوان) ئەنجامیدا، کاردانەوەی کۆمەڵێك ئیستفزازی ئیسرائیل بوون، هەروەها ئێران پێشوەختە لایەنەکانی ئاگادار کردبووەوە کە ئەم مووشەکانە هەڵدەدات، کە ئەمەش بواری ڕەخساند بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکرێت و هەر لە ئاسمانیشدا بخرێنە خوارەوە، کەواتە لەو کاتەدا پەیوەندییەك هەبوو بۆ ئیحتیواکردنی ئەو هێرش و کاردانەوانەی کە ئێران ئەنجامیدا بە پێویست دەزانی. کەواتە ئەگەر لە بارودۆخی ئێستا بڕوانین، ئەوا من ناتوانم وێنای ئەوە بکەم کە هەڵکشانی بارودۆخەکە و پێکدادانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیلدا لە بەرژەوەندیی ئێران بێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێم وایە ئێران کاردانەوەی دەبێت لە بەرانبەر ئەوەی لە هەفتەی ڕابردوودا لە لوبنان ڕووی دا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئایا دەبێت کاردانەوەکە بە چ ئەندازە و قەبارەیەك بێت، کە نەبێتە هۆی ئەوەی سەر بکێشێت بۆ لەدەستدەرچوونی بارودۆخەکە.

*** زۆر باشە با پرسێکی دیکە بورووژێنین، کە پەیوەندیدارە بە دۆخی ناوخۆی ئیسرائیلەوە، ئێوە چۆن لەم دۆخە دەڕوانن و پێتان وایە تا چ ڕاددەیەك کاریگەریی لەسەر بڕیارەکانی حکومەتەکەی نەتانیاهۆ لە ئاست شەڕەکەدا دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە بارودۆخی ناوخۆیی کاریگەریی هەیە، چونکە ئەگەر ئێمە لە ئەدای حکومەتەکەی نەتانیاهۆ بڕوانین، ئەوا ئەوە بەدی دەکەین کە هێرشەکانی بۆ سەر لوبنان و سووریا و دژ بە ئێران (بەتایبەتی کوشتنی ئیسماعیل هەنییە سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی حەماس) بە چەشنێك ئەنجام دراوە کە لە کۆتاییدا خزمەت بە مانەوەی حکومەتەکەی بکات لە دەسەڵاتدا، بۆ نموونە حکومەتەکەی نەتانیاهۆ ڕایدەگەیەنێت کە دەیەوێت بگاتە ڕێککەوتنێك لەگەڵ بزووتنەوەی حەماسدا، بەڵام دواتر پێشنیارەکان ڕەت دەکاتەوە، هەروەها دێت و هێرش دەکاتە سەر حزبوڵڵا، بە چەشنی هێرشەکانی هەفتەی ڕابردوو و تەقاندنەوەی ئامێرەکانی پەیجەر، کە بە دڵنیاییەوە هەموو ئەمانە دەبنە هۆی دواخستنی گرتنەبەری ڕێگەچارەی گفتوگۆ بۆ گەیشتن بە ئاشتی.

**هێشتا ئەگەرێکی گەورەی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا لە ئارادا نییە، بە دڵنیاییەوە بەرپابوونی شەڕێکی لەم چەشنەش لە بەرژەوەندیی ئێراندا نییە**

# دیمانەی تایبەت



کریستۆفەر جەی فێتەوێس، پرۆفیسۆری بەشی زانستی سیاسییە لە زانکۆی تۆلەین، تایبەتمەند و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك سیاسەت و ستراتیژیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەکی کۆمەڵکوژ. پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆیەکی بەناوبانگ و ئاست بەرزی وەك زانکۆی جۆرج واشنتۆن و زانکۆی ویلایەتی ئۆهایۆ، هەروەها خاوەنی چەندین توێژینەوە و کتێبە لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە پەرەسەندنەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی شەڕی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماس لە غەززە، و هێرشەکانی هەفتەی ڕابردوو بۆ سەر ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی (پەیجەر)ی حزبوڵڵای لوبنانی و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## پرۆفیسۆر کریستۆفەر فیتەویس بۆ گوڵان:

# تەقاندنەوەی ئامێری پەیجەرەکان هێرشێکی تەکنەلۆژیی مەزندە بۆنەکراو و تاسێنەر بوو

*** سەرەتا دەمانەوێت لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەست پێ بکەین، هەروەك ئاشکرایە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و ئاڵۆزی و قەیران بووە، وەك ئەوەی ئەم نەهامەتییانە بەس نەبێت، ئەوا شەڕێکی سەخت و خوێناوییش هاتە ئاراوە و بۆ نزیکەی ساڵێکە درێژە دەکێشێت، ئێوە چۆن لەم دۆخە دەڕوانن و پێتان وایە بەرەو کوێ دەچێت؟**

- ئێمە دەتوانین بڵێین کە دۆخەکە گۆڕاوە، چونکە ئەگەر لەو هێرشە تەکنەلۆژییە باوەڕپێنەکراو و تاسێنەرەوە دەست پێ بکەین، کە ئیسرائیل لە دژی حزبوڵڵای لوبنانی ئەنجامی دا، ئەمە پێشبینی نەکراو بوو، بەتایبەتی بۆ حزبوڵڵا، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆر کەس باس لە ئەگەری هەڵکشانی بارودۆخەکە بکەن، چونکە هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی ئەم شەڕەوە (شەڕی ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماس لە کەرتی غەززە) ئومێدی ئەوە دەخوازرا کە شەڕەکە تەشەنە نەکات و، لایەن و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە تێوە نەگلێن، واتە هەرچەندە ڕاستە کە حوسییەکانی یەمەن هێرشیان کردووە و ئیسرائیل کاردانەوەی هەبووە، هەروەها ئێرانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان، بەڵام هێشتا ئەوەی ڕووی نەداوە هەڵگیرسانی شەڕێکی سەرتاسەری و بەربڵاوە لە سنوورەکانی باکووری ئیسرائیل لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنانیدا، کە بەرپابوونی شەڕێکی لەم شێوەیە ژمارەیەکی زۆری کوشتاری لێ دەکەوێتەوە و بۆی هەیە لایەنی دیکەش ڕابکێشێتە نێو شەڕەکەوە، بە ئێرانیشەوە.

*** بەڵام ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوە، ئەوەیە کە دەوڵەتی ئیسرائیل سڵی نەکردووەتەوە لە هێرش و کوشتنی سەرکردەکان، وەك کوشتنی ئیسماعیل هەنییە لە نێو تاران، هەروەها**

**ئەوەی ئیسرائیل لە دژی حزبوڵڵا ئەنجامی دا (تەقاندنەوەی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن)، دەکرێت بە هێرشێکی زیرەکانە و کوشندە وەسفی بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە دووبارە ببێتەوە**

**تەقاندنەوەی ئامێرەکانی پەیوەندیی حزبوڵڵا، ئایا دۆخەکە گەیشتووەتە حاڵەتێك کە بەرەو شەڕێکی سەرتاسەری بڕوات؟**

- ئەوەی تا ئێستا لە ئارادایە و لای هەموان ڕوونە، ئەوەیە کە بەراورد بە ئیسرائیل، ئەوا ئێران و حزبوڵڵا بە جڵەوگیرییەکی زیاترەوە هەڵسوکەوتیان کردووە، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی ئێوە، ئەوا پێم وایە ئەمە بەندە بەوەی لە ڕۆژانی داهاتوودا لایەنەکان چ جۆرە کار و کاردانەوەیەکیان دەبێت، بەتایبەتی دەکرێت بپرسین: ئایا حزبوڵڵا کاردانەوەیەکی گەورە و بەربڵاوی دەبێت؟ کە ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، ئەوا بە دڵنیاییەوە شەڕەکە گەورەتر دەبێت و ئەمەش بە ڕاستی سیناریۆ هەرە خراپەکەیە بۆ هەموو لایەك، چونکە لەم حاڵەتەدا شەڕەکە تەشەنە دەکات و گەورە دەبێت و پەرەسەندنی خراپتری بە دوادا دێت. ئومێدەکە ئەوەیە ڕەوتی ڕووداوەکان بەم ئاقار و ئاراستەیەدا نەڕۆن، ئەوەشی لە دەستمان دێت، ئەوەیە کە چاوەڕێ بکەین و ببینین کە دۆخەکە چۆن دەکەوێتەوە.

*** ئەگەر لەسەر هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئامێرەکانی پەیوەندیی حزبوڵڵا ڕابوەستین، کە باس لەوە دەکرێت ئەمە شەڕێکی نوێی تەکنەلۆژییە، بەتایبەتی کە خودی ئەمینداری گشتیی حزبوڵڵا (حەسەن نەسروڵڵا)ش ئاماژەی بەوەکرد، کە حزبەکەیان گورزێکی گەورە و بێ پێشینەی بەرکەوتووە. ئایا دەکرێت بڵێین ئەمە قۆناغێکی نوێیە لەو شەڕەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادایە؟**

- ڕەنگە نەتوانین وا بڵێین و بۆی هەیە ئەمە جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە، ئەوەی ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کردووە، ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ بوونی ئەو مەیلە بێت کە هەر کاتێك شتێکی نوێ ڕوو بدات، ئەوا ڕاستەوخۆ دەمانەوێت وەك هاتنەئارای سەردەم و ڕۆژگارێکی نوێ پێناسە و وەسفی بکەین. هەروەك باسم کرد، من پێم وانییە ڕۆژگارێکی نوێ هاتبێتە ئاراوە لەم ناوچەیەدا و ئەوەی هەیە درێژەپێدانی ئەو حاڵەتەیە کە لە ئارادا بووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی ئیسرائیل لە دژی حزبوڵڵا ئەنجامی دا (تەقاندنەوەی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن)، دەکرێت بە هێرشێکی زیرەکانە و کوشندە وەسفی بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە دووبارە ببێتەوە، واتە باوەڕم وا نییە کە ئیدی گرووپ، یان حکومەتێکی دیکە هەبن کە ژمارەی زۆر لە ئامێرەکانی پەیجەر بکڕن، لەبەر ئەوە ئەوەی ڕووی دا، تەنیا بۆ یەکجار بوو.

*** بەڵام ئەم هێرشە، یان تەقاندنەوەی ئەم ئامێرانە چ کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر حزبوڵڵای لوبنانی دەبێت، بەتایبەتی کە دەگوترێت ئەمە گورزێك بوو بۆ متمانەبەخۆبوونی ئەم حزبە و لە هەمان کاتدا ئەمە مایەی پەکخستنی تۆڕەکانی پەیوەندیی ئەو حزبەیە؟**

- من نازانم، بەڵام ئەوەی مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە حزبوڵڵا ئامێرەکانی پەیجەری بەکار دەهێنا، ئەگەرچی ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کە پێیان گوتراوە پەیجەر کەمتر قابیلی ئەوەیە چاودێری بکرێت بەراورد بە مۆبایل، کە ئێمە دەزانین ئەمە تەکنەلۆژیایەکی نوێ نییە، بەڵام هەروەك گوتم، ڕەنگە هۆکارەکە ئەوە بێت، کە پێیان وابووە قابیلی ئەوە نییە چاودێری بکرێت، بە چەشنی ئامێری هۆکی تۆکی، کە ئیسرائیل ئەوانیشی تەقاندنەوە، بەڵام دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە، کە پێم وانییە جارێکی دیکە ئەمە ڕوو بدات، چونکە باوەڕم وانییە کە ئیدی کەس بەکاریان بهێنێت، ئەگەر پرسیاری ئەوەش بکرێت کە ئایا بۆی هەیە مۆبایلیش بەم شێوەیەی لێ بکرێت، ئەوا دەڵێم دەکرێت، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەوەی ڕووی دا، بۆ یەکجار بێت و دووبارە نەبێتەوە، ئەمە تەنیا مەزەندەی منە.

**باوەڕم وا نییە کە ئیدی گرووپ، یان حکومەتێکی دیکە هەبن کە ژمارەی زۆر لە ئامێرەکانی پەیجەر بکڕن، لەبەر ئەوە ئەوەی ڕووی دا، تەنیا بۆ یەکجار بوو**



*** زۆر باشە ئەگەر لە ئایندەی نزیك بڕوانین، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە چ سیناریۆیەك زیاتر ئەگەری هاتنە ئارای هەیە و، ئایا دەكرێت بڵێین هەلومەرجەكە بە چەشنێك هەڵدەكشێت كە هێرش و شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان ئێران و ئیسرائیلی لێ دەكەوێتەوە؟**

- نەخێر، من پێم وانییە، لەبەر ئەوەی پێشتر چەندین جار دەرفەتی هاتنە ئارای ئەم شەڕە دروست بووە، بەڵام هیچ یەكێك لە لایەنەكان (ئێران و ئیسرائیل) نایانەوێت دۆخەكە بگاتە شەڕێكی لەم شێوەیە، بەڵكو لێرە و لەوێ هێرش دەكەن، هەرچەندە كار و كردەوەكانی ئیسرائیل پتر هەڵكشانی بەخۆیەوە بینیوە و پەنای بردووەتە بەر كوشتنی ئێرانییەكان و سەركردەكانی حزبوڵڵا و حەماس، بەڵام دەمەوێت بڵێم، ئەگەر بارودۆخەكە هەڵكشایە، ئەوا تا ئێستا هەڵكشا بوو، هیوادارم لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەم مەزەندەیەی من بە هەڵە دەرنەچێت، چونكە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ كرد، بەشێكی زۆری دۆخەكە بەندە بەوەی حزبوڵڵا بە چ ڕادده و ئاستێك كاردانەوەی دەبێت. پوختەی وەڵامەكەم ئەوەیە كە هەردوو لا (حزبوڵڵا و ئیسرائیل) نایانەوێت دۆخەكە خراپتر بێت، واتە بارودۆخەكە بە ئاراستەی هەڵدێردا دەبەن، بەڵام ناهێڵێن لەوە زیاتر تێپەڕێت.

*** ئاشكرایە كە لە كەمتر لە پێنج مانگی دیكەدا جۆ بایدن سەرۆكی ئەمریكا نابێت، واتە یان دۆناڵد ترەمپ، یانیش كامیلا هاریس جڵەوی سەرۆكایەتیی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەگرنەدەست. ئایا پێت وایە چ جیاوازییەك لە شێوازی مامەڵەكردنی ئەم دوو كەسایەتییەدا دروست دەبێت لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە دیاریكراوی شەڕی غەززەدا؟**

- من پێم وایە دەبێت هەرچی دۆناڵد ترەمپ و كامیلا هاریس لە ئێستادا دەیڵێن فەرامۆشی بكەین، مەبەستم ئەوەیە ڕەنگە هیچ شتێك لەوانەی كە ئێستا دەیڵێن و بانگەشەی بۆ دەكەن، نەخرێتە نێو چوارچێوەی سیاسەتێكی بەرجەستەوە، چونكە ئێستا خەمی سەرەكیی هەردووكیان ئەوەیە كە دەنگ بێنن و براوەی هەڵبژاردنەكان بن و جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست، لەم ڕووەوە پەنا بۆ هەر شتێك دەبەن كە ببێتە هۆی ئەوەی دەنگی دەنگدەران بەلای خۆیاندا ڕابكێشن، بەتایبەتی دۆناڵد ترەمپ كە شتی شێتانە دەڵێت، كێ دەزانێت دواتر چی دەكات، كە زۆر باس لەوە دەكات كە چۆن دەستبەجێ و دەم و دەست شەڕەكان ڕادەگرێت، بەڵام ئەو كەسێكی سەرشێتە.

**حزبوڵڵا و ئیسرائیل نایانەوێت دۆخەكە خراپتر بێت، واتە بارودۆخەكە بە ئاراستەی هەڵدێردا دەبەن، بەڵام ناهێڵێن لەوە زیاتر تێپەڕێت**



# نابێت کچی منداڵ ماره بکرێت

# هەتا ئەگەر لەلایەن باوک و باپیریشیەوە بێت



**د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

پرسی تەمەنی گونجاو بۆ «شووکردن»ی کچ، یان پرسی «باڵغ» بوون قسە و باسی زۆری لەسەرە ئاخۆ چ قۆناغێکە؛ بە واتایەکی دیکە کچ لە چ تەمەنێك باڵغ دەبێ، یان چ تەمەنێك گونجاوە بۆ شووکردن؟ ئەگەر لە ڕووی حوکمەوە گرێبەستەکە لە هەر تەمەنێکەوە ئاسایی بێت، ئەی لە ڕووی عەمەلییەوە چ فەترەیەك گونجاوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری و گواستنەوە؟ ڕەزامەندیی کچ تا چەند پێویستە و شەریعەت لەم بارەوە چ دەڵێت؟ ڕۆڵی سەرپەرشتیار (وەلی) مەرجدارە، یان یەکلاکەرەوەیە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکەی پەیوەست بەم بابەتە، یەکێکە لەو پرسانەی جێی مشتومڕ و ڕاجیایی زۆرێك لە زانایانی فیقهی ئیسلامییە، کە مەبەستمە ڕۆشنایی بخەینە سەر و ڕەهەند و ڕۆئیاکان بەرچاو بخەین و دەرەنجامێك دیاری بکەین.

لە ڕاستیدا ڕاجیایی زانایان لە ئەنجامی ئەوەوە دروست بووە، کە لەم چوارچێوەیەدا دەقێکی ڕاشکاو نییە بۆ دیاریکردنی ئەم حاڵەتە، لە هەمان کاتیش پرسەکە بە پێی شوێن و ژینگە و لایەنی فیسیۆلۆژی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازە، بە هەڵێنجان و ئیجتیهادکردن لە چوارچێوەی هەندێ دەقی پەیوەندیدار بە لەبەر چاوگرتنی لایەنی زانستی و بارودۆخ و تایبەتمەندیی ڕێساکان و هەلومەرجی واقیعی و ژینگەیی، ئیجتیهاد کراوە، لێرەوەیە پرسی باڵغبوون و پرسی تەمەنی گونجاو بۆ بەشوودان وەك دوو شتی تا ڕادەیەك لێك جیاواز و پەیوەست بە یەکەوە باس دەکرێن. بەشێك لە زانایان باڵغبوون دەکەنە پێوەری شیاوی و ئاساییبوونی

شووکردنی کچ، بەشێکیشیان لەگەڵ گەیشتنە بلوغ مەرجی دیکەیان داناوە.

بەپێی بۆچوون و ڕای زۆرینەی زانایان باڵغبوونی کچ بەستراوەتەوە بە دەرکەوتنی نیشانەکان، نەك ساڵ، واتە لەبەر ئەوەی حاڵەتەکە بەپێی کەس و شوێن جیاوازە، بەستراوەتەوە بە دەرکەوتنی نیشانەکانی وەك: کەوتنە عادە و ئیحتیلام و موولێهاتن و...هتد.

بەڵام لە حاڵێکدا ئەگەر نیشانەکانی باڵغبوون دەرنەکەوتن، ئەوە زۆربەی زانایانی مەزهەبی شافیعی و حەنەفی و حەنبەلی؛ وەك دڵنیایی تەمەنی ١٥ ساڵیان وەك تەمەنی باڵغبوون دیاری کردووە. بە بۆچوونی هەندێ لە زانایانی مەزهەبی مالیکی تەمەنی ١٦ و ١٧ ساڵی و لای زۆرینەشیان تەمەنی ١٨ ساڵی بە دیاریکردنی تەمەنی باڵغی بە گونجاو دانراوە، لە هەموو حاڵەتەکان و بە پێی بۆچوونی مەزهەبە فیقهییەکان کچی خوار تەمەنی باڵغبوون بە منداڵ هەژمار دەکرێت.

سەبارەت بە تەمەنی گونجاو بۆ بە شوودانی کچ؛ دیسان ڕاجیایی و بۆچوونی جیاوازی فیقهی لەم بارەیەوە هەیە و، هەموو ئاراستەکانیش بەرژەوەندیی کچیان بە پلەی یەکەم ڕەچاو کردووە، چونکە لە لایەك پەیوەندی بە ماف و کەرامەتی خودی کچەوە هەیە، لەلایەکی دیکەش کچ بناغەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرییە، کە دەیان ئەرك و ماف و بەرپرسیارێتی بە هۆی ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتییەوە دێنە ئارا، بۆیە ئامادەیی و گونجاوێتی کچ بۆ چوونە ناو ئەم پرۆسەیە، دەبێ جێی بایەخی هەموو لایەك بێت، هەروەك شەریعەتی ئیسلام گرنگیی زۆری بەم هەنگاوە داوە و لە چوارچێوەی فیقهی ئیسلامی دەیان بنەما و پێوەر و ڕێنمایی و ئامۆژگاری تایبەت بە پێکهێنانی خێزان و ماف و ڕێزگرتنی ئافرەت و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ دیاری کردووە، بۆ ئەوەی لەئەنجامی شایستەیی تەواوەوە چارەنووسی پێکهێنانی خێزان ئاسۆی ڕوون بێت و سەرکەوتووانە بەو ئامانجانە بگات، کە بۆی دامەزراوە.

لەبەر ئەوەی دەقێکی ڕاشکاو نییە، ڕێك تەمەنی بەشوودانی کچ دیاری بکات، کە ئەمەش بێ حیکمەت نییە! بەڵام ناڕاستەوخۆ هەندێ بەڵگە هەن، ئاماژەی دروستی و نادروستی ئەم بابەتەیان هەڵگرتووە، بۆیە زانایانی فیقهی ئیسلامی بە سەرنجدان لەو بەڵگانە لە ڕێی هەڵێنجان و ئیجتیهاد و بەراوردی دەقەکان، بۆچوونی جیاوازیان لە بارەی بەشوودانی کچی بچووك بۆ دروست بووە، کە بەشێکیان ڕێگەیان داوە، کچی بچووك مارە بکرێ و، بەشێکی دیکەش بەلایانەوە دروست نییە، بەشێکیشیان مەرجداریان کردووە، هاوکات بابەتەکە هەم پەیوەستە بە سەرپەرشتیار (وەلی) هەمیش کۆمەڵێك مەرج و لێکدانەوە و وردەکاری لەو نێوەدا قسەوباسی لێوە کراوە، کە ڕەنگە لە وەها نووسینێك ئەو دەرفەتە نەبێت، بە درێژی باسی لێوە بکەین، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین سێ بۆچوونی سەرەکی هەن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- دروست نییە کچی بچووك مارە بکرێت، مەگەر بە ئیزنی سەرپەرشتیار نەبێ – باوك، یان باپیر- لای مەزهەبی شافیعی و، تەنیا باوك لای مەزهەبی مالیکی و حەنبەلی.

٢- دروستە کچی بچووك مارە بکرێت، لەژێر سەرپەرشتیی باوك، یان باپیر، یان کەسە نزیکەکانی، بەڵام گرێبەستەکە بەپێی نزیکیی سەرپەرشتیار –وەلی- دەگۆڕدرێت، واتە ئەگەر بە ئامادەیی باوك، یان باپیر بەشوو درا، گرێبەستەکە دەچێتە سەر، ئەگەر بە سەرپەرشتیی کەسانی دیکە بوو، ئەوە پەیوەست دەکرێت بە ڕەزامەندیی کچەکە خۆی دوای گەورەبوونی، ئەمەش بۆچوونی مەزهەبی حەنەفییە.

٣- دروست نییە کچی بچووك مارە بکرێت تا باڵغ نەبێت و ئیزنی لێ وەرنەگیرێت؛ جیاوازی نییە سەرپەرشتیاری –وەلی- باوك بێت، یان کەسەکانی دیکە، وە ئەگەر مارەکرا، ئەوە حوکمی جێبەجێکردن دەگەڕێتەوە بۆ خودی کچەکە و لەکاتی باڵغبوون سەرپشکە لەوەی پێی ڕازییە، یان نا، ئەمەش بۆچوونی سوفیانی سەوری و قەتادە و تاووس و ئیبن شبرمە و ئەبوبەکری ئەسەمم و عوسمانی بەتتییە.

**بەشێک لە زانایان باڵغبوون دەکەنە پێوەری شیاوی و ئاساییبوونی شووکردنی کچ، بەشێکیشیان لەگەڵ گەیشتنە بلوغ مەرجی دیکەیان داناوە**

**بە پێی بۆچوون و ڕای زۆرینەی زانایان باڵغبوونی کچ بەستراوەتەوە بە دەرکەوتنی نیشانەکان، نەک ساڵ**

**لە حاڵێکدا ئەگەر نیشانەکانی باڵغبوون دەرنەکەوتن، ئەوە زۆربەی زانایانی مەزهەبی شافیعی و حەنەفی و حەنبەلی؛ وەک دڵنیایی تەمەنی ١٥ ساڵیان وەک تەمەنی باڵغبوون دیاری کردووە**

**بە بۆچوونی هەندێ لە زانایانی مەزهەبی مالیکی تەمەنی ١٦ و ١٧ ساڵی و لای زۆرینەشیان تەمەنی ١٨ ساڵ بە دیاریکردنی تەمەنی باڵغ بە گونجاو دانراوە**

لە ئەنجامی ئەو سێ بۆچوونە دەگەینە ئەو ڕاستییە، کە زانایان ئەگەرچی لە ڕووی تیۆرییەوە بەلایانەوە ئاساییە کچ مارە بکرێ، بە مەرجێك لە ژێر فەرمانی سەرپەرشتیارەوە بێت، بەو پێیەی باوك لە ڕووی سۆزی باوکایەتی ئەو مافەی هەیە و بەرژەوەندیی کچ لەبەر چاو دەگرێت، بەڵام لە ڕووی عەمەلییەوە واتە کاتی گونجاو بۆ گواستنەوەی کچەکە مەرجی دیکەیان داناوە و ڕێی تێ ناچێت، بە گچکەیی بگوازرێتەوە، زانایانی فیقهی ئیسلامی کە دەڵێن دروستە وەك گرێبەستی مارەبڕین کچ مارە بکرێ، بە پشتبەستن و تێگەیشتن لەم دوو بەڵگەی خوارەوەیە:

یەکەم: خوای گەورە دەفەرموێ: (وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِنْ نِسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ) الطلاق:٤. واتە: ئەو ئافرەتانەی کە نائومێد بوون لە عادەتی مانگانە لە هاوسەرەکانتان، ئەگەر کەوتنە گومانەوە کە ئاخۆ عادەتی مانگانەیان مابێت، یان نا، ئەوە سێ مانگ چاوەڕێ بکەن، هەروەها ئەوانەش کە بەهۆی کەم تەمەنییەوە هێشتا نەکەوتوونەتە عادەوە، ئەوانیش سێ مانگ چاوەڕێ بکەن.

دووەم: ئەو فەرموودەیەی لە دایکی ئیمانداران حەزرەتی عائیشە (ر.خ) گێڕدراوەتەوە؛ کە دەفەرموێ: (أن النبي - صلي الله عليه وسلم- تزوجها وهي بنت ست سنين، وأدخلت عليه وهي بنت تسع) رواه البخاري ومسلم. واتە: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) عائیشەی لە تەمەنی شەشساڵی مارە کردووە و لە تەمەنی نۆساڵیش گواستوویەتەوە.

لەم سۆنگەوە زانایانی فیقهی ئیسلامی لە ئەنجامی سەرنجدان و تێڕوانین و تێگەیشتن و لێکدانەوە و هەڵێنجان لەم دوو بەڵگەی سەرەوە بۆچوون و ڕاجیایی زۆر گەڵاڵە بووە، بەوەی بەڵگەی یەکەم کە ئاماژەیە بۆ ئەو کچانەی هێشتا عادە نەبوون، دەقێکی ڕاشکاو نییە؛ بەڵکو دەکرێ ئایەتی (وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ) بچووك و گەورە بەتایبەت ئەوانەی کەوتنە سووڕی مانگانەیان تاخیر بووە، یان هەر نەکەوتوونەتە عادە بگرێتەوە، چونکە عیددە دوای گواستنەوە و تەڵاق دێتە جێ؛ ئەمەش بۆ کچی بچووك نەگونجاوە، باشتر وایە شرۆڤەی ئایەتەکە بە ئاراستەی تەمەنی گەوران لێکبدرێتەوە، نەك کچیانی بچووك.

سەبارەت بە بەڵگەی دووەم کە دایکمان عائیشە (ر.خ) لە تەمەنی شەش ساڵی مارە کرابێ و لە تەمەنی نۆ ساڵی گوازرابێتەوە، لەوەشدا لێکدانەوەی زۆر هەیە، کە بەشێك لە زانایان وای بۆ دەچن، ئەمە بەڵگەیەکی ڕاشکاوە لە دروستیی مارەبڕینی کچ لە تەمەنی بچووکی لەلایەن باوکیەوە، هەروەك ئیمامی نەوەوی لە شەرحی موسلیمدا کۆدەنگیش لەم بارەوەیە نەقڵ دەکات و دەفەرموێت: (وأجمع المسلمون علي جواز تزويج الأب بنته البكر الصغيرة لهذا الحديث).

لە دیوێکی دیکەوە زانایان لە چوارچێوەی لێکدانەوەی زانستی و بەراوردکاری و تاوتوێی ئەم بەڵگەیە و بەڵگەکانی دیکە، بۆچوونی تایبەتیان لەسەر ئەم فەرموودەوە هەیە، کە دەکرێ لە دوو خاڵ باسی بکەین:

یەکەم: ئەم فەرموودەیە کە باس لە مارەبڕینی حەزرەتی عائیشە(ر.خ) دەکات، تایبەتمەندی پێغەمبەر بووە (دروودی خوای لەسەر بێت)، نەك تەشریع، هەروەك زۆر شتی دیکە هەبووە تایبەت بووە بە خودی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە لەبەر کۆمەڵێك هۆکار حیکمەتی تێدا بووە، ئەگەرچی بەپێی توێژینەوەی نوێ باس لەوەش دەکرێ، تەمەنی عائیشە هێندە بچووك نەبووبێت، بەو پێیەی بەشێکی عیلم لەو وەرگیرایە، ئەمەش بۆ تەمەنی منداڵ کارێکی ئاسان نییە.

دووەم: دەڵێن ئەم فەرموودەیە لەڕووی حوکمەوە نەسخ بووەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم زەواجە لە قۆناغی سەردەمی مەککە و پێش هیجرەت بووە لەلایەك، لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵێك بەڵگە و فەرموودەی دیکە هەن کە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن و باس لەوە دەکەن؛ پێویستە کچ ئیزنی لێوەربگیرێت، ئینجا بە شوو بدرێت، لەوانە:

١- پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (لا تُنْكَحُ الْأَيِّمُ حَتَّي تُسْتَأْمَرَ، وَلَا تُنْكَحُ الْبِكْرُ حَتَّي تُسْتَأْذَنَ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَكَيْفَ إِذْنُهَا؟ قَالَ: أَنْ تَسْكُتَ. مُتَّفَقٌ

**لە هەموو حاڵەتەکان و بە پێی بۆچوونی مەزهەبە فیقهییەکان کچی خوار تەمەنی باڵغبوون بە منداڵ هەژمار دەکرێت**

**لە چوارچێوەی فیقهی ئیسلامی دەیان بنەما و پێوەر و ڕێنمایی و ئامۆژگاریی تایبەت بە پێکهێنانی خێزان و ماف و ڕێزگرتنی ئافرەت و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ دیاری کردووە**

**بەپێی توێژینەوەی نوێ باس لەوەش دەکرێ، تەمەنی عائیشە هێندە بچووك نەبووبێت، بەو پێیەی بەشێکی عیلم لەو وەرگیرایە، ئەمەش بۆ تەمەنی منداڵ کارێکی ئاسان نییە**

**بێوەژن مارە ناکرێ تا بڕیاری لێ وەرنەگیرێت، کچیش مارە ناکرێ، تا ئیزنی لێ وەرنەگیرێت**

عَلَيْهِ.. واتە: بێوەژن مارە ناکرێ تا بڕیاری لێ وەرنەگیرێت، کچیش مارە ناکرێ، تا ئیزنی لێ وەرنەگیرێت. پرسییان ئیزنی چۆنە؟ فەرمووی: ئەوەیە بێدەنگ بێت. یان دەفەرموێت: (الثَّيِّبُ أَحَقُّ بِنَفْسِهَا مِنْ وَلِيِّهَا، وَالْبِكْرُ تُسْتَأْمَرُ، وَإِذْنُهَا سُكُوتُهَا) رِواه مسلم. واتە: بێوەژن لە سەرپەرشتیاری شیاوترە بۆ بڕیاردانی خۆی، کچیش ئیزنی لێ وەردەگرێت و ئیزنەکەشی بێدەنگ بوونە.

٢- پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) مارەبڕینی بێ ئیزن وەرگرتنی ڕەت کردووەتەوە، وەك خەنسا کە ئافرەتێکی ئەنساری و بێوەژن بوو دەگێڕێتەوە: (أنَّ أباها زَوَّجَها وهِي ثَيِّبٌ فكَرِهَت ذلك فجاءت رِسولَ اللهِ صلَّي اللهُ عليه وسلَّم فذكرت ذلك له فَرَدَّ نِكاحَها) رِواه البخاري. واتە: ئەو دەڵێ باوکی لە پیاوێکی مارە کردووە، ئەویش پێی ناخۆش بووە، بۆیە هاتووەتە لای پێغەمبەر و پێی گوتووە، ئەویش مارەبڕینەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە.

٣- دایکی ئیمانداران عائیشە دەگێڕێتەوە: (جاءَتْ فتاةٌ إلي رِسولِ اللهِ -صلَّي اللهُ عليه وسلَّمَ- فقالت: يا رِسولَ اللهِ، إنَّ أبي زوَّجَني ابنَ أخيه يرفَعُ بي خَسيسَتَه، فجعَلَ الأمرَ إليها، قالت: فإنِّي قد أجَزْتُ ما صنَعَ أبي، ولكنْ أردْتُ أنْ تَعلَمَ النِّساءُ أنْ ليس للآباءِ مِنَ الأمرِ شيءٌ) رِواه النسائي. واتە: کچێك هاتە لای پێغەمبەر و گوتی: باوکم منی لە برازاکەی مارە کردووە، تا کەمایەتیی خۆی پێ لا بدات، منیش زۆرم پێ ناخۆشە. پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمانەکەی دایە دەست کچەکە - واتە سەرپشکە لەوەی ڕازی دەبێت، یان نا- ئەویش گوتی: ئەوە ڕێگەم دا بەو کارەی باوکم، بەس ویستم فێری ئافرەتان بکەم لەوەی باوکان بێ ئیزنی ئەوان ناتوانن کارێك بە زۆری بکەن.

٤- ئەو فەرموودەیەی ئیبن عەباس دەیگێڕێتەوە، کە دەفەرموێ: (أنَّ جاريةً بِكْرًا أتتِ النَّبيَّ صلَّي اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ، فذَكَرت أنَّ أباها زوَّجَها وَهيَ كارِهَةٌ فخيَّرَها النَّبيُّ صلَّي اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ) رِواه أبو داود. واتە: کچێك هاتە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) گوتی: باوکم لە کەسێکی مارە کردووم و منیش پێم ناخۆشە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) کچەکەی سەرپشك کرد لەوەی ڕازی دەبێت، یان هەڵیدەوەشێنێتەوە.

لە کۆی ئەو فەرموودانەی خستمانە ڕوو، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئیزنی کچ پێویستە، مەعلوومیشە ئەمە کاتێك دێتە دی کە ئەو کچە خۆی ناسیبێت و فام و تێگەیشتنی شتەکانی هەبێت، ئەگەرنا کچی نافامیدە و بچووك کوا فایدەی ئیزن لێوەرگرتنی هەیە! کەواتە ئەگەر گرێبەستەکە لەڕووی تیۆرییشەوە دابمەزرێت، ئەوە لەڕووی عەمەلییەوە ڕێگە نادرێت بگوازرێتەوە، تا باڵغ نەبێت و ئیزنی لێوەرنەگریت و شیاوی جەستەیی تێدا دروست نەبێت، ئەگەر کچەکەش دوای ئیزن وەرگرتنی ڕازی نەبوو، مافی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی هەیە، چونکە بەپێی ئەو فەرموودانەی باسمان کردن لە پرۆسەی زەواجدا ڕەزامەندیی کچ شتێکی ڕەمزی و ڕۆتین نییە، بەڵکو ئەسڵ و بناغەیە.

**پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) مارەبڕینی بێ ئیزن وەرگرتنی ڕەت کردووەتەوە**

**ئەگەر گرێبەستەکە لەڕووی تیۆرییشەوە دابمەزرێت، ئەوە لەڕووی عەمەلییەوە ڕێگە نادرێت بگوازرێتەوە، تا باڵغ نەبێت و ئیزنی لێوەرنەگریت و شیاوی جەستەیی تێدا دروست نەبێت**

لەناو زانایانی کورد و ئەنجومەنی باڵای فەتوا بە سەرنجدان لەو فەرموودە و بەڵگانەی سەرەوە، هەروەها لە ڕوانگەی ئەوەی فەتوا بەپێی شوێن و زەمان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەو سەردەمە و شێوازی ژن و ژنخوازی و ئالنگاری و لێکەوتەکانی لەناو کۆمەڵگە و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی خێزان و ئافرەت، ئەنجومەنی باڵای فەتوا مارەکردنی کچ لە تەمەنی بچووکی و هاوسەرگیریی پێشوەختە، بە باش و پەسند نازانێت و داوا دەکات ئەم عادەتە قەدەغە بکرێت.

**بەپێی ئەو فەرموودانەی باسمان کردن لە پرۆسەی زەواجدا ڕەزامەندیی کچ شتێکی ڕەمزی و ڕۆتین نییە، بەڵکو ئەسڵ و بناغەیە**

هەروەك لە ژمارە (٣١و٣٢)ی گۆڤاری (دەنگی زانا) کۆنووسی تایبەت بەم پرسە لە کۆبوونەوەی ٢٠ی٥ی١٩٩٩م بڵاوکراوەتەوە و دەقی فەتوایەکە دەڵێت: «دوای گەنگەشەو سەرنجدان لە هەڵسوکەوتی هەندێ سەرپەرشتیار لەم سەردەمە، کۆك بووین لەسەر ئەوەی ئەم عادەتی کچ بە شوودانە لە تەمەنی منداڵی تەرك بکرێت، چونکە هەم کێشەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە و ڕەچاوی بەرژەوەندیی کچ ناکرێ لەو جۆرە مارەبڕینە پێشوەختانە، هەمیش بۆ ئەوەی دەرفەت نەدرێت کچی بچووك مارە بکرێت؛ ئەگەر لە لایەن — سەرپەرشتیار- باوك و باپیریشیەوە بێت».

**ئەنجومەنی باڵای فەتوا مارەکردنی کچ لە تەمەنی بچووکی و هاوسەرگیریی پێشوەختە، بە باش و پەسند نازانێت و داوا دەکات ئەم عادەتە قەدەغە بکرێت**

## دونیا موحەرەم بۆ گوڵان:

# پێویستە لە فیلم و دراما کوردییەکاندا کلتووری کوردی نەبەزێنرێت



*** وەك خانمە ئەکتەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چەند دەتوانن لە هەرێم بە ئازادانە کارەکانی خۆتان ئەنجام بدەن؟**

- ئێمەی کوردانی ڕۆژهەڵات تەنیا لە کاری هونەریدا ئازادانە کار ناکەین، بەڵکو لە گشت بوارەکانی دیکەشدا ئازادانە کار دەکەین.

*** چۆنە لە دوو بواری هونەریدا کار دەکەیت، ئایا دەتوانیت لە هەردووکیان سەرکەوتوو بیت؟**

سوپاس بۆ خوا کە خانەوادەکەم بەردەوام هاوکار پاڵشتمن و بۆیە دەتوانم سەرکەوتووبم.

*** ئایا دەتوانیت بەکاری هونەری بژێوی ژیانت دابین بکەیت؟**

- بەڵێ دەتوانم بە سادەیی بژیم لەساڵێکدا دەتوانم دوو جار سەفەر بکەم و خۆم بژێینم یەك خانووم هەیە، سوپاس بۆ خوا حەز دەکەم کە مۆڵەتی شۆفێریم بەدەست هێنا ئۆتۆمبێلێکی بچوکیش بکرم.

*** لە ڕووی مەیکئاپەوە تاچەند توانیومانە داهێنان بکەین و سەرکەوتویین و جیاوازیمان نەبێت لەگەل ولاتانی دیکە؟**

- لە ڕووی مەیکئاپ لە ئاستێکی باش داین و بەرە و پێشتریش دەڕۆین، لە ئێستادا پێشبرکێی مەیکئاپی جیهانی دەکەین.

*** شوێنی تایبەت بە خۆت هەیە بۆ کاری مەیکئەپ؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە، ئێستا لە ئارایشتگایەکدا کاری مەیکئەپ ئەنجام دەدەم.

*** هەندێك لە هونەرمەندان دەڵێن کاتی ئەوە هاتووە لە فیلم ودرامای کوردیدا ئازادیی زیاتر هەبێت، تۆ تاچەند لەگەل ئەو بۆچوونە دایت؟**

- من لەگەل ئەو بۆچوونە نیم، چونکە ئەوە لە کلتوری کوردی دوورە، بەڵام دەتوانین سۆزی خۆشەویستی بۆیەك دەرخستن بە شێوازێکی تر نیشان بدەین، ماچی دەست و نێوچەوان



**دونیا موحەرەم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئێستا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە و لە بواری هونەریدا وەك مەیکئەپ و ئەکتەری کار دەکات، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد دەربارەی کارەکانی و هۆکاری سەرکەوتنی لەو بوارانەدا.**

ئاساییە، بەڵام پێویستە لە فیلم ودراما کوردییەکان کلتورو دابونەریتی کوردی نەبەزێنرێت.

*** تاچەند لەگەل هونەرمەندەکانی کوردستان ئاسوودەیت؟**

- کوردستان هونەرمەندی جوان و باشی تیاییە زۆر ڕۆشنبیر و زیرەکن بۆیە زۆر ئاسوودەم لەگەڵیان.

*** حەز دەکەیت بەشداری لە فیلمێکدا بکەیت جدی بێت، یان کۆمیدی؟**

- بێگومان حەز لەکاری جدی دەکەم.

*** بەکام ئەکتەری کورد سەرسامیت ؟**

- سەرسامم بە هونەرمەندی بە توانا نزار سەلامی.

*** ئەکتەری و نواندن بۆ تۆ حەز بووە یان لە بواری ئەکادیمیش خوێندووتەوە؟**

- سەرەتا وەك حەز ڕووم لە بواری هونەری کرد، بەڵام دواتر بە ئەکادیمیش خوێندم.

*** وەك ئافرەتێکی ڕۆژهەڵاتی ئەو ئاستەنگانە چین کە ڕووبەڕووت بوونەتەوە لە بواری هونەریدا؟**

- سوپاس بۆ خودای گەورە بە پشتگیری و پشتیوانی خانەوادەکەم لە کارەکانمدا ڕووبەڕووی هیچ ئاستەنگێك نەبوومەتەوە کە بۆ من زەحمەت بن.

*** ماوەیەکە لە باشووری کوردستان دەژیت، چ جیاوازییەکت هەست پێکرد لە نێوان ئێرە و ڕۆژهەڵات لە بواری هونەریدا، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان؟**

- لێرە وەك پێویست ڕێز لە هونەرمەندان و کاری هونەری ناگیرێت، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پشتگیری لە هونەرمەند و ئەکتەران ناکرێت، چونکە بە داخەوە تا ڕاددەیەك داخراون، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر ڕێز لە هونەرمەندان دەگیرێت و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پشتگیرییان لێ دەکەن.

*** ئافرەتانی ڕۆژهەڵاتی جۆرە بوێرییەکیان تێدا بەدی دەکرێت لە ئەنجامدانی کاری هونەری، پێتوایە ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئافرەتان بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کار کردندا وریان، لە دێرزەمانەوە بە بەهێزی و چاونەترسی ناوبانگیان دەرکردووە.

*** تا ئێستا بەشداریت لە چەندی کاری نواندندا کردووە؟**

- ئەو کارانەی بەشداریم تێیدا کردووە زۆر بووە دەتوانم بڵێم لە ژمار نایەن.

*** هیچ ئۆفەرێکت پێشکەش کراوە بۆ بەشداریکردن لە کاری سینەماییدا؟**

- بەڵێ ئۆفەری کاری هونەریی زۆرم پێشکەش کراوە.

***کاری ڕیکلام لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بەرەو پێشچوونی زۆری بە خۆیەوە بینیەوە، بەڵام بە گشتی بزنسمانەکان بە شێوەیەکی کەم کارەکانیان لەسەر شاشەکان نمایش دەکەن، ئەمەش وای کردووە کە وەك پێویست نەبێت، هیوادارم لە داهاتوودا بواری ڕیکلام لە کەناڵەکان و لە سۆشیال میدیادا پێشڤەچوونی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت.



# تیپی شانۆی پادشایی شکسپیر

(٢–٢)

حەیدەر عەبدولڕەحمان

**شانۆ بۆ بینەرێکی نوێ**

لەگەڵ شانۆگەریی هاملێت، تیپەکە هەوڵی ئەوەی دا کە بینەرێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات، بینەرێك لە نەوەی نوێ، هەنگاوی یەکەمیش ئەوە بوو (بیتەر هۆل) ساڵی ١٩٧٦ یانەیەکی دروست کرد کە زێتر لە ٤٠ هەزار ئەندام بگرێتە خۆی، کە نەوەی بەتەمەن زۆربەیان گەنج بوون، چونکە بە شێوازێکی سادە شانۆگەرییەکانی شکسپیریان دەبینی، ئەوانیش لەو تیپە نزیك بوونەوە، ئەمە وای کرد کە ژمارەی هەوادارانی تیپەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە پەرەسەندندا دابێت، هەر لەو کاتەدا تیپەکە گۆڤارێکی هونەریی دەرکرد بە ناوی (فلۆرش) کە بە شێوازێکی سادە ئاماژەی بە گرنگترین کار و چالاکییەکانی تیپەکە دەکرد .

دواتر تیپەکە لەسەر خواستی ژمارەیەکی زۆر لە هەوادارانی هەوڵی ئەوەی دا کە تەنیا خۆی بە بەرهەمەکانی شکسپیروە نەبەستێتەوە، بەڵکو چەندین شانۆگەریی دیکەی لە بەرهەمەکانی نووسەرانی وەك (دورینمات، بنتەر، برێخت، بیکیت، ئارابال، ئەبسن، سترانبیرگ، ئالبی، ستوبارد) پێشکەش کرد، هەروەها بۆ ئەم مەبەستە ساڵی ١٩٧٤ شانۆیەکی دیکەی دروست کرد بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمە ئەدەبیە نوێیەکان و ناویان نا شوێنێکی تر بۆ شانۆ، کە بریتی بوو لە فەزایەکی شانۆیی کراوە، بۆ پێشکەشکردنی کارە ئەزموونگەرییەکان، ساڵی ١٩٧٧ شانۆیێکی دیکەی لە شاری لەندەن دروست کرد بەناوی (زی ویر هاوس ) بۆ نمایشکردنی هەندێ لە شاکارەکانی شکسپیر و نووسەرە هاوچاخەکانی دیکە، بەڵام بە فۆرمێکی ئەزموونگەرییانە .

کاتێکیش کە دەرهێنەری لاو (ترفورن) ساڵی ١٩٦٨ ئەرکی بەرپرسیاریەتی هەڵسوڕاندنی تیپەکەی گرتە ئەستۆی خۆی، بۆ ماوەی سێ ساڵان توانی ئەو تیپە لە ئاستێکی باڵادا نیشان بدات، وای لێ هات لە کۆتایی شەستەکاندا ژمارەی هەوادارانی ئەو تیپە ملیۆن هەواداری تێپەڕاند، لە ڕووی جیهانیشەوە تیپەکە بوو بە خاوەنی زیاتر لە پەنجا بروانامەی ڕێز لێنان .

ترفۆرن هەمیشە پێداگریی لەوە دەکرد کە پێویستە ئەکتەرەکان بچنە ناواخنی شکسپیر و بە چاوێکی کراوەوە، دوور لە کاریگەربوون بە



تیڕوانینە کۆنە تەقلیدییەکانی ڕابردوو، لە ڕووی تێگەیشتن لە بەرهەمەکانی شکسپیر ئاشنای جیهانی شکسپیر ببن.

دواتر بیتەر بروك بەنمایشکردنی شانۆیی (خەونی نیوە شەوی هاوین) هۆشیارییەکی نوێی بۆ دەرهێنەرە نوێیەکانی ئەو تیپە تەقاندەوە .

**شانۆگەری (کۆریۆلانوس) لە ئەوروپا**

یەکێك لە شاکارە هەرە بەپێزەکانی تیپەکە لە کۆتایی حەفتاکاندا شانۆگەریی (کریۆلانوس)ی شکسپیر بوو، لە دەرهێنانی (تیری هاندس)، کە بووە مایەی ڕەزامەندی و سرنجراکێشانی بینەران لە لەندەن و زۆر لە شارەکانی دیکەی ئەوروپا، لە ساڵی ١٩٧٩ تیپەکە درێژترین گەشتی هونەریی خۆی ئەنجام دا، ئەوە بوو شانۆگەریی (کۆریۆلانۆس) لە میونیخ و زیوریخ و ڤیەننا و ئەمستردام و برۆکسل و هامبۆرگ و بەرلین نمایش کرد، لە هەموو ئەو شارانەدا ئەو تیپە زۆر بە گەرمییەوە و لە ناو چەپڵەڕێزانی بینەردا پێشوازییان لێ کرا، ئەوە جگە لەوەی کە بە سەدان کەس نەیتوانی پلیتی بینینی شانۆگەریەکەیان دەست بکەوێت، شەڕوشۆڕێکی زۆریش لەسەر پلیت لە نێوان هەوادارانی ئەو تیپەدا دروست بوو .

کۆریۆ لانوس ئەو جەنگاوەرەیە کە لە گۆڕەپانی شەڕدا دەگەڕێتەوە و نایەوێت جلەکانی لە بەر داکەنێت لە ترسی ئەوەی نەبادا خەڵکەکە برینەکانی ببینن و وەك سەرۆکی خۆیان هەڵی نەبژێرن، هەندێ لە دەرهێنەران (کۆریۆلانوس) وەك پیشەوایێکی فاشی و هەندێ جاریش وەك قارەمانێکی نەتەوەیی بەرجەستەی دەکەن، بەڵام (تیری هاندس) کۆریۆلانوسی وەك کاراکتەرێکی خاوەن بیر و باوەڕێکی نەتەوەیی و کەسایەتییەکی ئازا و چاو نەترس نیشان دابوو، ئەمە جگە لەو گەورە دەرهێنەرانەی وەك (بیتەر بروك) و (تیری هاندس) و دەیان دەرهێنەری دیکەش کە ئەو تیپەیان لە مێژووی بەریتانیادا بە زیندوویەتی هێشتەوە، کە لە ڕابووردوو و ئێستاشدا بەرهەمەکانی شکسپیری بەزیندوویەتی بۆ هەموو سەردەمەکان ڕاگرتووە، لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەنیشدا بەردەوام ئەو بەرهەمانە لە نوێبوونەوەدان .

بێریڤان بێخود

یاریزانی کاراتێی یانەی ئاڵا:

# سەرکەوتن لای من واتا بەردەوامبوون و کۆڵنەدان تا دەگەمە ئامانجەکەم

ژمارەیەك لە یانەکانی هەولێری پایتەختی کوردستان گرنگیی زۆر بە یارییە تاکییەکان دەدەن، یانەی (ئاڵا) یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی ئافرەتان دەدات، لە سەر هەردوو ئاستی کچان و کوڕان، تیپی کاراتێی کچانی یانەکەش یەکێك لە تیپە هەرە بەهێز و بەتواناکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقە، کە ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خول و پاڵەوانێتییەکاندا بەردەوام لە کێبڕکێدا بوون بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراقیش، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکە (بێریڤان بێخود)ـە، کە ناسراوە بە سورە کاراتێ، بێریڤان لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ ی پارێزگای سلێمانییە، جگە لە یانەی ئاڵا یاریی بۆ هیچ یانەیەکی دیکەی کوردستان نەکردوە، سەبارەت بەم وەرزشە گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد.



***وەکو کچێك چی وای لێ کردیت بچیتە نێو جیهانی وەرزشەوە؟**

-هەمیشە حەزم لە سەر کێشی بووە، بۆیە کاراتێم هەڵبژارد وەرزشێکە کچان کەمتر تێیدا بەشدار دەبن، بۆیە وەك کچێك ویستم هەڵبژاردەی جیاواز هەبێ.

*** وەکو حەز یان بۆ بەرگریکردن یاریی کاراتێت هەڵبژاردووە؟**

- کاراتێ سەرەتا خولیایەك بوو بۆم، بەڵام ئیستا هەم خولیایە و هەمیش بەرگرییە.

***هەست ناکەیت یارییەکی زیاتر شەڕانگێزیت هەڵبژاردوە؟**

- نەخێر کاراتێ وا نییە کە بیری لێ دەکرێتەوە، بەڵکو یارییەکی تەواو جیاوازە.

***یاریی کاراتێ چ ئاستێکی تێپەڕاندوە لە کوردستان؟**

- بەداخەوە کاراتێ لە کوردستان پەرەی پێ نەدراوە و پاڵپشتمان نییە، بە تایبەت وەکو کچان زۆر پشتگوێ خراوین.

***چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- هیوادارم زیاتر پاڵەوانێتی بکرێتەوە بۆ یاریزانەکان تاوەکو یاریزان ئارەزووی بەرەوپێشچوونی زیاتری هەبێت و هەوڵ بۆ پاڵەوانێتی دەرەوەی کوردستان بدات.

***زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە یانەکانی کوردستان تیپی کاراتێی کچانیانپشتگوێ خستووە، ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

- بەڵێ وەکو کچان پشتگوێ خراوین هەر جارە بە بیانوویەك.

***بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- بەرنامەی تایبەتم هەیە بۆ داهاتووی خۆم بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتری ئاستم لە وەرزشی کاراتێ.

***سەرکەوتن چ مانایەك دەبەخشێ لای تۆ؟**

- سەرکەوتن لای من واتا بەردەوامبوون و کۆڵنەدان و بێزارنەبوون تا دەگەمە ئامانجەکەم.

*** ئەوە ڕاستە کە لە بەشێك لە پاڵەوانێتییەکاندا یاریزانان لەسەر گیرفانی خۆیان بەشداری دەکەن؟**

- من لێرەوە سوپاسی یانەی وەرزشیی ئاڵا دەکەم کە پاڵپشتیمان دەکەن تاوەکو بەشداری بکەین لە پاڵەوانێتییەکاندا.

***هیوا و ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە لەم یارییەدا؟**

- ئاواتم ئەوەیە ببمە پاڵەوانێکی جیهانی.

*** تا چەند کچان هیوایان بە وەرزشە جۆراوجۆرەکان هەیە؟**

- کچان ئێستا بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕوو لە وەرزشە جیاوازەکان دەکەن.

***هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی بۆ یاریکردن؟**

- گرێبەستم پێشکەش کراوە، بەڵام من قبووڵم نەکردووە، هەر گرێبەستێکیشم بۆ بێت ڕەتی دەکەمەوە و لە یانەکەی خۆم بەردەوام دەبم.

***کێ بەهاوکار و پاڵپشتی خۆت دەزانی؟**

- دایکم پاڵپشتم بووە هەموو کات، هۆکاری سەرکەوتنیشم مامۆستاکانم بوون.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت ماوە؟**

- سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەم هەموو خزمەتە زۆرە، سوپاس بۆ مامۆستاکانم هەر سەرکەوتنێکم هەبووبێ ماندوو بوونی خۆم و هەوڵدانی ئەوان بووە، سوپاس بۆ یانەی ئاڵا هەمووکات پاڵپشتم بووە.






## یانەی نەورۆز
## پشت بە یاریزانی پیشەگەر دەبەستێت

دەستەی کارگێڕیی یانەی نەورۆز ئەم وەرزە بە ستافێکی هونەریی بەهێزی بەرازیلی دەیەوێت شەڕی یانەکانی دیکەی خولی ئەستێرەکانی عێراقی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش یانەکە بە فەرمی «پاتریك ڤێیرا»ی بەرازیلی و ڕاهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی عێراقی کردووەتە ڕاهێنەری یانەکە، جگە لە هێنانی ستافێکی ڕاهێنەری بیانی و چەندین ئەستێرەی جیاوازی یانەکانی عێراقی و دەرەوەی عێراق، یانەی نەورۆز ئامانجی گەورەی هەیە لە خولی پیشەگەران بۆ ئەوەی بتوانێ وەکو نوێنەری پارێزگای سلێمانی کێبرکێی سەرجەم یانەکانی دیکەی عێراقی بکات، بۆ ئەم مەبەستە کارگێڕیی تیپەکە گرێبەستی لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان (ئیڤیانی ئیڤیانی نێجیری و ئینتیرس ئۆکسیسی کۆتدیڤواری و کلاودیۆ ئۆلیڤێرا و ویلێنگتۆن تایرای بەرازیل و دانییێل کامی کامیرۆنی، و عەباس یاسن لە یانەی ناکۆن ڕاچاسیمای تایلەندی و گەڕانەوەی ئاسۆ ڕۆستەمی یاریزانی کوردی خولی ئێرانی و ئالای فازڵ لە یانەی گۆتنبۆرگی سویدی)، جگە لەمەش یانەکە چەندین یاریزانی نێوخۆی عێراقی هێناوەتە ڕیزی یانەکە بۆ ئەوەی ئەمساڵ بە بەهێزی بچێتە نێو کێبرکێیەکانی خولی ئەستێرەکانی عێراقی.

## پێشمەرگەی هەولێر
## دەستی بە ئامادەکارییەکان کردەوە




تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئەم وەرزە بە پێکهاتەیەکی تەواو جیاواز و بە ستافێکی ڕاهێنەری تازەوە دێتە نێو کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کە بڕیارە لە مانگی ١١ی ئەمساڵ یارییەکانی دەست پێ بکات، کارگێڕیی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ ئەم وەرزە دوای ڕۆیشتنی سەمیر بابۆی ڕاهێنەری یانەکە، کە ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ یانەی پێشمەرگە کاری ڕاهێنەرایەتی کردووە و ئەنجامی باشی بەدەست هێناوە، بەڵام دوای بوون بە ڕاهێنەری تیپی یەکەمی هەولێری بەشدار لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی، یانەکە بە فەرمی هانای بۆ دکتۆر تەها قادر ڕاهێنەری پێشووی یانەی هەولێر بردووە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکی سەمیر بابۆی ڕاهێنەری پێشوو تەواو بکات، هەر چەندە ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکە ڕیزی تیپەکەیان جێ هێشتووە و ڕوویان لە یانەکانی دەرەوەی هەولێر و یانەکانی دیکە کردووە، کارگێڕیی یانەکە بە زوویی دەستی بە جموجووڵەکانی کرد بۆ ئەوەی ژمارەیەك یاریزانی تازە بهێنێتە ڕیزی یانەکە، هەر بۆیە یانەکە لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکارییەکانن بۆ ئەوەی تیپێکی بەهێز و تۆکمە دروست بکەن بۆ بەشداریکردن لە یارییەکانی وەرزی تازەی خولی نایاب، یانەکەش گرێبەستی لەگەڵ چەندین یاریزانی ئاست بەرز کردووە بۆ ئەوەی وەکو سالانی ڕابردوو بتوانێت درێژە بە ئەنجامە باشەکانی بدات، جگە لەوەش تیپەکە ڕۆژانە سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنانە و چەندین یاری دۆستانەی ئەنجام داوە.






# یانەی
# چوارقوڕنە دەیەوێت جیاواز بێت

هەر چەندە ئەم وەرزە ژمارەیەك یاریزانی تیپی تۆپی پێی یانەی چوارقوڕنە ڕیزی تیپەكەیان جێ هێشتووە و چوونەتە ڕیزی یانەكانی دیكە، بەڵام كارگێڕیی یانەكە بە سەر پەرشتی ڕاهێنەری پارێزگای كەركووك كاپتن ڕەمزی ساڵح هەر زوو دەستی بە كۆكردنەوەی تیپەكە كردەوە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەم وەرزە تیپێكی بەهێز و نموونەیی دروست بكەن بۆ شارەكە، لە ئێستادا كاپتن ڕەمزی سەرقاڵی كۆكردنەوەی تیپەكەیە بۆ ئەوەی پێكهاتەیەكی بەهێز دروست بكات و بتوانێت ئەم وەرزە ئاستیان بەرچاو بێت، لەم بارەشەوە ڕەمزی ساڵح بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە پلانی تۆكمەمان داناوە بۆ ئەوەی بتوانین تیپێكی باش دروست بكەین، هەروەها گۆڕانكاریی باشمان كردووە، لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە ١١ بۆ ١٢ یاریزانمان لە یانەكە ڕۆیشتوون، ئێمەش یاریزانی تازەمان هێناوە، ئەمە جگە لە زیادكردنی ژمارەیەك لە یاریزانی ناوخۆش بۆ ئەوەی تیپێكی بەهێز و تۆكمە دروست بكەین»، كاپتن ڕەمزی گوتیشی: «ئێمە سەیری تیپەكەی خۆمان دەكەین بزانین لە كام هێڵ پێویستمان بە یاریزانە ئەوكاتە هەوڵ بۆ هێنانی یاریزانی تریش دەدەین، ئەمساڵیش ئێمە بۆ مانەوە لە خولی نایابی كوردستان كار دەكەین و تیپێكی تۆكمە و بەهێزیش دروست دەكەین، بەرنامەی باشمان هەیە بۆ تیپەكە و هەموو هەوڵێك دەدەین تا تیپێكی بەهێز دروست بكەین».



## میوەی تازە، میوە فریزکراو. کامیان تەندروستترە؟

میوەی تازە بەشێکە لە خۆراکی تەندروست، پڕە لە ڤیتامین، کانزا، لەگەڵ مادده دژەئۆکسانەکان باشن بۆ تەندروستی و خۆپاراستن لە گەلێك نەخۆشی، بەتایبەتی نەخۆشیی دڵ، بەڵام لەوانەیە کە میوەی فرێش هەندێك جار بەردەست نەبێت، لێرەدا میوەی فریزکراو دەبێتە جێگرەوەیەکی باش، ئەگەرچی لەوانەیە کە بەهای خۆراکیی جیاوازی هەبێت بەراورد بە میوەی فرێش. میوەکان پاش پێگەیشتنی تەواو، دەشۆرێن و پارچە دەکرێن، ئینجا ڤیتامین C یان شەکریان تێکەڵ دەکرێت بە مەبەستی ڕێگرتن لە تێکچوون، ئینجا لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا فریز دەکرێن. بەگشتی فریزکردن نابێتە هۆی لەدەستدانی مادده گرنگەگان، بەڵام خەزنکردنی میوەی فریزکراو بۆ ماوەی زیاتر لە یەك ساڵ هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی پێکهاتە گرنگەگان. بەگشتی بە فریزکردنی میوە ڕێژەیەکی کەمی مادده خۆراکییەکان لەدەست دەچن، بۆنموونە ڕێژەی ڕیشاڵ و کانزاکان و ڤیتامین E بە گوێرەی ڤیتامین C ناگۆڕێن.

## زیانە تەندروستییەکانی پاککەرەوەکانی ناوماڵ



پاککەرەوەکان ئاوێتەی ئۆرگانیی هەڵچوو VOCs لەخۆدەگرن کە بە هەوادا بڵاو دەبنەوە، وەکو: بەنزین، فۆرمەلدیهاید، کلۆریدی میتیلین، تۆولین، زایلین، گلایکۆلی ئێتیلین، ئەم ماددانە زیانی زۆر بە تەندروستی دەگەیەنن، بۆنموونە هەستەوەریی پێست، ڕەبوو، سەرئێشە، هەندێکی دیکە هۆکارن بۆ سووتانی پێست و زیان بە چاوەکانیش دەگەیەنن، هەروەها زیاد بەکارهێنانی پاککەرەوەکانی ناوماڵ کە ماددەی کیمیایی زیانبەخش لەخۆدەگرن، گرفت لە کۆئەندامی هەناسەدا پەیدادەکەن لەگەڵ هەوکردنی ناوپۆشی لووت Rhinitis. لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە ئەو ئافرەتانەی بەردەوام پاککەرەوەی ناوماڵ بەکار دەهێنن، ئەگەری تووشبوونیان بە ڕەبوو تا ٥٠٪ بەرز دەبێتەوە، هەروەها ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشیی درێژخایەنی کۆئەندامی هەناسە تا ٤٣٪ زیاترە. هەنگاوەکانی خۆپاراستن: بەکارهێنانی دەستکێشی تایبەت، بەستنی ماسك، بەکارهێنانی چاویلکەی سپیی ڕوون، لەکاتی بەرکەوتنی پێست یان چاوەکان بە هەر ماددەیەکی پاککەرەوە پێویستە کە ڕاستەوخۆ بە بڕێکی زۆری ئاو بشۆرێن، هەروەها هەوڵدان بەپێی توانا بۆ کەمتر بەکارهێنانی مادده پاککەرەوەکان.



# خەمۆکی و نەخۆشیی دڵ

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان تەندروستیی دەروونی و تەندروستیی جەستەییدا هەیە.

بەپێی توێژینەوەکان، پەیوەندیی نێوان خەمۆکی و نەخۆشیی دڵ دووسەرەیە. خەمۆکی ناڕاستەوخۆ ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات، هەروەها نەخۆشیی دڵ ئەگەری تووشبوون بە خەمۆکی زیاد دەکات. خەمۆکی Depression بە چەند ڕێگەیەك کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر ستایلی ژیان و تەندروستی، بەشێوەی: زیاد خواردن و خۆراکی ناتەندروست، جگەرەکێشان، کەمیی جووڵە و ئەنجام نەدانی مەشقی وەرزشی، هەروەها فەرامۆشکردن یان نارێکی لە بەکارهێنانی دەرمانەکانی سووککردنی خەمۆکیدا. ئەمانە هەموویان هاندەرن بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نارێکبوونی لێدانەکانی دڵ، بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆل Cortisol کە بە هۆرمۆنی سترێس ناسراوە، هەروەها کەمبوونەوەی هاتووچۆی خوێن بۆ دڵ کە دەرەنجام دەبنە هۆی نیشتنی کالسیۆم لە ناو خوێنبەرەکاندا، تێکچوونی میتابۆلیزم، لەگەڵ نەخۆشیی دڵ. لە لایەکی دیکە نەخۆشیی دڵ یان ئەنجامدانی نەشتەرگەریی دڵ، ئەگەری تووشبوون بە خەمۆکی زیاد دەکات، هەروەها توندیی نەخۆشیی دڵ زیاتر دەکات.






# داتاگەیەکی SSD بۆ پاراستنی نهێنییەکان

داتاگە ئەو شوێنەی داتاکانی لێکۆدەکرێتەوە گەلێك جۆرن، هاردیسك HHD و هەروەها SSD و فلاش میمۆری هەموویان بۆ هەڵگرتنی داتاکان سوودیان لێوەردەگیرێ. بەڵام گەر بتەوێ داتایەکی زۆر نهێنی لە هاردێکدا هەڵبگری پێویستە کۆدی نهێنی بۆ دابنرێت کە زۆر بە ئاسانی لە خودی ویندۆزدا دادەنرێت، ئەو کۆدە بە ئاسانی بەهۆی پرۆگرام یا شارەزای ئەو بوارە دەکرێتەوە. SSD جۆری VMVSSD SSD box لەو جۆرە هاردانەیە کە بەشێوەی فیزیکی واتە دوگمەی تایبەت پاسۆردی لەسەر دادەنرێ و بەهیچ شتێکیش ناکرێتەوە. قەوارەی داکردن لەودا ٤ ترابایتە. خێراییەکەی دەگاتە ٢٠٠٠ میگابایت لە چرکەیەکدا. لە ئاست گەرما و سەرما زۆر خۆراگرە و لە کەشوهەوای سفر هەتا حەفتا پلە تاقیکراوەتەوە. بۆ هەموو سیستەکان دەبێت و بەتایبەتی بۆ مۆبایل کە ڕاستەوخۆ داتاکانی لەخۆیدا ڕادەگرێت.




# تاقیگەیەکی گەڕۆک لە ناو پەنجەکانتدا

هەرچەندە لەو سەردەمەدا باری تەندروستی و لەشساغی گرنگی زۆری پێدەدرێ و ئاسانکاری زۆری بۆ دەکرێ، بەڵام بە چەندین هۆکار ڕێژەی نەخۆشییەکان لە پەرەسەندندان. گرنگترین هۆکاریش خواردنی ناتەندروست و کەم جوڵەییە. بۆ ئەوەی ئاگاداری تەندروستی خۆت بی دەبێ بچی بۆ تاقیگە و پشکنین بکەی. لەم سەردەمەدا تاقیگە خۆی بەردەستت.

ئامێری fitrus plus 3.0 ئامێرێکی بچووکە و لە پەنجەکانتاندا جێگای دەبێتەوە. زۆر پشکنینەکانی ڕۆژانە دەکات. وەك: گەرمی لەش، ڕێژەی ئۆکسجین، چەوری لەش، ماسولکەکان، ئاوی ناو جەستە و لێدانی دڵ. ئەویش تەنیا بە دانانی دوو پەنجە لەسەر ئامێرەکە. بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و زانیارییەکان بۆ ئەوێ دەگوازێتەوە.




# خەوێکی خۆش و خەونێکی گەش

وەك دەڵێن بابە هەر ئەوە مابوو!! بەڵێ هەر ئەوە مابوو خەون و خەویشمان بە جیهانی ژیریی دەستکرد بسپێرین. لەو سەردەمەدا هیچی وای پێناچێ دەتوانن سیناریۆی خەونەکانمان پێش ئەوەی ببینین داڕێژین..

ئامێرۆکەیەکی بچووکی ٤ گرامی هەر بەقەد دوگمەیەك دەبێت بەناوی neurovista EEG Sleep monitor دەتوانێت بە دانانی لەسەر ناوچەوانی بەکارهێنەرەکەی لەکاتی نووستندا وا بکات هەم زوو خەوی لێبکەوێت و هەم خەوەکەی خۆش بێت و خەونی خۆش ببینێت. ئامێرەکە شەحن دەکرێتەوە هەتا دە کاتژمێریش شەحنی دانابەزێت. لە خەودا چاودێری شەپۆلەکانی مێشك دەکات. ئامێرەکە کە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت شیکاری خەو و خەون دەکات. ڕاپۆرتی خەو بەشێوەی خەوی قووڵ، وەنەوزدان و چۆنییەتی ئاسوودەیی لە خەودا دەخاتە ڕوو. بەهۆی شەپۆلێك بڵاوی دەکاتەوە وا دەکات بەکارهێنەر زوو بکەوێتە خەوێکی قووڵەوە.



# مێشوولە و مۆبایل!

خوێنەر بە مانشێتەکەی سەرەوە سەری سوڕدەمێنێ، ئاخر مێشوولە یا پێشکە چ پەیوەندییەکی بە مۆبایلەوە هەیە؟! کەمکردنەوەی ئازاری پێوەدانی مێشوولە بە مۆبایل یەکێکە لە خزمەتگوزارییەکانی مۆبایل. ئامرازۆکەی Heat it کە زۆر بچووکە و لە مۆبایل دەخرێت وا دەکات بەهۆی گەرمییەکی لە مۆبایلەکەی وەدەگرێت ژانی پێوەدانی مێشوولەو مێرووی دیکە کەم بکاتەوە. ئامێرەکە گەرم دادێت و بە دانانی شتێکی گەرم لەسەر شوێنی پێوەدانەکە ئازارەکە کەم دەبێتەوە. ئامێرۆکەی ناوبراو هیچ مادەیەکی کیمیایی لە گەڵدا نییە و تەواو سروشتییە، تەنیا گەرمایەك لە وزەی باتری مۆبایلەکەی وەردەگرێت و بەهۆی ئەو گەرمییەوە کە خورانی شوێنی پێوەدانی مێشوولەکە کەم دەکاتەوە. هۆکاری خورانەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لیکی مێشوولە لەکاتی هەڵمژینی خوێندا دەچێتە ناو لەش، جەستەش مادەی هیستامین دەردەدات و ڕەگەکانی خوێنبەر زۆر دەکرێنەوە، ئەو کرانەوەش دەبێتە هۆی خورانی شوێنەکە، بەڵام بەهۆی گەرمییەوە ڕەگەکان دەنیشنەوە و خورانەکە نامێنێت.

# کامێرایەکی چاودێری هەمیشەیی!




لەم سەردەمەدا کامێرای چاودێری بەراستی خزمەتێکی زۆری گەیاندووە لە بوارەکانی ئەمنییەتی و چاودێری و دۆزینەوەی تاوان و کەتنەکاندا. لەوکاتەوە کامێرای چاودێری بە بەرفرەیی هەیە، ڕێژەی تاوانەکان لە کەمی داوە.

کامێرا چاودێرییەکان پێویستیان بە بارگاوی کردن و میمۆری هەڵگرتن و تۆمارکردنی ڤیدیۆ و وێنەکانە، زۆربەی کامێرا چاودێرییەکان بەبێ بارگاوی کردن و وزەی کارەبا کار ناکەن و میمۆرییەکانیشیان سنووردارن. کامێرای جۆری eufyCam 3 جیاوازە لە هەموو کامێرایەك. لە تەواوی ساڵدا یەکجار بارگاوی دەکرێتەوە و داتاگە واتە میمۆرییەکەشی هەتا ٣ مانگ بەردەوام تۆمارکردن پڕ نابێت، خۆی ئۆتۆماتیکی ڤیدیۆکانی ڕابردوو دەسڕێتەوە.

خاڵی گرنگی کامێراکە ئەوەیە کە ئەندامانی شوێنی دیاریکراو دەناسێتەوە و تەنانەت هەرجۆرە جلوبەرگێکیان لەبەردابێ و ستایلشیان گۆڕابێ. دەتوانرێ یەك سنووری بۆ دیاری بکرێت بۆ ئەوەی بە وردی چاودێری یەك شوێن بکات. هەروەها هاپێکی لەگەڵدایە کە هەردوو کامێراکە پێکەوە دەبەستێتەوە و خۆی باترییەکی ١٣٠٠٠ میلی ئەمپێرە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر هەرکام لە کامێراکان پەنەڵی شەحنکردنەوە بە خۆڕی لەگەڵدایە. کامێرای ئاماژە بۆکراو لە ژیریی دەستکرد سوود وەردەگرێ و تەنیا ئەوکاتە فیلم هەڵدەگرێتەوە کە دیمەنێك یا شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوو دەدات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت هۆکاری چییە کیبۆردی لاپتۆپەکەم لەخۆوە تێکەڵی کردووە من پیتێك دادەگرم کەچی ئەو پیتی دیکە دەنووسێ، بۆ نموونە من پیتی (خ) دادەگرم ئەو پیتی (پ) دەنووسێ هەموو شتێك تێکەڵ بووە؟**

خوێنەری بەڕێز چەند ڕێگایەك هەیە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، یەکەم درایڤی کیبۆردەکەت لە بەشی device manager بسڕەوە و جارێکی دیکە لە ئینتەرنێت یەکێکی دیکە بهێنەوە. یان زمانی کیبۆردەکەت بگۆڕە. یا دەتوانی دوگمەی num lock دابگرە. بەڵام جار هەیە بە هەموو ڕێگاچارانەی ئاماژەم پێدان کێشەکە چارەسەر نابێت، ئەوکات دەبێت سیستەمی کۆمپیوتەرەکەت فۆرمات بکەیەوە.

# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوە و بلۆک کردنی ئێمێلە نەخوازراوەکان

کاتێك سندوق واتە بۆکسی ئیمێلەکەت دەکەیەوە چ ئیمیلی تایبەت بە یاهوو بێت (yahoo mail) یا تایبەت بە گوگڵ بێ وەك (Gmail) گەلێك ئیمێلی نەخوازراوت بۆ هاتوون. ئەو ئیمێلانە پێیان دەگوترێت Spam، گەلێك لە ئیمێلە سپامەکانیش هەڵگری ڤایرۆس یا پرۆگرامی سیخوڕین. بۆ ئەوەی لە کێشەی ئێمێلە نەخوازراوەکان رزگارت بێت، پرۆگرامی MailWasher Pro دابەزێنە سەر کۆمپیوتەرەکەت. پرۆگرامی ناوبراو گشت ئەو ئیمێلانەی بۆت دێن دەپاڵێوێ واتە فیلتەری دەکات و ئەوەی کێشەی هەبێت بلۆکی دەکات یان بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە. پێویست دەکات ئێملی دۆست و هاوڕێیان و شوێنی کار و ئەو شوێنانەی مەبەستتن بە پرۆگرامەکە ئاشنا بکەی، بۆ ئەوەی نەچنە ژێر فیلتەرەوە.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە:

- سڕینەوەی ئیمێلە نەخوازراوەکان بەر لەوەی دانلۆد بکرێن.
- دروستکردنی لیستی هاوڕێیان، دروستکردنی کتێبی ئێملەکان.
-دروستکردنی لیستی ڕەش.
- ناسینی زیاتر لە ٥ ملیۆن لە جۆرەکانی سپام و ڤایرۆس.
- نیشاندانی ئێملەکان بەر لە کردنەوەیان و گەلێك تایبەتمەندی دیکە.





# ئامێرێک چەندە بە سوود ئەوەندەش زیانبەخش

زۆر لەو ئامێرە دیجیتالیانەی بەرهەم دێن ئەگەر بەباشی سوودیان لێوەرنەگیرێت و بەکارهێنەری باشیان نەبێت، زیانەکانی زیاترە لە سوودەکەی.

ئامێری the m1 multi tool یەکێکە لەو ئامێرانە، ئامێرەکە گشت ڕیمۆت کۆنترۆڵێك کۆپی دەکات، بۆ نموونە ڕیمۆت کۆنترۆڵی تیڤی یا سەتەلایت یا سپلیت هەر ڕیمۆت کۆنترۆڵێك لە ماڵەوە هەبێت بە نزیك کردنەوە و داگرتنی دوگمەی پێکردن بۆ ماوەی چەند چرکەیەك، ئەوە ئامێرەکە کۆپی دەکات و دەکرێ وەك ڕیمۆتە ئەسڵیەکە بەکار بهێنرێت. هەتا ئێرە هیچ کێشە نییە. بەڵام ڕیمۆتەکە بەوەندە ناوەستێ و ڕیمۆتی سویچی هەموو ئۆتۆمبیلێکیش کۆنترۆڵ دەکات و تەنانەت ڕیمۆتی کردنەوەی دەرگاکانیش. لێرەدا دەکرێ زیانی زۆر بێت و ئەوانەی نیازی خراپیان هەبێت ئەو ئامێرە بەکار بێنن. ڕیمۆتەکانی سیستەمی بلوتوس، وای-فای، NFC, RFID بەبێ کێشە کۆپی دەکات. کارتە بانکییەکان بە زۆری لەسەر سیستەمی NFCین. لێرەدا دەبێ بڵێین ئامێرەکە دەبێت ئامێرێکی هاککەر و زیانبەخش تا ئامێرێکی بە سوود.



## ماڵپەڕێکی زیرەکیی دەستکرد کاری تایپ و وەرگێڕان ناهێڵێت

زیرەکیی دەستکرد، زۆر ئەرك و کار لە چنگ مرۆ دێنێتەدەر، یەکێك لەو ئەرکانە کاری وەرگێڕانە و دواتریش ئەرکی تایپ کردنە. زۆر ماڵپەڕ هەن تایبەتن بە تایپ کردن، هەروەها ماڵپەڕی تایبەت بە وەرگێڕانیش گەلێکن، بەڵام ماڵپەڕێك کە هەردوو ئەو ئەرکانە لەخۆیدا کۆکاتەوە کەمن. ماڵپەڕی gemini.google.com کە سەر بە کۆمپانیای گوگڵە لە خزمەتگوزاری ژیریی دەستکردی خۆی واتە «جیمنای»تایبەتمەندی نوێی زیاد کردووە، ئەویش کاتێك دەستنووسێك کەلەسەر کاغەز نووسیوتە بە ماڵپەڕەکەی دەسپێری لە دەستنووسەوە دەیکاتەوە بە دەقی تایپ کردن. هەروەها لەوکاتەشدا دەکرێت بڵێی ئەو دەقەم بۆ بە زمانێکی دیاریکراو وەربگێڕە.



# تەبلێتێکی مەزن لە جانتادا

تەبلێت یا لاپتۆپ یا هەر ناوێك کە خۆت دەتوانی بۆی دیاری بکەی لە جۆری apolo-sign packgo 27 بەراستی ناوازەیە، نازاندرێ تەبلێتی پێبگوترێ یا لاپتۆپ؟! چونکە مەزنە قەبارەکەی ٢٧ ئینجە و لە جانتایەکی تایبەت بەخۆیدایە کە جانتاکە وەك ستاندی تەبلێتەکەش بەکار دێت. سیستەمی ویندۆزی لەسەر نییە و سوود لە سیستەمی ئەندرۆید وەردەگرێ. دەکرێت لە دەرەوە و بەتایبەتی بۆ گەشت و گەڕان وەك تیڤی سوودی لێببیندرێ و لەوێوە سەیری فیلم بکرێ. هەروەها دەکرێت وەك ئامێرێکی گەیم بۆ منداڵان بەکاربێت. دەنگێکی بەهێزی هەیە و نیشاندانی لە جۆری 4Kیە. ڕامەکەی ٨ گیگابایتە و میمۆری ناوخۆی ٢٥٦ گیگابایتە. باترییەکی بەهێزی لەگەڵدایە و هەتا شەش کاتژمێر کارکردنی بەردەوام شەحنی دانابەزێت. سیستەمی دەنگی سێ ڕەهەندییە و لە هەموو لایەکەوە گوێت لێدەبێت.

# ئەیلاینەری دروست بەپێی ڕەنگی چاو:

ئەگەر بەدوای ئایلاینەرێکدا دەگەڕێیت کە گونجاو بێت، پێویستە بەر لە کڕینی ڕەنگی پێست و ڕەنگی چاوەکانت لەبەرچاو بگرێت، بۆیە لێرەوە بزانە ڕەنگی ئایلاینەرەکەت لەگەڵ ڕەنگی چاوەکات گونجاوە یان نا؟

**١- چاوی سەوز:** ئەگەر یەکێك بیت لەو چەند ملیۆن کەسەی لە جیهاندا چاویان سەوزە، ئەوا پێویستە بەدوای ئەیلاینەری بەنەوشەیی و شەرابیدا بگەڕێیت، چونکە ئەم ڕەنگانە وا دەکات سەوزیی چاوەکانت بدرەوشێنەوە و دەوروبەرەکەت بەجوانییەکەیان مەست بکەن.

**٢- چاوی شین:** بۆ ئەوانەی چاویان شینێکی کاڵ یان تۆخە، دەتوانن شینێکی تۆخ یان شاهانە تاقی بکەنەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەنگە شینەکەی چاوەکانتدا هاوئاهەنگ بێت، یان دەتوانیت ڕەنگی مسی کانزای گەشاوە هەڵبژێریت بۆ ئەوەی چاوەکانت بدرەوشێنەوە.

**٣- بۆ چاوی قاوەیی:** ئەگەر چاوت قاوەیی بێت بەختت زۆر ت باشە، چونکە دەتوانیت هەر ڕەنگێکی ئایلاینەر کە بتەوێت بەکاری بهێنیت، بەڵام ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت باشترینەکان هەڵبژێریت، ڕەنگێکی شینی کاڵی مەیلەو سەوز تاقی بکەرەوە.

**ئامادەکردنی:**
**شیلان عەلی**









# سیحری گوارەی وەنەوشەیی
# بە دیزاینێکی جوان و سەرنجڕاکێش

ڕەنگی وەنەوشەیی وەك هێمای جوانی و جیاکاری دەردەکەوێت، کاتێك ئەم ڕەنگە لە دیزاینەکانی زێڕینگەریدا لەگەڵ زێڕدا یەك دەگرێتەوە، تێکەڵەیەکی ئەفسوناوی دروست دەبێت کە دڵەکان دیل دەکات، با خۆمان بخزێنینە ناو جیهانی (ئەفسوناویی وەنەوشە) کە جوانی لەگەڵ داهێناندا یەك دەگرێتەوە.

زۆرێك لە خانمان ئەو گوارەیەیان پێ باشترە کە کەمێك شۆڕبێت و بە گوێوە هەڵواسرابێت، هەروەها بژاردەیەکی گونجاوە بۆ هەموو کاتێك، بەو پێیەی دەتوانیت ڕۆژانە لەگوێی بکەیت. دیزاینەکانی گوارەی وەنەوشەیی هەڵواسراو کە لە شێوەی باڵندەکانەوە وەرگیراون، ڕێگە بە دەربڕینی ئازادی دەدەن، و بەم جۆرە لەگەڵ ئەو خانمەدا دەگونجێت کە ژیان و ئازادیی بەبێ سنووردارکردن خۆش دەوێت.

یەکێك لە جوانترین دیزاینەکان کە دەتوانرێت ببینرێت ئەو گوارە درێژە هەڵواسراوانەن کە بە پلەی ڕەنگی نەرم دێت، وەك گواستنەوە لە ڕەنگی لاڤاندەری کاڵەوە بۆ بەنەوشەییەکی تۆخ. ئەم پلەبەندییانە برێك ڕەهەند و قووڵی بۆ گوارەکان زیاد دەکەن، ئەمەش وایان لێ دەکات کە بە پارچەیەکی هونەریی تەواو دەربکەون.

## شێوازی جۆراوجۆر بۆ لابردنی پەڵەی سەرچەف

• ئەو سەرچەفانەی لەسەر پێخەفن، یان ئەوانەی کە لەسەر قەنەفە و بۆ گەرمکردنەوەی جەستە بەکار دێن، بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە زوو پیس دەبن، ئەمەش پێویستی بە پاککردنەوە هەیە، بەشێك لەو قوماشانەی کە لە دروستکردنی سەرچەفدا بەکار دەهێنرێن، پێویستیان بە پاککردنەوە هەیە بە دەست بۆ ئەوەی زیانیان پێ نەگات.

• پەڵەی خواردن و خواردنەوە: ئەوجا پەڵەیەك بێت کە لە ئەنجامی خواردنەوەی قاوە لە جێگەدا دروست ببێت، یان پەڵەی خۆراك، سەرەتا هەر شلەیەکی زیادە بە خاولییەکی پاك یان کلینیکسێك بسڕەوە، پاشان برێکی کەم لە شلەی قاپشۆردنی سووك و ئاوی گەرم تێکەڵ بکە و بە نەرمی پەڵەکە بە گیراوەکەدا بشۆ بە بەکارهێنانی خاولییەکی پاك لە دەرەوە بۆ ناوەوە، دواتر بە ئاوی گەرم بیشۆ و وشکی بکەرەوە.

• پەڵەی پیسی و کەڕوو: زۆرجار بەهۆی شێ و نەبوونی هەواگۆڕکێی دروستەوە کەڕوو دروست دەبێت، بۆ لابردنی ئەو پەڵەیە سەرەتا بە پاککردنەوەی هەر کەڕوویەك بە فڵچەیەکی نەرم یان خاولییەکی قوماش دەست پێ بکە، پاشان بەشێك لە پاککەرەوە لەگەڵ سێ بەش ئاو تێکەڵ بکە، بیدە لە شوێنی پەڵەکە و چەند خولەکێك چاوەڕێ بکە، دواتر بە باشی بیشۆ.









## باڵانسی وەستانی بزنە کێویەکان بەسەر شاخەکاندا

لە بەنداوی سینگینۆ کە دەکەوێتە حەوت کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژئاوای ئانترۆنا شیرانکۆ لە پیدمۆنتی ئیتاڵیا، دەتوانیت هەندێك لەم بزنەکێوییە شاخاوییانە ببینیت کە بەسەر دیوارەکەدا سەردەکەون. بەنداوی Ci ngino Dam بە نزیکەیی ستوونییە، بەرزییەکەی ١٦٠ پێیە و ئەم جۆرە بزنە کێوییانە کە سەردەکەون لە چیاکانی ئالپی ئەوروپا دەژین، سمی نەرمیان هەیە بنی پێیان وەکو پێڵاوێکی لاستیك وایە، ئەمانە شاخەوانێکی ناوازەن، بەڵام سەیرکردنیان کە بەسەر ئەم دیوارە ستوونییەدا سەردەکەون زۆر سەرنجڕاکێشە!

## خۆشاردنەوە و خۆگونجاندنی گیانداران

هەندێك لە گیانداران بۆ خۆپاراستن لە گیاندارە دڕندەکان، هەموو ڕێگەیەك دەگرنە بەر، لەوانە: کۆچ، خۆشاردنەوە، هەڵاتن... بەڵام یەکێك لە بنەماکانی پەرەسەندن بۆ مانەوە خۆشاردنەوەیە، لەم وێنەیەدا دەبینین ئەم جۆرە باڵندە ناوەکەیان بە ئینگلیزی (Frogmouth birds) باڵندەی دەم بۆق، کە بە نزمی لەسەر لقی دارێك نیشتوون، وا دەردەکەون بەشێکن لە دارەکە، ئەمە نمونەیەکی نایابە لە پێکهاتەی پەڕی نهێنی و لاساییکەرەوە لەم باڵندانەدا.

## تۆڕباینی گەشتەوزە لە کوردستان دروست دەکرێت

دانا ڕەحمان، گەنجێکی زیرەك و خاوەن توانا و بەهرەیەکی زۆرە لە دروستکردن و داهێنان لە بواری میکانیك و تەکنەلۆژیادا، تا ئێستا چەندین پرۆژەی جۆراوجۆری هەیە، ئەوەی سەیرە خۆی دەرچووی زمانی کوردییە، بەڵام خولیای دروستکردنی کەرەستە میکانیکییەکانە، هەروەها چەندین داهێنانی هەیە کە لە جیهاندا لەلایەن زاناکانەوە کاریان لەسەر دەکرێت، دوا بەرهەمی دروستکردنی تۆڕباینی دروستکردنی کارەبایە بە بای بەهێز، ئەو داهێنانە بە گەشتەوزە ناسراوە، ئەو ئامێرە زیاتر لە وڵاتانی ئەوروپا دروست دەکرێت بە سوودوەرگرتن لە بوونی (با)ی بەردەوام بۆ دروستکردنی کارەبا، دانا ڕەحمان دەڵێت: «دوو تۆڕباینی گەشتیاریم دروست کردووە، خەڵك دەتوانێت ببیاتە سەیران ودەشتودەر،



# دراگۆن بەرەو بۆشاییگەری ئاسمان



دراگۆن تاقمێکی کەشتیی ئاسمانییە لەلایەن کۆمپانیای تایبەتی ئەمریکی بۆ گواستنەوەی بۆشایی ئاسمان (SpaceX)پەرەی پێ دراوە و بەرهەم هێنراوە. لە خولگەی هێلکەیی- ڕۆیشتنی بۆشایی ئاسمان ئەنجام دەدات، دوای ئەوەی Gemini11 گەیشتە ئاستی ١،٤٠٨ کیلۆمەتر بەرزی لە ڕۆژی دووەمی ئەرکەکەیدا، ڕیکۆردی خولگەی زەویی شکاند کە ٥٠ ساڵ لەمەوبەر تۆمارکرا بوو کاتێك گەیشتبووە بەرزی ١٣٧٣ کیلۆمەتر. کەشتی ئاسمانی دراگۆن توانای هەڵگرتنی حەوت سەرنشینی هەیە بۆ خولگەی زەوی و دوورتر. ئەمە تاکە کەشتییە لە ئێستادا توانای ناردن و گەڕاندنەوەی مرۆڤ و کەلوپەلی هەیە بۆ زەوی.

هەروەها یەکەم کەشتیی ئاسمانیی تایبەتە کە مرۆڤ بگەیەنێتە وێستگەی بۆشایی.

تاقمی Polaris Dawn توانیان بگەنە سەروو بەرزایی ١٤٠٠ کیلۆمەتر (٨٧٠ میل) لە زەوییەوە، سپەیس ئێکس و تیمی پۆلاریس داون دوای ئەم گەشتەی بۆشایی ئاسمان کە بە سەرکەوتوویی کە ئەنجام درا، لە بەرنامەیاندایە بۆ ساڵانی داهاتوو گەشتیار ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان بکەن.



هەروەها لەو شوێنەی کە کارەبای نییە و با لەوێدا بەهێزە، بۆ کارپێکردنی تەلەفزیۆن و ڕووناکی و شەحنکردنەوەی مۆبایل سوودی دەبێت، هەروەها دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی وزە بۆ ناوچە شاخاوییەکان کە بەردەوام با لەوێ هەڵدەکەن، دەشتوانم ئەو پرۆژە بە شێوەی گەورە دروست بکەم، کە تۆربایننە گەورەکە تا دە ئەمپێر کارەبا دەدات، ئەوەی دووەمیش کە جگە لە (با) بە وزەی خۆریش کار دەکات.



# مریشک و هێلکەی ڕەش

ڕەنگی مریشکەکان جۆراوجۆرن، بەڵام ڕەنگی هێلکە جێگیرە سپی و قاوەیی و هەندێ جاریش سووری کاڵ، لە ئێستادا جۆرە مریشکێك هێلکەی ڕەشیش دەکات، ئەمەش مریشکی ڕەشی ئەندەنوسیایە کە سەیرترین و گرانترین و دەگمەنترین جۆری مریشکە لە جیهاندا بە ناوی ”مریشکی لامبۆرگینی“ ناسراوە! نرخەکەی دەگاتە ٢٥٠٠ دۆلار و زۆر بەتامە. هەموو شتێك لەم مریشکەدا ڕەشە، بەبێ جیاوازی: پەڕ و دەنك و زمان و نینۆکەکانی و تەنانەت گۆشت و هێلکە و ئێسکەکانیش سەبارەت بە خوێنەکەی، سووری تۆخە، مەیلی ڕەشی هەیە.



## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا باس لە پێچەوانەی ئێستا ژیان و جیهان دەکات، کە ڕۆبۆتەکان خەریکی کتێب خوێندنەوەن و مرۆڤەکانیش خوویان بە ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا گرتووە.



## دیمەنە سەیرەکان

**پیاسەی سەر سەری یەکتر**

لە ساڵی ١٩٥٣ دوو یاریزانی سێرك وەکو ڕیکلام کردن و هاندانی خەڵك بۆ سەیرکردن و چوون بۆ سێرك بەو شێوەیە لە شەقامەکانی لەندەن دەسوڕانەوە.

## یاسا



**دزی کردن لە خێزان و منداڵ**

لەم حاڵەتەدا دەتوانیت ببیت بە شاهید لە دژی پیاوەکەت مادەم منداڵی هەردوکتانە . ئەگەر منداڵەکەت سکاڵا بکات دەتوانی شاهیدی بدەیت دژی پیاوەکەت، کێن ئەو کەسانەی ناتوانن شاهیدی دژی یەکتر بدەن، بەپێی مادەی ٦٨ لە یاسای بنەما دادگەریە سزاییەکان دوو کەس بۆیان نیە دژی یەك شاهیدی بەن: هاوسەر، هاوسەر نابێتە شایەتحاڵ دژی هاوسەرەکەی، مەگەر لە سێ حاڵەت نەبێت: ئەگەر تاوانەکە بەرامبەر یەکێك لە هاوسەرەکان بوو، ئەگەر تاوانەکە بەرامبەر پارەکانی یەکێك لە هاوسەرەکان بوو، ئەگەر تاوانەکە بەرامبەر منداڵی هاوسەرەکان بوو. دەبێ تاوانەکە لە لایەن هاوسەرەکەیەوە بەرامبەر هاوسەرەکەی تر کرابێ، نە دایك و باوك دەبێتە شاهید دژی نەوەکەی، نە نەوە دەبێتە شاهێد دژی دایك و باوکی مەگەر لە دوو حاڵەت نەبێت: ئەگەر تاوانەکە بەرامبەر یەکێك لە اصول و فروع کرابێت، ئەگەر تاوانەکە بەرامبەر پارەکانی کرابێت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

دەتوانیت بەسەر هەر گرفتێکدا زاڵ بیت کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووت دەبێتەوە، مەترسە لەوەی داوای یارمەتی لە کەسانی چواردەورت بکەیت، ئەگەر دەتەوێت بگەیت بە ئەنجامی پرۆژەکانت لەوە زیاتر دوای مەخە، دەرفەتی ئەوەت دەبێت بگەیت بە خەونەکانت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە لایەنی پیشەییەوە لەگەڵ ئەوەی پەستانێکی زۆرت لەسەرە، بەڵام پێویستت بە هەوڵدانی زیاتر هەیە بۆئەوەی بگەیت بە ئامانجەکانت، کۆنترۆڵی خۆت بکە و ئارام بگرە، ڕەنگە چەند بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەیت، بەباشی بیریان لێ بکەرەوە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ کەسە نزیکەکانت بکە کە دواتر دڵیان نەڕەنجێنیت و لە خۆتیان دوور نەخەیتەوە، هەوڵ بدە ڕەفتارت لەگەڵ خۆشەویستەکەت باشتر بکەیت، لە لایەنی پیشەییەوە سەرکێشی مەکە و کارەکەت مەخەرە مەترسییەوە، تەندروستیت جێگیرە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە لایەنی دەروونییەوە هەست بە باشی دەکەیت، لەگەڵ ئەوەی بە کاتێکی سەختدا تێپەڕیویت، بەڵام لەوە بەهێزتریت ڕێگە بدەیت کێشەکانی ڕابردوو بتڕوخێنێت، لە لایەنی سۆزدارییەوە ئەگەر هەست بە ئاسودەیی ناکەیت، کاتێکی باشە بۆئەوەی بڕیاری یەکلاکەرەوە لەسەر چارەنووسی خۆت و خۆشەویستەکەت بدەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بە هێمنی و لەسەرخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشانە بکە کە دێنە سەر ڕێگەت، توانایەکی زۆرباشت هەیە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی چواردەورت و توانای ئەوەت هەیە قەناعەتیان پێ بهێنیت، وشەی نەرم و جوان هۆکارە بۆ بەردەوامبونی پەیوەندیی سۆزداریت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣

متمانەکردن بە هەمو کەسێك دەتخاتە کێشەیەکی گەورەوە، توڕەییەکانت کۆنترۆڵ بکە و چاوەڕێ مەکە هەمو کارێك کە دەیکەیت بە خێرایی ئەنجامێکی باشی هەبێت، پێویستت بە ئارامگرتنە.

بۆ زانیاریت

## خانەکانی بەکتریا و گۆڕانکاری یادەوەری

توێژینەوەیەکی تازە دەریدەخات کە خانەکانی بەکتریا دەتوانن یادەوەری گۆڕانکارییە کاتییەکانی ژینگەی خۆیان بە درێژایی چەند نەوەیەك بە میرات بهێڵنەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەم گۆڕانکارییانە لە دی ئێن ئەی خانەکاندا کۆد نەکراون، بەڵام خانەکە هێشتا یادەوەریەکان بۆ چەند نەوەیەکی دواتردەگوازێتەوە. توێژەران لە زانکۆی تەکساس و نۆرپ وێستێرن، بۆیان دەرکەوت کە گۆڕانکاری کاتی لە ڕێکخستنی جینەکان دەتوانێت کاریگەری درێژخایەن لەسەر تۆڕی ڕێکخستنی خانەکان دروست بکات، کە دواتر بۆ نەوەکان دەگوازرێنەوە. ئەمە تەحەدای ئەو بۆچوونە تەقلیدییە دەکات کە دەڵێت تایبەتمەندی بۆماوەیی لە بەکتریادا تەنها بۆماوەییە. دەرەنجامەکان ئاماژە بەتوانای بەکارهێنانەکان دەکەن لە بوارە پزیشکییەکاندا وەك بەرەنگاربوونەوەی بەرگری دژە بەکتریا antibiotics لە ڕێگەی دەستکاریکردنی هەستیاری بەکتریا bacteria sensitivity لە ڕێگەی گۆڕانکاری ژینگەیی. توێژینەوەکە جەخت لەسەر گرنگی تێگەیشتن لە میکانیزمی non-genetic (پەیوەست نەبوو بەجیناتەوە) دەکات تەنانەت لە سادەترین زیندەوەراندا و ئاماژە بە کاریگەری فراوانتر دەکات بۆ توێژینەوە و بەکارهێنانەکانی لەبواری بایۆلۆجی.



## پەند و وتە

بلایس پاسکال، ماتماتیکزانی فەڕەنسی و فیزیاناس، نووسەری کاسولیك، لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کلیمۆنت لە فەڕەنسا لەداکیبووە و لە ساڵی ١٦٦٢ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی، ئازاری هەستەکان دەڵێ: ئەگەر بمانەوێت بەدەست هەستەکانمانەوە ئازار نەچێژین، پێویستە بە شێوەیەکی دروست بژین، وەك ئەوەی تەنیا (٨) کاتژمێر لە ژیانماندا ماوە و دەمرین، دەبێ بەم جۆرە قەدری ژیان بزانین.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا دوو دیمەنی جیاواز هەن، هەوڵدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا، هەردوو دیمەنی ناو وێنەکە دیاری بکەیت و بزانە چەند کەس دەبینیت.




## فیلم

### مانگی یاخی - Rebel Moon

دوای ئەوەی لە بەشی یەکەمی ئەو فیلمە زانستییەدا، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، بۆیە بەشی دووەمیشی بەرهەمهێنرا، باس لە گرووپێك دەکات لە بۆشایی ئاسمانەوە، بەرگری لەو کۆمەڵە شەڕانگێزە دەکەن کە دەیانەوێ زیان بە مانگ بگەیەنن، فیلمێکی زانستی و فەنتازیایە، لە نووسین و دەرهێنانی زاگ، ماوەی فیلمەکە (٢) کاتژمێر و (٢) خولەکە، لە نواندنی: سۆفیا بوتێلا، چارلی هانام، ئید سکرین، چارلۆت ماگی، جەیمۆن هانسۆ، میکیل هاوسمان.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بە بێ ئەوەی کەسانی چواردەورت بناسیت متمانە مەکە، ئەم ماوەیە دەتەوێت زیار کاتەکانت لە ماڵەوە بەسەر بەریت و پشوو بدەیت، لەوە زیاتر نهێنییە تایبەتەکانت مەدرکێنە، تەندروستییەکی باشت هەیە و مایەی نیگەرانی نییە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئەم ماوەیە لە دڵەڕاوکێیەکی زۆردا دەژیت، باشترە هۆکارەکەی بدۆزیتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەیت، بەختێکی باشت دەبێت، دەگەیت بەو شتانەی کە دەتەوێت، ئەم چەند ڕۆژە فشارکی زۆرت لەسەر دەبێت، بەڵام کاتییە و زوو تێدەپەڕێت.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کەسانی دیکە زۆر پشتت پێ دەبەستن، بێهیوایان مەکە و باشترین هەوڵی خۆت بدە، هەر گرفتێك کە دێتە سەر ڕێگەکەت لە لایەنی پیشەییەوە بە ئاسایی وەریمەگرە، بەرپرسیاریەتییەکی زۆرت لەسەر شانە، بە وریایی مامەڵە بکە.

**دووپشک ١١/٢١**

کەسانی دیکە گوێ بۆ وشەکانت دەگرن، هەوڵ بدە وشەی سوودبەخش بەکار بهێنیت بۆ ئەوەی کەسانی دیکە سوودت لێ وەربگرن، دوور بکەوەرەوە لە گفتوگۆی بێسود دەربارەی ئەو بابەتانەی هیچ دەرئەنجامێکیان نییە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

دەگەیت بەو ئامانجەی کە دەتەوێت و سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنیت، دڵخۆش دەبیت و ئاسوودە دەبیت، پەستانی پیشەیی کەم دەبێتەوە لەسەر شانت، لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانت هەڵدەدەیتەوە کە دوورە لە کێشە و گرفت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بە وزەیەکی زۆرەوە دەست بە ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەك دەکەیت کە دەتەوێت، ئەمەش ڕێگەی سەرکەوتنت بۆ دەکاتەوە، لە لایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت زۆر غیرە دەکات، لەبری ئەوەی گرفت دروست بکەیت هەوڵ بدە بە هێمنی گفتوگۆی لەگەڵدا بکە.







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly November 23, 2024 Issue,No.1431

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ریستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی ـ٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq

